

# ڕووماڵی ڕۆژنامەوانی

## تایبەت بە هەواڵی(تاوانکاری، ڕووداوەکان، دادگاکان)

عەبدولقادر صالح

ئەم کتێبە لە سەر ئەرکی کۆمپانیای( ئەتڵەس لایت )چاپکراوە

# رووماڵی رۆژنامەوانی

## تایبەت بە هەواڵی (تاوانکاریی ، رووداوەکان ، دادگاکان)


مافپەروەر
عەبدولقادر صالح
دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتیدا



٢٠١٦

# بەناوی خوای جوانکاری بونەوەر

**ناوی کتێب:** رووماڵی رۆژنامەوانی تایبەت بە هەواڵی (تاوانکاریی رووداوەکان، دادگاکان).

**نووسەر:** عەبدولقادر ساڵح

**تایپ و دیزاین:** باوکی مینو

**نەخشەسازی بەرگ:** ئەکرەم محمد ئەمین

**تیراژ:** ٢٥٠ دانە

**ساڵی:** ٢٠١٦

**نۆبەتی چاپ:** چاپی یەکەم

**ژمارەی سپاردن:** لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ژمارە (      ) ی ساڵی ٢٠١٦ پێدراوە.

**زۆر سوپاس بۆ کۆمپانیای (ئەتڵەس لایت) کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ ، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.**

**نوسەر**

# پێشەکی

**دکتۆر سامان فەوزی**

ئەگەرچی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی زیاتر لە (١١٤) ساڵی تێپەڕاندووە، بەڵام رۆژنامەگەری وەك پیشەیەکی بەربڵاو و کاریگەر لە وڵاتی ئێمەدا مێژوویەکی ئێجگار کۆنی نییە بە بەراورد لەگەڵ پیشەکانی دیکەدا... بۆیە بەردەوام پێویستە لێکۆڵینەوەی تازەی لەسەر ئەنجام بدرێت و هەموو ئەو رەهەند و روانەشی کە قسەی کەمتری لەسەر کراوە، تیشکی زیاتری بخرێتە سەر، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی خودی رۆژنامەگەری جیاواز لە زۆربەی پیشەکانی دیکە گۆڕانکاری خێرای بەسەردا دێت و پێویستە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا یاساکانی پەیوەست بەو بوارەش گۆڕانکاری تیا ئەنجام بدرێت.

کۆنترین و گرنگترین ئەرکەکانی رۆژنامەگەری بریتییە لە گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ، جا چ ئەو هەواڵانە سیاسی، یا وەرزشی، یا کۆمەڵایەتی و ئابووری، یان هەر هەواڵێکی دیکە بێت کە بەلای خەڵکییەوە گرنگە و ناچێتە نێو ئەو هەواڵانەی کە رێگا لە بڵاوکردنەوەیان دەگیرێت، وەك هەواڵەکانی پەیوەست بە ژیانی تایبەتی کەسەکان، یا هەواڵە نهێنییەکانی دادگا و نەخۆشخانەکان، یا هەواڵە نهێنییەکانی سوپا و دەزگای هەواڵگری کە بڵاوکردنەوەیان زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی دەگەیەنێت.

هەواڵەکانی دادگا و تاوان لە کۆنترین جۆری ئەو هەواڵانەن کە لەگەڵ دروستبوون و تەشەنەسەندنی رۆژنامەگەریدا گرنگییان پێدراوە و هەندێکجاریش لاپەڕەی یەکەمیشی بۆ تەرخانکراوە، بەهۆی ئەوەی کە تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کاریگەریشی بەسەر تاك و کۆمەڵگاوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە لەرووی دەروونیشەوە خەڵکی حەز بە گوێبیستی و خوێندنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە دەکەن، چونکە رەگەزەکانی سەرنجڕاکێشی و جیاوازی و تازەیی لە پاڵ مەرج و رەگەزەکانی دیکەی هەواڵی تێدایە.

بەڵام لە پاڵ ئەو سەیرکردنەی ڕاگەیاندکار و ڕۆژنامەنووسان بۆ هەواڵی تاوان و دادگاکان و کارگەرییان لەسەر پڕفرۆشی ڕۆژنامەکان، یاساناسان و لێکۆڵەرەوەکانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی قسەی جیاوازیان هەیە و لە دیوێکی دیکەوە دەڕواننە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دادگا و تاوانەکان، ئەوان لایان وایە، کە پێویستە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە کاریگەری خراپی بەسەر ڕەوتی دادگاییکردندا نەبێت و هۆکارێکیش نەبێت بۆ بڵاوبوونەوی ترس و دڵەڕاوکێ و لە هەمان کاتدا بە پاڵەوان ناساندنی تاوانبار بە جۆرێك کە کەسانی دیکەش چاولێکەری بکەن، یاخود دەڵێن نابێت بڵاوکردنەوەی هەواڵی دادگا ببێتە هۆی ناوزڕاندنی تۆمەتبارەکان کە هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندان و ڕەنگە بەبی گوناه دەربچن، بەڵام ئەوکاتە چۆن کاریگەری ئەو هەواڵە بڵاوکراوە لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا دەڕەوێتەوە و کەسەکە دەگەڕێنرێتەوە نێو ژیانی ئاسایی خۆی، لە کاتێکدا ڕۆژنامەکان وەك تاونبارێك بە خەڵکییان ناساندووە.

ئەم لێکۆڵینەوە کە بە ناوی (**ڕوومالّی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە هەواڵی تاوانکاریی، ڕووداوەکان، دادگاکان**)ە، بەشێکە لەو هەوڵانەی کە دەیەوێت تیشك بخاتە سەر لایەنێکی لێڵ و ئاڵۆزی ڕۆژنامەگەری کە تاوەکو ئێستا وڵاتان بە شێوازێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئامادەکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بەڕێز (عەبدولقادر سالّح)، قەڵەمێکی دیار و نووسەرێکی خاوەن ئەزموونە و بەر لەم لێکۆڵینەوەیەشی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی دیکەی بە چاپ گەیاندووە، کە من خۆم هەست دەکەم ئەگەر خەمی نان و کاری ڕۆژانەی بهێڵێت، دوای چەند ساڵێکی دیکە لەسەر ئاستێکی بەربڵاوتر خۆی بە کۆمەڵی کوردی دەناسێنێت، لەبەر ئەوەی هەموو سیفاتەکانی نووسەری باشی تیا شك دەبەم لە ڕاستگۆیی و مرۆڤدۆستی و بیری قووڵ و خوێندنەوەی چڕ و زمانزانی و سەبر و هەناسە درێژیی نووسین و...هتد.

هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیە هەنگاوێکی دیکەی ئیشکردنی جدی بێت بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، بە جۆرێك دەرگاکانی ئازادی

زیاتر و زیاتر والاّ بکرێت بۆ زیاتر بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گشتی و مافی خەڵکی لە زانین و دەسکەوتنی هەواڵەکان و دەرگاکانی خراپ بەکارهێنانی ئەو ئازادییەشی کە تەنها مەبەست لێی ناوزڕاندن، یا پارە پەیداکردن و بەتاڵکردنەوەی رق و بوغزی کەسی حیزبی و دەرچوون لە مەرجەکانی رەخنە و هەواڵە، تەسك و تەسکتر بکرێتەوە.

**دکتۆر سامان فەوزی**

**٢٠١٢/٥/٩**

## وتەیەکی پێویست

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە پێ بەپێی لەگەڵ مرۆڤەکان هەنگاوی ناوە و گۆڕانکاری لە شێواز و میکانیزم و کاریگەرییەکانیدا روویداوە، ئەوەش وایکردووە کە ببێتە بابەتێکی جێگە گرنگی خەڵکی و بەردەوام هەوڵدانیان بۆ ئاگاداربوون لەو تاوانانەی لەنێو کۆمەڵگاکەیاندا روودەدات، تا لەلایەك بتوانن خۆیانی لێ بپارێزن و لەلایەکی دیکەش وەك حەزێکی مرۆیی کە بەردەوام دەیەوێت ئاگاداری رووداوە و گۆڕانکارییە دراماتیکەکانی دەوروبەری بێت.

لەدوای پەیدابوونی هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە و لە بەرەنجامی پەیوەستبوونی ئەم بابەتە بە ناواخنی کۆمەڵگاکانەوە، هەر بە خێرایی توانی جێ پێی خۆی بکاتەوە و لە میانەی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە رۆڵ و نەخشی خۆی بگێڕێت و ببێتە بابەتێکی ئەوتۆ کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە گرنگییەوە پەیجوری زانین و ئاگاداربوونی بن.

هەواڵەکانی تاوانکاری و رووداوەکانی کۆمەڵگا هەواڵگەلێکن کە بە هیچ شێوەیەك لە کەناڵەکانی راگەیاندن نەبڕاون و تەنانەت رۆژ دوای رۆژ زیاتر ئامادەییشیان هەبوو و بە چەشنی جۆراوجۆر دەرکەوتوون، تاوای لێهاتووە لە دونیا رۆژنامەگەریدا ئەم جۆرە هەواڵانە ببێتە بەش و پایەیەکی گرنگ و کەرەستەیەکی بە نرخ لە پێکهاتەی هەواڵە بڵاوکراوەکانی رۆژدا و خەڵکی بە تامەزرۆییەوە بەدوایدا بگەڕێن و بیخوێننەوە. بێگومان لەگەڵ پەرەسەندنی هۆکارەکانی راگەیاندن سەرهەڵدانی میدیای نووسراو و بیستراو بینراو تا دەگاتە کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت، لە بەرامبەریشدا رووماڵکردنی ئەم جۆرە هەواڵانە گرنگایەتی خۆیان نەك هەر لەدەست نەدا، بەڵکو زیاتر بوونە ئەمری واقیع و حەز و خولیای رۆژنامەنووسان و بە گرنگییەوە میدیاکان هەوڵی دەستخستن و بڵاوکردنەوەیان داوە.

له هەرێمی کوردستانیش له بەرەنجامی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی دونیا راگەیاندن و بەردەستبوونی میدیا جۆراوجۆرەکان بە خوێنراو، بیستراو، بینراوەوە تا دەگاتە تۆڕەکانی ئینتەرنێت، هەموو ئەمانە وایکردووە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانەش لەگەڵ خۆیدا بە گوڕ و تین و بەرفراوانییەوە بهێنێت و رۆژانە هەواڵی تاوانکاریی و رووداوەکان و هەواڵی دادگاکان لە کەناڵە میدیاییەکانەوە ئامادەیی بەرچاویان هەبێت، بێگومان ئەمەش وا دەکات پێویستمان بەوە هەبێت هەڵوێستە لەسەر بنەما و بنچینەکانی رووماڵکردنی ئەم جۆرە هەواڵانە بکەین و سنوور و میکانیزەکانی شرۆڤە بکەین.

ئەوەی لێرەدا خراوەتە روو، کورتەباسێکە دەربارەی چۆنییەتی رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە تاوانکاریی و رووداوەکان و هەواڵەکانی تایبەت بە دادگاکان کە هەموویان پەیوەستن پێکەوە و دەشێت لە کۆی هەموویدا ناوەڕۆکی بابەتەکەمان بۆ پێکبهێنن، هیوادارم لەم هەنگاوەدا توانیبێتمان خزمەتێکی بچووکمان بە دونیا رۆژنامەگەری کوردی بەگشتی و هونەری هەواڵسازیی بەتایبەتی کردبێت لە رووماڵکردنی ئەم جۆرە هەواڵانەدا.

هەروەك جێگەی خۆیەتی لێرەدا سوپاس و پێزانینی خۆم دووپات بکەمەوە بۆ تەواوی ئەو کەسانەی لەم بوارەدا هاوکاری و یارمەتیدەربوون، بەتایبەت بەڕێزان کاك (دکتۆر سامان فەوزی عومەر)، کە سەرپەرشتی بابەتەکەی کرد و پێشەکی بۆ نووسی و برای ئازیزم کاك (بەکر حەمە سدیق) پارێزەر و رۆژنامەنووس، کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە بە سەرنجە ورد و جوانەکانی بابەتەکەی زیاتر دەوڵەمەند کرد، هەروەها زۆر سوپاسی برای خۆشەویستم کاك (ئەکرەم محمد ئەمین) دەکەم کە وێنەی بەرگی کتێبەکەی بۆ کێشام و هیوای سەرکەوتن و تەمەندرێژییان بۆ دەخوازم.

**مافپەروەر**

**عەبدولقادر ساڵح**

# هەواڵی ڕۆژنامەنووسی

## چەمك و پێناسەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی

هەواڵی ڕۆژنامەنووسی وەك تەنها وەسفێکی ئاسایی نەماوەتەوە بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو کە جێگەی گرنگیپێدان بێت، بەڵکو بووەتە پیشەسازییەکی تایبەت و دیاریکراو کە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی، ئەم پشەسازییە ڕۆژنامەنووسییە چەندین فاکتەر هاتۆتە ناوییەوە و کارلێکی لەگەڵ دەکەن و بەشداری دەکەن لە پێشخستنی ئامراز و هۆکارەکان و ڕێگەکانی گەیاندنی بە جەماوەر.

پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ و ئامادەکردن و دابەشکردنی چەندین قۆناغی گەشەکردنی تێپەڕاندووە، کە هاوشانی شۆڕشی پەیوەندیی و زانیارییەکان بووە، بەم جۆرەش دەبینین کە پرۆسەی هەواڵسازیی بەرەو ئاڵۆزیی ڕۆشت و بەپێی ئەو جیهانەی لێوانلێو بوو لە ململانێی ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئەمیش شوێنەواری ئاشکرای لەسەر دەرکەوت.

نیوەی دووەمی سەدەی بیست جۆرەها فۆرمی نوێ لە شێوازی نووسینی هەواڵ سەری هەڵدا و لە هەمان کاتدا تێڕوانینەکانیش لەسەر هەواڵ و پێناسە و چەمکەکەی گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینی، تەنانەت بەجۆرێك بوو کە پرۆسەی ئامادەسازیی هەواڵ بوو بە پیشەیەکی ورد و ئاڵۆز کە بە تەنها لە وەسفکردنێکی ئاسایی ڕووداوەکان تێپەڕی و سەرەنجام بوو بە پرۆسەیەکی ورد کە هۆکار و ئامراز و شێواز و فەلسەفەی تایبەت بە خۆی بۆ دروستبوو.

پێناسەی هەواڵ بە شێوازی جیاواز لە کتێبەکانی ڕۆژنامەنووسیدا نیشاندراون، بەڵام زیاتر بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە تا لە چەمکە گشتییەکەیدا یەك بگرنەوە، کە ئەویش بریتییە لە وەسفی ڕووداوێکی هەنووکەیی جێگە گرنگیپێدانی دەوروبەر، ئەم چەمکە و بەم چەشنە چەند سەدەیەکی تێپەڕاند و بەو شێوازەی چەسپاو مابووەوە کە لە زهن و بیری نووسەرانی تایبەت بە هەواڵ و پەیامنێران و ئەوانەی

ئەركی سەرشانیان لە رۆژنامەكاندا بریتی بوو لە گەیاندنی ئـەو رووداوانـەی لـە دەوروبەردا دەگوزەران.

هەندێك لەو كەسانەی پێناسەی هەواڵیان كردووە، دەڵێن "هەواڵ مادەیەكە لـە گـرنگترین مادەكـانی رۆنامەنووسـی، لەلایەكـەوە جێگـە گرنگیـی خوێنەرانـە و لەلایەكی دیكەشەوە جێگە گرنگیی رۆژنامەكەیە و بە داهاتێك لـە داهاتـەكانی سەروەتی رۆژنامەكە دادەنرێت"[١].

یان بەم جـۆرە پێناسـەی هـەواڵ كـراوە "هـەواڵ = دەنگوبـاس: ئـەو چـالاكی و رووداوانەن كە روویان داوە و خەڵك مەبەستیانە بیـانزانن...، یـان وتـراوە هـەواڵ: هەندێ لەو رووكارانەی چالاكیی مرۆڤایەتییە كە بۆ رای گشتی گرنگە و سـوودی پێ دەگەیەنێت و شتی نوێ دەخاتە پاڵ زانیارییەكانی"[٢].

هەندێكی دیكەی نووسەران دەڵـێن، هـەواڵ "بریتییـە لـە هـەواڵێك دەربـارەی واقیعێك، یان رووداوێك، كە تازە بەتازە روویداوە و دەگوازرێتەوە بۆ كەسێك، یـان كەسانێك كە پێشتر زانیارییان دەربارەی نەبووە"[٣].

بەم جۆرەش دەتوانین بلێین هەواڵ بڵاوكردنـەوەی هـەواڵ دەربـارەی واقیعێـك یـان رووداوێك و وا ئیفتراز دەكرێت، كە پێشتر روویدابێت، لەم بەرەنجامەشەوە چـەمكی هەواڵ ناچێتە نێو سكێچی (پێشـبینی)كردنـەوە، چـونكە پێشـبینیكردن تـەنها وێناكردنێكە كە لەسەر بنەمایەكی بابەتی، یان واقیعێكی مادی دروست نـەبووە، لەبەر ئـەوە گـەر كەسـێك هـەواڵی واقیعێكـی پەیوەسـت بـە داهـاتوو، یـاخود خەملاندنێكی بڵاوكردەوە بۆ كەسانی تر، بە هەواڵ نادرێتە قەڵـەم. هـەروەها بـەو

---

[١] الدكتور عبداللطيف حمزة، المدخل فی فن التحرير الصحفی، الطبعة الثانية، دار الفكر العربی، ص٥٦.

[٢] جەمال عەبدول، فەرهەنگی راگەیاندن، ئنگلیزی –عەرەبی- كوردی، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی ٢٠٠٦، ل٤٤٠.

[٣] الدكتور محمد عبدالطيف عبدالعال، جرائم النشر المضرة بالمصلحة العامة، دارالنهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٩مطبعة النسر الذهبی، ص٥٧.

پێودانگەی کە هەواڵ تایبەتە بە واقیعێك، کەواتە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان هەواڵەکـە و خوێندنـەوەی هەواڵەکـە، چـونکە خوێندنـەوەی (تعلیـق) هـەواڵ سەرچاوەیەك نییە بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی تاوانکاری، تەنها لەو حاڵەتەدا نـەبێت کە خودی واقیعەکە پێچەوانەی راستی بێت[1].

---

[1] الدکتور محمد عبدالطیف عبدالعال، المصدر السابق، ص٥٧،٥٨.

# تیۆرەکانی بڵاوکرنەوەی هەواڵ

مەبەست لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەر ئاراستەی و بیروڕایەك بەجۆرێك خوێندنەوەی بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە، لێرەدا بەکورتی گرنگترین ئەو ئاراستانە دەخەینە روو کە سەبارەت بەم مەسەلەیە بیروڕایان دەربڕیوە:

**ئاراستەی یەکەم:**

ئەم ئاراستەیە ئامانجی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ کورت دەکاتەوە لە وروژاندنی خوێنەر، یان گوێگر، یاخود بینەر، ئەمەش بە زۆری ئاراستەی ئەو رۆژنامانەیەیە کە زیاتر میللین و بەشێوەیەکی فراوان بڵاو دەبنەوە و جەماوەرێکی گەورەیان هەیە.

لەبەر ئەوەشی کە خوێنەران ئامانجی یەکەم و کۆتایی ئەم ئاراستەیەن، واتای ئەوەیە کە ئەوان (خوێنەران) دەتوانن جۆری هەواڵی رۆژنامەکە ئاراستە بکەن و پشکی گەورەیان هەبێت لە هەڵبژاردنی هەواڵەکاندا، بێگومان لەو رەگەزە گرنگانەی کە زیاتر حەزی خوێنەری هەواڵ دەبزوێنێت، بریتین لە نامۆیی و دراماتیکی، هەروەها رەگەزەکانی سێکسی و تەمومژی و ناوبانگ و بیروباوەڕ و کاروباری شەخسی.

**ئاراستەی دووەم:**

ئاراستەی موحافیزەکارە، لەم ئاراستەیەدا میدیا سەیری هەندێك رەهەندی دیکە دەکات، جگە لە رەهەندی ئاراستەی یەکەم کە بریتییە لە گرنگیپێدانی وەرگرەکان، لەو رەهەندانەش کە ئەم ئاراستەیە گرنگی پێ دەدات:

١- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی: گەر بێت و بەرژەوەندی گشتی رووبەڕووی رەگەزەکانی وەك نامۆیی و دراماتیکی و سێکس بووەوە، ئەوا بەرژەوەندی گشتی

له بەرامبەریاندا بە هەندوەردەگیرێت. بەو واتایە لێرەدا کاتێك رەگەزەکان دەکرێنە قوربانیی بەرژەوەندی گشتی، ئەوا قوربانیی دەدرێت بە قازانجێکی ماددی، کە لەو رەگەزانەوە دەستی ئەو کەناڵە دەکەوێت.
٢- دەبێت خودی ماددە رۆژنامەنووسییەکە (ئیتر وتار بێت، یان هەواڵ) رێبەریی تاکەکان بکات و فێری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بکات و رۆشنبیری و رێنموونییان لەو بارەیەوە بداتێ.
٣- دەبێت ئەو ماددە رۆژنامەنووسییە لەگەڵ رێساکانی دابونەریت و حەزی گشتیدا بگونجێت و پێچەوانەی یاسا نەبێت.
لەسەر ئەم بنەمایەش لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە دان نانێن بەو بنەمایەی کە دەڵێت: ئەوە پێشکەشی خوێنەرەکانت بکە، کە حەزی لێ دەکەن... بەڵکو وای بۆ دەچن کە ئەرکێکی گەورە کەوتۆتە ئەستۆی رۆژنامەکان کە ئەویش بریتییە لەوەی کە لەنێو ناخی خوێنەرەکانیاندا ئەوە بچێنن تا گرنگی بدەن بە هەواڵی گرنگ و مەسەلە گشتییەکان، بەم جۆرەش لای ئەم ئاراستەیە هەواڵی رۆژنامەنووسی پێناسەیەکی تری هەیە و بریتییە لە "هەموو شتێك کە خوێنەر گرنگی پێدەدا و پەیوەندییەکی ئاشکرای هەیە بە کاروباری شەخسی و کۆمەڵایەتی، هەروەها پەیوەندییەکانی تاك بە دەوڵەتەوە".

**ئاراستەی سێیەم:**

ئەم ئاراستەیە زیاتر رۆژنامە و کەناڵەکانی ئێستای راگەیاندن (رۆژنامەگەری هاوچەرخ) لەسەری دەڕۆن، هەروەك دەڵێن هەواڵ کائینێکی زیندووە، بە پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگا ئەویش گەشە دەکات و پێش دەکەوێت. لەبەر ئەمە لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە پێیان وایە سیاسەتی راستەقینەی هەواڵ لەوەدا نییە لەسەر یەك رێگە چەق ببەستێت، بەڵکو لە گەشەکردن و نوێبوونەوەدایە بە گەشەکردن و نوێبوونەوەی کۆمەڵگاکان و گۆڕانی کۆمەڵگاکان و هەلومەرجی

ژیانیان، واتای ئەمەش بەکورتی بریتییە لەوەی کە لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا لەنێوان هەردوو ئاراستەکەی پێشوودان کە باسکرا.

بە کورتی رۆژنامەگەری هاوچەرخ دەکرێت بکەوێتە ژێر کاریگەری ئاراستەی سێیەم لە ئاراستەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم ئاراستەیە چەند سیفات و تایبەتمەندییەك لەخۆ بگرێت:

١- سیفەتی جۆراوجۆریەتی: واتە نابێت رۆژنامە، یاخود کەناڵی راگەیاندن تەنها یەك جۆر تام چێژ ببەخشێتە (بیسەر، خوێنەر، بینەر)، بەڵکو پێویستە سفرەو خوانەکەی چەندان تاموچێژی جۆراوجۆری تێدابێت، تا هەموو موتابیعێك بە حەزی خۆی بەشی پێویستی خۆی وەربگرێت.

٢- سیفەتی گشتگیری: ئەمەش ئارەزوویەکی نوێیە لە رۆژنامەگەریدا، بەم سیفەتەش کەناڵەکە دەتوانێت ئاسۆیەکی فراوانی هەبێت و هەموو ئەو داتایانە بخاتە روو کە پەیوەستن بە شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی خۆیەوە، هەروەها شوێنە دوورەکانیشەوە. خوێنەر و موتابیعی کەناڵەکانیش پێویستییان بەم جۆرە هەواڵانە هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا و لە هەمان کاتدا ئەو هەواڵانەی کە سیفەتێکی جیهانییان هەیە، پێگەیەکی فراوان داگیر دەکەن لە کەناڵەکانی راگەیاندا[١].

---

[١] الدکتور صالح شاکر وتوت، الخبر الصحفی، مجلة (اهل البیت) التی تصدر عن جامعة اهل البیت فی کربلاء، العدد الاول، السنة الاولی ٢٠٠٤، www.ahlulbaitonline.com

# بەشەکانی هەواڵ

**هەواڵ لە چوار بەش پێکدێت:**

**یەکەم: ناونیشان**

دەکرێت ناونیشان لە چەند رستەیەك پێك بێت، کە هەندێکیان ناونیشانی سەرەکین و هەندێکی تریشیان ناونیشانی لاوەکین، پێویستە ناونیشان هەرەگرنگترین بابەتی هەواڵەکە لەخۆ بگرێت، چونکە زۆرجار خوێنەر تەنها ناونیشانی هەواڵ دەخوێنێتەوە...

**دووەم: پێشەکی**

کورتەیەکی ئاسان و سەرجەم رەگەزە گرنگەکانی بابەتی هەواڵەکەی تێدایە، ئەم پێشەکییە لە هەرەگرنگترین بەشەکانی هەواڵە، کە دروست دەکرێت و چەقی قورسایی هەواڵەکەیە و لە برگەیەکدا دادەڕێژرێت کە نابێت لە (٣٠) وشە زیاتر بێت و تیایدا کورتەیەکی بابەتەکە و ئاشکراکردنی ناوی کەسەکان و شوێن و لایەنە پەیوەندی دارەکان لەخۆ دەگرێت و هەرە خاڵی سەرنجڕاکێشی هەواڵەکەی تیا نیشاندەدرێت لەگەڵ دوایین گۆڕانکاری رووداوەکە، کە جێگەی گرنگیی خوێنەر بێت و سەرنجی بەلای خۆیدا رابکێشێت...

**سێیەم: پەیکەری هەواڵ**

وردەکاریی رووداوەکانی نێو هەواڵەکە، یاخود پەیکەری هەواڵەکە ئەو بەشەیە کە وردەکار زیاتری هەواڵەکە لەخۆ دەگرێت و هەر بەشێك لەو وردەکارییانە توێژێکی هەواڵەکە پێکدێنێت، هەر بەشێکی رووداوەکە لە یەکەیەکی تەواوبوودا نیشان دەدات کە لە ئەڵقەیەکدا رێکخراوە و تیایدا بەپێی گرنگیی هەواڵەکە لە زۆر گرنگەوە بۆ گرنگ داڕێژراوە و دێتەخوارەوە...

**چوارەم: پاشخانی هەواڵ**

بریتییە لەو بنەما سەرەکییانەی کە بووەتە مایەی ڕووداوەکە، یان ئەو گۆڕانکارییە پێشوەختییانەیە کە دەرەنجام ڕووادوەکەی لێ کەوتۆتەوە، لێرەدا دەتوانین دابەشی بکەین بۆ چەند بڕگەیەك و تیایدا هەریەك لەو بڕگانە بەشێك لە ئەوەلییاتی ڕووداوەکە و بنەماکانی لە یەکەیەکی تەواوکاریدا لەخۆ دەگرێت، دیارە ئەمەش بەپێی گرنگایەتی دادەڕێژرێت.

لە بەرەنجامی ئەزموونی هەواڵسازیی و ئەو پرۆسە و قۆناغانەی پیایدا تێپەڕیوە، دەتوانین بڵێین هەواڵی تێرووتەسەل ئەوەیە، کە بتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١- کی ؟.. کی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکەدا گێڕاوە؟

٢- کەی؟.. ڕووداوەکە کەی ڕوویداوە؟

٣- لە کوێ؟... ڕووداوکە لە کوێ ڕوویداوە؟

٤- چی؟... چی ڕوویداوە؟

٥- چۆن؟... چۆن ڕوویداوە؟

٦- بۆچی؟... ئەوەلییات و پاشخانی ڕووداوەکە، بۆچی ڕوویداوە؟

جێگەی سەرنجە پێویست نییە کە لە هەواڵێکدا سەرجەمی ئەو شەش پرسیارە وەڵام بدرێتەوە، بەڵام هەواڵنووسی ڕۆژنامەوانی هەمیشە هەوڵ دەدات هەواڵەکەی گەرەنتی زۆرترین وەڵامدانەوە بکات بەو پرسیارانە... هەروەها پێویستیش نییە لە سەرجەم هەواڵەکاندا پاشخان هەبێت، بەڵکو هەواڵ هەیە بێ پێشینەیە و تەنانەت گەر باسیش بکرێت و لای خوێنەر ئاشکرابێت، ئەوا زەرورەت نییە لە باسکردنیدا[1].

---

[1] الدکتور صالح شاکر وتوت، المصدر السابق.

## هەواڵی تاوان و ڕووداوەکان

هەواڵی تاوانکاریی، یا ڕووداوەکان، بریتییە لە ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕووداوێك یـا تاوانێك، کە وەرگر دەتوانێت لێی تـێ بگـات و هەمیشـە سـیفەتی هەنوکـەیی و تازەیی هەیە، ئەوەندەیشی کە هەواڵەکە وروژێنەر بێـت، ئـەوا بەقـەدەر ئـەوەش گرنگایەتی زیاتر دەبێت.

**ڕەگەزە سەرەکییەکانی بریتین لە:**

**١ـ وردەکـاری:** سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئامـادەکردنی هەواڵەکـە لـە ڕووبـەرێکی بەرتەسکدایە، بەڵام نابێت ئەمە کار بکاتە سەر وردەکاری هەواڵەکە.

**٢ـ هاوسەنگی و دادگەری:** دەبێت ئەوەی هەواڵەکە دەگوێزێتەوە، ماف بە هەموو پیتیك بدات بە قەدەر خۆی، بەجۆرێك کـە هـیچ جـۆرە ڕاسـتییەك لا نـەبات لـە هەواڵەکەدا، یا زانیاری هەڵەی تێکەڵ نـەکات، یـا بییـەوێت جـەماوەر چەواشـە بکات، هەروەها نابێـت دەسـتەواژەگەلێکی تێـدا بێـت کـە دەلالـەت بکـات لـە لایەنگری یەکێك لە لایەنەکانی ناو هەواڵەکە.

**٣ـ کورت و پوختی:** مەبەست لەم کورت و پوختییە نابێت لەسەر حسابی واتـای هەواڵەکە بێـت، واتـە دەبێـت هەواڵسـاز هـەواڵێکی کـورت و پوخـت لـە ڕووی بابەتییەوە دابڕێژێت و سەر نەکێشێت بۆ شتی لاوەکی و شەخسی تر.

**٤ـ ڕوون و ئاشکرایی:** ئەم جۆرە هەواڵانە بابەت نین بەقەدەر ئەوەی کـە ئـامرازی ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتەن کە ڕوویداوە.

**٥ـ لەخۆگرتنی ئەوەی بەلای خەڵکییەوە گرنگە:** گرنگیدان بەم جۆرە هەواڵانە بە قەدەر گرنگییەتی لە ژیانی خەڵکیدا.

## بەها هەواڵییەکان لە هەواڵی رووداو و تاوانکاریدا

**١-کاریگەری:**

ئەو رووداوانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی خەڵکی، بریتین لەو هەواڵانەی کە لەپێشن بۆ بڵاوکردنەوە.

**٢-هەنووکەیی:**

دواکەوتن لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە، رۆژنامەگەری دەگۆڕێت بۆ مێژوو.

**٣-نزیکایەتی:**

هەواڵی ئەو رووداوەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا روودەدات، ئەوا بەلای خودی کۆمەڵگەکە خۆیەوە گرنگترە وەك لە کۆمەڵگەیەکی دیکە.

**٤-ململانێ:**

ئەو رووداوانەی کە لە بەرەنجامی ململانێوە روودەدەن لەنێوان دوو لایەندا، ئەوا گرنگایەتییەکی زۆر وەردەگرن.

**٥-نامۆیی:**

رووداوە نامۆکان لە واقیعی کۆمەڵگادا هەمیشە لە پێشەوەی گرنگی پێدانەکانن.

## بوونیاتی هەواڵەکانی رووداو و تاوانکاری

هەواڵی رووداو و تاوانکاری لەسەر چوار پایەی سەرەکی دامەزراوە، کە بریتین لە:

١- پێشەکی،کە پێکدێت لە بیرۆکەی سەرەکی هەواڵەکە و لە پێشەکیدا دەبێت کرۆکی هەواڵەکە بخرێتە روو، تا وا بکات لە وەرگر بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی تەواوی هەواڵەکە.

٢-زانیاری پاڵپشت و زیادە بۆ سەر پێشەکییەکە.

٣-پاشخان، یا باکگراوندی پێویست کە زانیاری کۆن و پەیوەست بە رووداوەکەوە لە خۆی بگرێت.

٤- زانیاری سەرنجراکێش کە جەماوەر دەیەوێت لێی شارەزا بێت.

## ئەو تاوان رووداوانەی کە لە میدیاکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، دابەشدەبن بۆ چوار گرووپ:

**گرووپی یەکەم:**

رووداوەکانی کوشتن و دزیکردن و رووداوەکانی تری دەستدرێژیی کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا روودەدەن.

زیادەڕەویکردن لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە، تێکچوون و شڵەژان لەناو خەڵکیدا بڵاو دەکاتەوە و نیشانە بە لە گرێژنە دەرچوونی باری ئاسایش دەکات، بەتایبەت بەلای ئەوانەی دەروون لاوازن، هەروەك بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری بێ بڵاوکردنەوەی سزاکان، یا دەستگیرکردنی تاوانکاران زیانی گەورە بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت و بە خراپ بەسەر رۆڵی هێزە ئەمنییەکان و دەسەڵاتی دادوەریدا دەشکێتەوە.

**گرووپی دووەم:**

تاوانەکانی دەستدرێژیکردنە سەر بەها باڵاکانی کۆمەڵگا

**گرووپی سێیەم:**

رووداوەکانی رێگەوبان و هاتوچۆ و رووخانی باڵەخان و ئاگرکەوتنەوە و هەموو ئەو رووداوانەی دیکە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکانی کە کەمتەرخەمی، یا گەندەڵی نیشان دەدات لە جێبەجێکردنی دەستەبەری سەلامەتی بۆ هاولاتییان.

**گرووپی چوارەم:**

تاوانەکانی هاوپێوەند بە سیستمی فەرمانڕەوایەتی، وەك هەواڵی تایبەت بە گرووپە تیرۆریستییەکان و ئەوانەی کە دژ بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا کار دەکەن.

## رەگەزەكانی
## رووماڵكردنی رۆژنامەوانی

كۆمەڵە رەگەزێك هەن كە پێویستە لە كاتی رووماڵكردنی ئەم جۆرە هەواڵانەدا لەلایەن میدیاكانەوە لەبەرچاو بگیرێن، كە بریتین لە:
١.ئەو كەسانەی كە پەیوەندییان بە تاوان یا رووداوەكەوە هەیە.
٢. ئەو شوێنانەی كە تاوان یا رووداوەكەی تیا روویداوە.
٣. ژمارەی قوربانییەكان.
٤. قەبارەی زیانەكان.
٥. ئەو رەوش و باردۆخە نا سروشتییانەی كە تاوان، یا رووداوەكەی تیا روویداوە.
٦. لایەنە مرۆیی یا عاتیفییەكانی هاوپەیوەند بە تاوان، یا رووداوەكەوە.
٧. سروشتی دراماتیكی تاوانەكە.
قورسایی تاوانەكە لە میدیاكانەوە دەكەوێتە سەر بنەمای بەها و قورسایی هەریەك لەم رەگەزانە كە هەواڵەكە پێكدێنن.

## جۆرەكانی رووماڵی رۆژنامەوانی

**یەكەم: روماڵی رۆژنامەوانی لە رێگەی پێكەوەژیانەوە:**
لەم جۆرەدا رووماڵی هەواڵەكە لە رێگەی پێكەوەژیانی پەیامنێر یا رۆژنامەنووسەكەوە دەبێت لەگەڵ ئەو گرووپ و كەسە تاوانكارانەی كە تاوانەكەیان ئەنجامداوە، ئەم شێوازە بوار دەڕەخسێنێت بۆ ناسینی تاوانەكە لە نزیكەوە، بەڵام هەندێك كۆسپ و دژواری هەیە وەك زۆریی تێچوونی ماددی و كۆتوبەندی یاسایی لەبەردەم ئەم شێوازەدا.
**دووەم: رووماڵی خودی (ذاتی):**
ئەم شێوازە بریتییە لە دانپێدانانی ژمارەیەك لە تاوانباران بە هەندێك لەو كارانەی كە كردوویانە لە ژیانی تاوانكارییاندا و نەگەیشتووە بە دەزگاكانی

پۆلیس و دادگاکان، لە گرنگترین مەرجەکانی ئـەم جـۆرە رووماڵکردنـە، ئەوەیـە نابێت رۆژنامەنووس ئاماژەی روون و ئاشکرا بکات بە کەسی تاوانبار و دەبێت لـە تاریکیدا یا تەنها لە رێگەی دەنگەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**سێیەم: رووماڵکردن بۆ حاڵەتە تاوانکارییە دیارەکان:**

ئەم رووماڵکردنە زیاتر پەیوەستە بەو تاوانانەی کە دیـار و ئاشـکران یـا ئـەوەی ناودەبرێت بە تاوانی رەسمـی، کـە بـریتین لـە کۆمەڵـە تاوانێـك تیایـدا ئەوانـەی تێـوەگلاون، ئاشـکرا دەبـن و دەکەونـە دەسـتی هێزەکـانی پـۆلیس و لەبـەردەم دادگاکاندا دەوەستێنرێن. ئەمەش رووماڵکردنێکی تۆمارکراوە بۆ تاوانێك کـە بـە تەواوی روویداوە.

**چوارەم: رووماڵکردنی حاڵەتەکانی تاوانکاری شاراوە:**

مەبەست لە شاراوەیی تاوان، ئـەو جۆرانـەن کـە زۆر دژوارە لەلایـەن پۆلیسـەوە دەست ڕابگات پێیان، لەکاتێکدا میدیاکان دەتـوانن هەنـدێك لایـەنیان ئاشـکرا بکـەن، لـە نموونـەی ئـەم جـۆرە تاوانانـەش تـاوانی (غسـيل الأمـوال) و تـاوانی ئەلیکترۆنی کە پێویست بە هەوڵ و تێکۆشانی هونەری زۆر دەکات بۆ گەیشتن بـە ئەنجامدەرانی.

## سەرچاوەکانی رووماڵی هەواڵی تـاوانکاری، یا رووداوەکان:

١- بەش و هۆبەکانی پۆلیس و تۆمارەکانیان.

٢- لایەنەکانی لێکۆڵینەوەکردن لەسەر رووداو، یا تاوانەکە.

٣- پارێزەران.

٤- دادگاکان.

٥- تاوانلێکراو و شایەتەکان.

٦- خەڵکی بە گشتی.

## جۆرەکانی کاری رۆژنامەوانی

## لە بواری بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانەدا.

جگە لە هەواڵی رۆژنامەنووسی، هەندێك جۆری دیکەی شێوەی رۆژنامەوانی هەیە کە بەکاردێن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری و رووداوەکان لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە:

**١/ لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی:**

جۆرێکە لە هەواڵی سەربەخۆ کە چارەسەری بەشێك لە واقیعی تایبەتی تاوانەکە، یا رووداوەکە دەکات و ناسراوە بە برێکی زۆر باش لە گشتگیری و رۆچوونە ناو قوڵایی، لە بنەڕەتدا متمانە دەکاتە سەر شیکردنەوە و شرۆڤەکردن و کەڵکوەرگرتن لە رەگەزەکانی دیکە، وەك: زانیاری، گێڕانەوەی و وەسف و گفتوگۆ و لەسەرنووسین.

**٢/ راپۆرتی رۆژنامەوانی:**

راپۆرتی رۆژنامەوانی تاوانێك یا رووداوێکی دیاریکراو دەخاتە روو، بەبڕێك لە وردەکارییەوە و متمانە دەکاتە سەر دوو رەگەز: ١- خودی بوون/ کە بریتییە لە تێڕوانینی رۆژنامەنووس بۆ رووداوەکە، یا تاوانەکە. ٢- بابەتیبوون: بریتییە لە زانیاری و راستییەکانی ناو رووداوەکە یا تاوانەکە.

**٣/ لەسەر نووسین (تەعلیق)ی رۆژنامەوانی:**

ئەم جۆرە بیروبۆچوونێکی روون و ئاشکرا و دیاریکراوی رۆژنامەنووسە بەرامبەر رووداوێك یا تاوانێکی دیاریکراو لەخۆی دەگرێت، هەروەك شایەت و بەڵگەی جۆراجۆریش لە خۆی دەگرێت، کە پشتگیری لە بیروبۆچوونەکە دەکات تا قەناعەت بە جەماوەر بهێنێت.

**٤/ گفتوگۆی رۆژنامەوانی:**

ئەم جۆرە متمانە دەکاتە سەر گفتوگۆ وەك شێوازێك لەپێناو دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، یا شیکردنەوە، یا شرۆڤەکردنی دیاردەیەك، یاخود تاوانێکی دیاریکراو،

بەمەبەستی ئاشکراکردنی بۆ جەماوەر لە ڕێگەی گفتوگۆ، یا جۆرەکانی دیکەی گفتوگۆی هەواڵیی، گفتوگۆی کەسایەتییەکان، گفتوگۆی بابەتەکان.

**٥/ وتاری ڕۆژنامەوانی:**

زیاتر جۆرێکی فیکرییەوە و چارەسەری کێشە و ڕووداو و دیاردەکان دەکات بە شێوازی تیۆریزەکردن، وتار تەنها ئەو واقیعە بەکاردەهێنێت کە بە پێویستی دەبینی بۆ پشتگیرکردنی بیرۆکە دیاریکراوەکەی، بەواتای ئەوەی کە بنەڕەتی وتار بریتییە لەو بیرۆکەیە[١].

---

[١] مقدم د. عبدالمحسن بدوى محمد أحمد، استراتيجيات ونظريات معالجة قضايا الجريمة والأنحراف فى الوسائل الأعلام الجماهيرى .(ص ٨-١٦ ) سنة ٢٠٠٥ . جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية/ مركز الدراسات والبحوث، الندوة العلمية للاعلام والأمن...

# بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوان

## كورتەیەك دەربارەی بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوان

مەبەست لە بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوان و ڕووداوەكان، ئەو هەواڵانانەن كە پێش گەیشتنیان بە دادگاكان و كردنەوەی دۆسییە بۆیان، بڵاو دەكرێنەوە، یاخود گەیشتوون بە دادگاكان، بەڵام لە زەمینەی ڕووداوەكەوە باسی لێوە دەكرێت و بڵاودەكرێتەوە، نەك لە ڕێگەی دادگا و لێكۆڵینەوەكانییەوە، زیاتر تیایاندا تۆمەتبار و كاراكتەری ئەنجامدانی تاوانەكە نادیارە و نەچووەتە سكێچی ڕەسمی و یاساییەوە، بڵاوكردنەوەی ئەمجۆرە هەواڵانە ، هەرچەند لە هەرێمی كوردستانی وەك پێویست نەبووەتە جێگەی مشتومڕ و بابەت لەسەر نووسین و توێژینەوە، بەڵام لە وڵاتێكی وەك میسر سەرەڕای ئەوەی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە بڵاوكردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە بوونیان هەیە و تەرخانكراون بۆ بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوانكاری ، لە هەمانكاتدا جەدەلێكی زۆریشی بەدوای خۆیدا هێناوە دەربارەی ڕەوایەتی بڵاوكردنەوەی هەواڵی ئەو تاوانانەی كە لە كۆمەڵگادا ڕوودەدەن و پاشان دەخرێنە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەكان یان لە میدیاكانی دیكەوە بڵاودەكرێنەوە و موتابەعە دەكرێن.

لە ساڵی ١٩٩٢ لە وڵاتی میسر یەكەم ڕۆژنامەی تایبەت بەم بوارە لەژێر ناوی (اخبار الحوادث) لەلایەن (مؤسسة الاخبار اليوم) دەرچوو و ئێستاش چەندین ناونیشانی تری ڕۆژنامە لەو وڵاتە بەرچاو دەكەوێت، هەر لە ناوەكانی، وەك: (الجريمة، جريمة اليوم، اسرار الجريمة، جرائم المحافظات، الحادثة، حديث المدينة، الاوفوكاتو، دموع الندم...)، تا چەندین ناو و جۆری تر لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە كە بەدوای هەواڵی تاوان و ڕووداوەكاندا دەگەڕێن و بڵاوی دەكەنەوە[١].

---

[١] محمد ابوزيد، صحف الجريمة فی المصر... بين الواقع والخيال، جريدة الشرق الاوسط، عدد ٩٨٦١، ٢٠٠٥/١١/٢٧.www.asharqalawst.com

بەهەرحاڵ بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوان لـە هەنـدێك وڵاتـدا بووەتـە جێگـەی پێشبڕكێی میدیاكان، ئەمەش پاش ئەوەی بۆیان دەركەوت كە هاوڵاتییـان چـەندە مەستی ئەم جۆرە هەواڵانـەن، نـەك هێنـدەش تەنانـەت لـە بڵاوكردنـەوەی ئـەم هەواڵانەشدا ململانێ لەنێو لاپـەڕەكانی رۆژنامەیەكیشـدا دروسـت دەبێـت، كـە زیاتر هەوڵدەدرێت بەشی سەرەكی و پێشـەوەی لاپـەڕەی یەكـەم بـۆ خـۆی داگـیر بكات[١].

زۆرێك لە ناوەندەكانی توێژینەوەی تایبەت بـەم بـوارە، ئامـاژە بـەوە دەكـەن كـە بڵاوكردنەوەی هەواڵـەكانی تـاوان و كـارە توندوتیژییـەكان بوونەتـە فاكتـەرێكی بەرچـاو لـە زیـادكردنی رێـژەی تـاوان لـەنێو كۆمـەڵگادا، لـەم بارەیەشـەوە مامۆستایەكی زانكۆی كۆلۆمبیا دەڵێت "گەر زیندان بریتیبێت لە زانكۆیەك بـۆ فێركردنی تاوان، ئەوا تەلەفزیۆن بریتییە لە قوتابخانەی ئامادەیی بۆ لەڕێ لادانـی لاوان، ئەمەش واتای ئەوەیە كە زۆربەی تاوانباران لە رێگەی تەلەفزیۆنـەوە فێـری ئەنجامدانی تاوان بوون". هەندێك لێكۆڵینەوەش لە ئیسپانیا دەریان خستووە، كـە (٣٩٪)ی ئەو لاوانەی لەڕێ لایان داوە، زانیارییان لە تەلەفزیۆنەوە وەرگرتـووە لـە چۆنییەتی ئەنجامدانی تاوانەكانیان.

لەلایەكی دیكەشـەوە و لـە میانـەی لێكۆڵینەوەیـەكی رێكخـراوی یۆنیسـكۆدا دەربارەی سەیركردنی منداڵ و مێردمنداڵی وڵاتانی عەرەبی، هـاتووە كـە قوتـابی لەو تەمەنەدا (٢٢ هەزار) سەعات لەبەردەم تەلەفزیۆن دادەنیشن، لە كاتێكـدا و لەو قۆناغەی تەمەنیدا تا دەگاتە ١٨ساڵی (١٤ هەزار) سـەعات لـە هۆڵـەكانی وانە خوێندندا دادەنیشن[٢]، كاتێكیش ئەو دەزگا گرنگەی راگەیانـدن هەڵدەسـتێ

---

[١] محمد عمر، الصحافة والجريمة تغطية تعوزها المهنية وتفتقد خارطة الطريق، www.ammannet.net فی ٢٢/١٢/٢٠٠٥.

[٢] استاذ الدكتور محی الدين عبدالحليم، المشكلة تكمن فی اسلوب نشر خبر الجرائم والاحداث، جريدة (الشرق) القطری عدد الاربعاء ٢٠/٦/٢٠٠٧. www.al-sharq.com.

بە بڵاوکردنەوەی تاوان و هەواڵی تاوان، ئەوا بێگومان کاریگەری گەورە دەنوێنێت لەسەر زۆربوونی ڕێژەی تاوان لەو کۆمەڵگایانەدا، ئەمەش وای کردووە تا لێکۆڵینەوە و کۆڕ و سیمینار دەربارەی ئەم باسە ساز بکرێت و تاوتوێی لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی ئەم کارە بکرێت، ئاکامیش بەوە گەیشتووە، کە پێویستە مامەڵەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ هەواڵەکانی تاوان و ڕووداوەکاندا دەبێت لە هەناوی واقیعێکەوە بێت کە بگونجێت لەگەڵ بەهای کۆمەڵگەدا، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی ستراتیژییەتێکی ڕاگەیاندنی دروست دەبێت بۆ بڵاوکردنەوە کە لەسەر بنەمایەکی زانستی و پێوەرە بابەتییەکان دامەزرابێت و پەیڕەوی کۆمەڵە ئالییەتێکی پێشکەوتوو بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگوچەڵەمانە، چونکە کاتی ئەوە نەماوە لەژێر سێبەری شۆڕشی پەیوەندییەکان و تەکنۆلۆجیای زانیارییەکاندا، جەماوەر بەجێ بهێڵین تا ببێتە نیچیرێکی ئاسان بۆ لەگرێژنە دەرچوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پابەند نەبوون بە دیسپلین و پێوەری ئیتیکی کاری ڕاگەیاندنەوە.

لەسەر ئەم بنەمایەش پێویست دەکات چارەسەری ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان و ڕووداوەکان بەپێی کۆمەڵە دیسپلینێکی ورد بێت و بارودۆخی کۆمەڵگا و سایکۆلۆژییەتی جەماوەر و یاسا و تەشریعاتەکان بەهەند وەربگرێت، لەپێناو دوورکەوتنەوە لە ڕۆچوونە نێو شەرەف و ئابڕوو و کەرامەتی کەسەکان و تاوانبارکردنیان بەهەڵە و تاوانکار و گومان دروستکردن لەسەر کەسایەتییان و زیادەڕەویکردن لە دەرخستنی تاوانەکاندا... خۆگەر تاوان هەروەك نووسەری ئەمریکی (والتەر لیبمان) دەڵێت: پارچەیەك بێت لەو ژیانەی ئێمەی تێدایین، ئەوا مەترسی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانەکەوە نایەت، هێندەی ئەوەی مەترسی لەوەدا دێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بگۆڕێن بۆ دادوەر و هەواڵدەر و جێگری داواکاری گشتی، چونکە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان پێویستی زۆری بە وریایی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم دەزگایانە وەك ئاوێنەی کۆمەڵگا دێنە ژماردن و مافی جەماوەریشە حەقیقەتەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە

بزانێت...[١] لەپێناو ئەوەشی رووبەڕووی گـرفتی یاسـایی نەبینــەوە، وا پێویسـت دەكات دەزگاكانی رۆژنامەنووسی گرنگی بە بواری یاسایی ئـەو هـەواڵ و باسـانە بدەن كاتێك دەیانەوێت بڵاوی بكەنــەوە، ئەمــەش لــە رێگـەی دانـانی راوێـژكاری یاسایی لەو دامەزراوە رۆژنامەنووسییانەدا، تا بڕیاری كۆتایی بدات لەسـەر ئـەو باسانەی بڵاو دەكرێنەوە و دڵنیابن لەوەی پێچـەوانەی یاسـای وڵات نییـە و ناتـەبا نایەتـەوە لەگـەڵ یاسـاكانی رۆژنامەنووسـی بەشـێوەیەكی گشـتی...[٢] لەگـەڵ ئەمەشدا باشتر وایـە كـادێری پسـپۆڕی رۆژنامەنووسـی لـە بـواری هەواڵـەكانی تاواندا هەبێت لەنێو ئـەو دەزگایانـەدا، ئەمــەش وادەكـات كـاركردن لـە بـواری بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاواندا بەشێوەیەكی دروست و گونجـاو بـەڕێوە بـڕوات، ئەو دامەزراوە و دەزگا راگەیاندنانە دەتوانن ئـەوجۆرە كادێرانـە لەمیانــەی خـولی تایبەت بـەم بـوارە پـێ بگەیـەنن و ئامادەیـان بكـەن، تـا بتـوانن بەشـێوەیەكی سەركەوتووانە بە كارەكانیان هەستن[٣]، ئەمەش لەلایەك وردەكـاریی پێویسـت و دروست دەسـت دەخـات، كـە گونجاوبێـت بـۆ بڵاوكردنــەوە و لەلایـەكی دیكـەش دامەزراوەكەی لە گرفت و تەنگوچەڵەمەی یاسایی دەپارێزێت.

---

[١] استاذ الدكتور محى الدين عبدالحليم، المصدر السابق.

[٢] فيروز زيانى، الاعلام العالمى وتغطية اخبار الجرائم، قناة الجزيرة الفضائية، برنامج (كواليس) ٢٠٠٦/٩/٢١.

[٣] بشاير عويض الديحانى، اعلام الجريمة هل يؤدى الى الفضيلة ام الرذيلة؟ www.al-forqan.net.

## مشتومڕەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاریی

بیروبۆچوونەکان دەربارەی هیچ باسێکی نێو بواری ڕۆژنامەگەری جیاواز نەبوون، هێندەی ئەوەی کە دەربارەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان جیاوازییان هەبووە، کە ئایا تا چەند لەخزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵگەدایە؟ لەلایەن خۆیانەوە زانایانی کۆمەڵناس و دەروونناس لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ ئەم مەسەلەیە دەڕوانن و لەلایەکی دیکەشەوە پیاوانی یاسا و ئیدارییەکان لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە سەرنجی دەدەن، لەکاتێکدا بڵاوکارەکان و خاوەن ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان بە جۆرێك و لەگۆشەنیگای سێیەمەوە سەیری دەکەن و لەلایەن خۆشییەوە کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەکانییەوە تێڕوانینی تریان هەیە دەربارەی ئەم باسە... بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بیروبۆچوونەکان لەم بارەیەوە دابەش دەبن بۆ بیروڕای لایەنگر لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە، لەگەڵ ئەو بیروڕایانەی نەیاری بڵاوکردنەوەین، لەو نێوەشدا بیروڕای سێیەم هەیە کە بیروبۆچوونێکی تەوافوقییە و بەشێوەیەکی هاوسەنگ بۆ مەسەلەکە دەڕوانێت، کە لێرەدا ئاماژە بەو بیروبۆچوونانە دەکەین:

**یەکەم:**

**لایەنگرانی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری**

لایەنگرانی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاریی بڕوایان وایە کە بڵاوکردنەوەی تەواوی هەواڵەکان کارێکی بەکەڵك و بەسوودە بۆ ئاگاداربوونی تاکەکانی کۆمەڵگا، تا بزانن چی لە کۆمەڵگاکەیاندا دەگوزەرێت و ڕوودەدات، ئیتر ئایا هەواڵەکان دڵخۆشکەربن یا پێچەوانەکەی، لە تێڕوانینی ئەم گرووپەوە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری بەشداری دەکات لە بەدیهێنانی وشیارییەکی جەماوەری دەربارەی قێزەونیی کاری تاوانکاریی و دواجاریش کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانکاری، کە دەکرێت لێرەدا بیانوو و پاساوەکانی ئەم گرووپە لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم/** میدیاکان ئاوێنەی کۆمەڵگایە و دەکرێت سەرجەم ئەو ڕووداوانەی تێدا تۆمار بکرێت کە لەو کۆمەڵگایەدا ڕوودەدات، کاتێکیش تاوان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات، ئەوا ئەرکی سەرشانی میدیایە تا تۆماری بکات و بڵاوی بکاتەوە بەو مەبەستەی خەڵکی ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگاکەیان ببن، وەگەرنا میدیا کەموکورتی نواندووە لە بەرامبەر وەرگرەکانی و کۆمەڵگا بەگشتی لە گەیاندنی پەیامەکەی، کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان و نەشاردنەوەی لە خەڵکی.

**دووەم/** هەواڵەکانی تاوان، هەموو ڕاستییەکانی تایبەت بەو تاوانە دەدات بە جەماوەر و بەو جۆرەش کۆمەڵگا لە بەرامبەریدا ڕێوشوێنی پێویست دەگرنە بەر، ئەمەش پاش لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی لەپێناو دووبارە نەبوونەوەی لە داهاتوودا، هەروەها چارەسەرکردنی هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو تاوانە، بەڵام گەر میدیا تاوانەکانی شاردەوە، ئەوا کۆمەڵگا لەم کاتەدا بە چەشنی نەعامەی لێدێت، کاتێك سەر دەکات بە نێو خۆڵدا و وادەزانی گەر ئەو ڕاوچی نەبینی، ئەوا ڕاوچیش ئەو نابینێت.

**سێیەم/** زۆربەی خەڵکی کاتێك ناویان لە میدیاکاندا و لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانێکدا بڵاودەکرێتەوە، ئەوا دەترسن و هەڵدەلەرزن، لەبەر ئەوەشە دوودڵ دەبن لەوەی کاتێك بیانەوێت تاوانێك ئەنجام بدەن و دەترسن لەوەی ئاشکرا ببن و ناویان لە میدیاکاندا بڵاوببێتەوە و ناویان بزڕێت.

**چوارەم/** میدیاکان ڕەوشتی تاوانکاران و فێڵ و تەڵەکە و شێوازە جۆراوجۆرەکانیان لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا ئاشکرا دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی ناسراون بە داهێنانکاری و نامۆیی و زیرەکی لە بواری ئەنجامدانی تاواندا، ئەمەش وا دەکات تا جەماوەر بەئاگا بێت لەو جۆرە شێوازە تاوانکارییانە و ڕێوشوێنی پێویست دەگرنە بەر بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەکەونە نێو داوی تاوانبارانەوە...

**پێنجەم/** میدیا هەندێك جار دەگاتە هەندێك زانیاری و راستی کە پیاوانی پۆلیس دەربارەی تاوانەکە پێی نەگەیشتوون، ئەمەش لە رێگەی پەیوەندی رۆژنامەنووسان بە تاوانباران و خزم و هاورێ و تەنانەت هەندێك جاریش تێکەڵ بوون لەگەڵیاندا... زۆرجاریش وا رێ دەکەوێت ئەو کەسانە راز و نهێنی تەواوی رووداوەکە دەدەن بە رۆژنامەنووس، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە رۆژنامە لە هەندێك باردا دەتوانێت هاوکاری پیاوانی پۆلیس بکات...[1].

**شەشەم/** بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، یارمەتی مناڵان دەدات تا چاکە و خراپە لە یەکتر جیابکەنەوە پێش ئەوەی بچنە نێو کەند و کۆسپەکانی ژیانەوە، لەگەڵ ئەوەی خەڵکیش بە گشتی دڵنیا دەبن لە رەوتی دادپەروەری[2].

**حەوتەم/** رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە تاوان نابێتە هۆی کەمبوونەوەی رووداني ئەو تاوانانە و بڵاوبوونەوەی و جوڵە نەکردنی میدیاش لەم بوارەدا، بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە جەماوەر بێبەش دەکات لە زانینی مەترسییەکانی...[3].

---

[1] موحازەرەیەکی مامۆستا سامان فەوزی عومەر دەربارەی (نشر اخبار الجرائم والمحاكم)، کە بە خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی وتووەتەوە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧.

[2] ابراهيم احمدالشمسي،نشر اخبار الجريمة... جدل لا ينتهي، www.emasc.com في ٢٠٠٦/٢/٢١.

[3] مبارك رضوان، اخبار الجرائم.. مدرسة لجرائم الغد ام عبرة من جرائم الامس، ٢٠٠٧/٣/٢، www.yemen-press.com

**دووەم:**

**نەیارانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری**

ئەم گرووپە بڕوایان وایە، کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاریی برەودانە بە خودی تاوان و ئەنجامدانی لەناو کۆمەڵگادا، بەتایبەت کاتێك تاوانەکە بە شێوەیەکی دراماتیکی و تەشویقی لەلایەن میدیاکانەوە رووماڵ دەکرێت، هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری بەتایبەت هەواڵەکانی لاقەکردن یارمەتیدەر نییە بۆ سنووردارکردنی ئەنجامدانی تاوان و بڵاوبوونەوەی وشیاری لەسەر مەترسییەکانی، بەڵکو ئەو بڵاوکردنەوەیە زیاتر دەبێتە هۆی وروژاندنی غەریزە و رەمەکی تاکەکان، بەتایبەت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە دەستدرێژیی سێکسی کاتێك رۆژنامەنووس بە وردی تیشك دەخاتە سەر وردەکاریی تاوانەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی برەودان و تەشویقکردنی خودی تاوانەکە، وەك بە قێزەون نیشاندانی و دواجار بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە ئەنجامی پێچەوانە دەدات بەدەستەوە[1]، دەکرێت بیانوو پاساوەکانی ئەم گرووپەش بۆ بڵاونەکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم/** رۆژنامەکان بەشێوەیەکی خراپ و زیانبەخش هەواڵەکانی تایبەت بە تاوان بڵاودەکەنەوە، بەو واتایەی کە وێنایەکی هەڵە و شێوێنراوی رووداوەکە دەخەنە بەردەست و زیادەڕەوی تێدا دەکەن و لە پێگەی تاوانباران بەرزدەکەنەوە و هەندێك جار دەیانخەنە ئاستی پاڵەوانەکانەوە، ئەمەش وادەکات تا گەنج و لاوان لاساییان بکەنەوە و شوێنیان بکەون بەمەبەستی دەستخستنی پاڵەوانیەتییەکی ساختە و ناوبانگێکی درۆ کە لە میدیاکان بۆیان بڵاوکراوەتەوە.

**دووەم/** میدیا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان، نائارامی لە بیری کۆمەڵگادا دروست دەکات دەربارەی تاوان و بەو جۆرەش متمانەکردن بە بەها باڵاکان و نەریتە پەیڕەوکراوەکان و بیروباوەڕە بۆماوەییەکان کەم دەکاتەوە...

---

[1] أخلاقيات نشر الجريمة، د. السيد بخيت: http://www.jadeedmedia.com/2012-04-25-18-40-36/118-2012-04-20-18-42-43.html

**سێیەم/** هەواڵەکانی تایبەت بە تاوان، تاوانباران بە هەوڵەکانی پۆلیس و شێواز و هۆکارەکانیان ئاشنا دەکات لە چۆنییەتی قۆڵبەستکردنی تاوانباران و خستنە نێو داویانەوە، ئەوەش وا دەکات تاوانباران بزانن چۆن خۆیان لە فێڵ و شێوازەکانی کاری هێزەکانی پۆلیس بپارێزن.

**چوارەم/** میدیاکان دەست وەردەدەنە کاروباری دادوەرییەوە، ئەمەش لە رێگەی دەرکردنی حوکمی پێشوەخت بەسەر ئەوانەی تۆمەتبارکراون بە ئەنجامدانی تاوان کە پێچەوانەی بنەمای (تۆمەتبار بێ تاوانە، تا ئەو کاتەی تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە)، وەك بەکارهێنانی وشەی (پیاوکوژ، خوێنرێژ، تاوانبار، دز)... لەگەڵ ئەمەش زۆرجار رۆژنامە خۆی دەکات بە لایەنگری لایەنێك، یان کاریگەری دروست دەکات لەسەر پیاوانی قەزا و دادوەری[1].

**پێنجەم/** تێبینی دەکرێت هەندێك لە هۆکارەکانی راگەیاندن، بەتایبەت گۆڤارەکان چیرۆکی تاوانێك بڵاودەکەنەوە کە لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە، بەڵکو رۆژنامەنووس زیاتر بە ئاراستەی خەیاڵدا دەبات لە وەسفی تاوانەکەدا تا نووسینەکەی زیاتر سەرنجراکێشتر بێت، لەگەڵ ئەوەی کە بەشێوەیەکی رووکەشی شتەکان دەخاتە روو، کە زۆرجاریش وێنەیەکی هەڵە دەدات بە خوێنەر...[2].

**شەشەم/** هەندێك لە رۆژنامەنووسەکان هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکردن بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە رەسمییەکان، کە دەتوانن لەو بارەیەوە زانیاری راست و دروستیان پێ بدەن، یاخود تەحەفوزی هەندێك لە سەرچاوەکان لە پێدانی زانیاری بە دەزگاکانی راگەیاندن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك لە رۆژنامەنووسەکان هان بدات تا هەستن بە لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی دەربارەی ئەو تاوانە و هەندێکجاریش هێنانی زانیاری وردەکاریی بە متمانەکردنە سەر هەندێك سەرچاوە کە دەشێت جێگەی متمانە نەبن، وەك: دراوسێ، یاخود

---

[1] موحازەرەیەکی مامۆستا سامان فەوزی عومەر، سەرچاوەی پێشوو.

[2] دراسة اجرتها وزارة الاعلام الكويتية حول (العلاقة بين تزايد اعمال العنف ونشر الجريمة اعلامياً)

www.muslimworldleague.org

شایەتحاڵەکان، ئەم جۆرە شایەتحاڵانە هەندێك جار زیادەڕەوی دەکەن و زانیاری ڕاست و دروست نادەن بەدەستەوە ،وەك ئەوەی پێویستە، لەبەر ئەوەی زانیارییان بە ڕۆژنامەنووسێك داوە، نەك بە کەسێکی لێکۆڵەری تایبەتمەند.

**حەوتەم/** زۆر ڕۆچوون و بەرفراوانبوون لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری دەگونجێت یارمەتیدەر و هاندەر بێت بۆ بڵاوبوونەوە و ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانە لەلایەن کەسانی دیکەوە، بەهۆی تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر لەنێوان کاتی ڕوودانی تاوانەکە و دەرچوونی حوکم لە بارەیەوە و پێکەوە نەبەسترانی تاوانەکە و سزاکە.

**هەشتەم/** ئەو جۆرە میدیایانەی کە ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاودەکەنەوە، زیاتر وەك خستنەڕوویەکی هەواڵیی کاری لەسەر دەکەن، یاخود بەشێوەیەکی سلبی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، بێ هیچ جۆرە هەوڵێك لەلایەن ئەو جۆرە میدیایانەوە بۆ شیکارکردنی هۆکارەکانی ئەوەی بووەتە مایەی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە لە کۆمەڵگەدا.

**نۆیەم/** هەندێك لە میدیاکان زیادەڕەوی دەکەن لە دەرخستن و خستنەڕووی هەواڵەکانی تاوانکاری و بەم چەشنەش کۆمەڵگەی پێوە ناشیرین دەکرێت، یاخود وێنەیەکی هەڵە لەبارەی ڕووداوەکە دروست دەکات، بەمەبەستی پڕ فرۆشی ڕۆژنامەکەیان یاخود زیادکردنی جەماوەر بۆ کەناڵەکەیان.

**دەیەم/** هەندێك لە میدیاکان بەجۆرێك هەواڵی تاوانکاری بڵاودەکەنەوە کە لە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەترازێت و دەگاتە ئاستی لایەنگریکردن لە کەسی تاوانبار، ئیتر بەمەبەست بێت، یاخود بێ مەبەست، بێگومان ئەمەش لە بەرژەوەندی دادگەرییدا نییە، هەروەك هەندێکجاری دیکەش بە جۆرێك هەواڵەکە بڵاودەکەنەوە کە گومان دروست ببێت لەسەر ڕەوتی دادوەری و کەمکردنەوەی پێگەی ڕێوشوێنە دادوەرییەکان، بەتایبەت لە کاتی دادگاییکردندا، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شایەت و لێکۆڵەران و تەنانەت دادگاش دروست بکات.

**يانزەيەم/** هەندێك رۆژنامە و كەناڵی میدیایی دیكە، بەتایبەت ماڵپەڕەكان، لە كاتی بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوانكاریدا و بەمەبەستی زیاتر دەرخستنی قەبارەی تاوانەكە و وروژاندنی خوێنەر، هەڵدەستن بە دانانی وێنەگەلێكی ئەو تاوانەی ئەنجامدراوە، كە پڕیەتی لە قەسوەت و كاریگەری دەروونی. ئەوەش بێگومان كاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر خوێنەران بەتایبەت مندالآن و ئەو كەسانەی لە رووی دەروونییەوە زۆر كاریگەر دەبن بەم جۆرە وێنانە[١].

[١]د. أمين بن أحمد المغامسي، قواعد عامة لنشر اخبار الجرائم والحوادث فى الصحف والمجلات، مجلة العربية للدرسات الأمنية والتدريب،كلية نايف العربية للعلوم الأمنية مملكة العربية السعودية. المجلد ١٧، العدد ٣٤، سنة ٢٠٠٢. ص٢٥٧.

## ڕێسا و بنەما هاوبەشەکانی
## رووماڵکردنی هەواڵی تاوانکاری و ڕووداوەکان

**یەکەم: پێویستە ئەوانەی لە بواری هەواڵسازی تایبەت بە تاوانکاری و ڕووداوەکاندا کار دەکەن، خاوەنی کۆمەڵە سیفاتێکی تایبەتی بن.**

کارکردن لە بواری نووسینی هەواڵەکانی تایبەت بە تاوان و ڕووداوەکاندا وەك جۆرەکانی دیکەی هەواڵ نییە، چونکە هەواڵساز لە داڕشتنی ئەم جۆرە هەواڵانەدا پێویستی بەوە هەیە کە خاوەنی سیفەتگەلێکی تایبەت بێت تا بتوانێت هەستی ڕۆژنامەنووسی و هەستی ئەمنی پێکەوە کۆبکاتەوە و پەلە نەکات و دووربێت لە وروژاندن و خۆدەرخستن و دەرکەوتن و دواتریش قەبارەی ئەو کەڵك و سوودانەی باش هەڵسەنگاندبێت کە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەوە دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە زۆرێك لە شارەزایانی بواری ڕۆژنامەگەری پێیانوایە، پێویستە ئەو کەسانەی تازە دێنە ناو کاری ڕۆژنامەوانییەوە، نابێت لەم جۆرە هەواڵانە بنووسن، تا ئەو کاتەی شارەزایی و لێهاتوویی تەواو وەردەگرن لە بوارەکەدا.

پسپۆڕانی بواری هەواڵسازی بڕوایان وایە، هەندێك هەواڵی لەم چەشنە کە پەیوەستە بە تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە، پێویست دەکات بخرێتە بەردەستی ڕاوێژکارە یاساییەکان پێش بڵاوکردنەوەی، بۆ ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە و پێش بڵاوکردنەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەو کات بڵاو بکرێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژنامە یاخود میدیاکان، بەتایبەت میدیای ئەلیکترۆنی، ڕۆژانە بڕێکی زۆر لەم جۆرە هەواڵانەی پێدەگات، ئیتر ئایا لەڕێگەی پەیامنێرەکانییەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی ئاژانسەکانی هەواڵەوە، یاخود هەر ڕێگەیەکی دیکەوە، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە لەسەر هەواڵسازەکە تا لەنێو ئەو هەوڵانەدا هەواڵگەلێك دەستنیشان بکات بۆ بڵاوکردنەوە، کە گونجاو بێت و لەگەڵ سیاسەتی بڵاوکراوەکەیدا بگونجێت و ڕێك بێتەوە لەگەڵ بنەما و بیروباوەڕی بەربڵاوی کۆمەڵگاکەیدا و سەرپێچی سیستم و پەیڕەوە کارپێکراوەکانی

کۆمەڵگاکەی نەبێت، لەم روانگەیەشەوە بە چاوی لێکۆڵینەوە و کنەکردنەوە هەواڵەکان تاوتوێ بکات و تەتەڵەیان بکات و کامیان باش و گونجاو بوو ئەوەیان بڵاوبکاتەوە و لە کاتی دارِشتنی هەواڵەکانیشدا زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ دەستەواژەکاندا بکات و دوودڵ نەبێت لە لابردنی دەستەواژەیەك، کە شیاو نییە و گومانی هەیە کە دواتر گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی یا سیاسی بۆ دروست دەکات، هەروەها ماندوو نەبێت لە پێداچوونەوە و دووبارە دارِشتنەوە و پاڵفتەکردنی هەواڵەکە پێش بڵاوکردنەوەی.

**دووەم: پێشخستنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی شەخسی و تایبەتی رۆژنامەنووس و ئەو کەناڵەی کاری تیا دەکات.**

پێویستە رۆژنامەنووس بەرژەوەندی گشتی پێشبخات بەسەر بەرژەوەندی خۆی و کەناڵەکەیدا و بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری، یا رووداوێك تەنها بە پاڵنەری حەزکردن بە خۆدەرخستن و دەستخستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی، یا کەناڵەکەی، یا دەستخستنی قازانجی ماددیی، یاخود بەدەستهێنانی (سبق)ی رۆژنامەنووسی نەبێت، زۆرجار رۆژنامە یا کەناڵێکی میدیایی لەپای بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی لەم چەشنە، ئەرك و ماندووبوونێکی زۆر دروست دەکەن لەسەر شانی هێزە ئەمنییەکان، یا هێزەکانی پۆلیس لە دەستگیرکردنی تاوانکاراندا، یاخود دەبێتە هۆی کاریگەری نواندن لەسەر رەوتی لێکۆڵینەوەکان و ئەنجامدانی دادگاییەکان و زیاتر ئاڵۆزکردنیان کە هەندێك جار بڵاو نەکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە دەبێتە هۆی زوو دەستگیرکردنی تاوانباران و بوارێکی باش دەرِەخسێنێت بۆ هێزە ئەمنییەکان، تا بەپێی پلان و بەرنامەی خۆیان کارەکەیان بە ئەنجام بگەیەنن و زانیاری پێویست و ورد کۆبکەنەوە دەربارەی تاوانەکە و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە و کنە و پشکنینکردن بەدوای گومانلێکراواندا و دارِشتنی پلانی تۆکمە و گونجاو بۆ دەستگیرکردنیان، چونکە دەشێت کاتێك رۆژنامەیەك یا کەناڵێکی میدیایی لە رێگەی

بڵاوکردنەوەی هەواڵێکەوە شوێن پێی یەکێك لە تاوانبارەکان ئاشکرا بکات، ئەوا بە دوور نازانرێت لەلایەن تاوانبارەکانی دیکەوە ئەو کەسە لەناوببرێت بۆ ئەوەی ئەو شوێنپێیە ون بکرێت و سەرەداوەکە بشارێتەوە.

لە کاتی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەردا و بەمەبەستی (سبق) و پێشدەستیکردن لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا، کێبڕکییەکی زۆر توند لەنێوان کەناڵە میدیاییەکانی ئەمریکادا روویدا، ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە زانیاری نادروست بڵاو بکرێتەوە و ناو و وێنەی هەندێك کەس وەك گومانلێکراو بڵاو بکرێتەوە و بیان بەستنەوە بە رووداوەکانەوە، کە ئەم هەنگاوانەش بوو بەهۆی کاریگەری نواندن لەسەر هەوڵی هێزەکانی پۆلیس و لە هەمانکاتدا بێتاوان دەرچوونی زۆرێك لەو کەسانەی کە ناو، یاخود وێنەکانیان وەك تۆمەتبار بڵاوکرابووەوە[1].

هەندێکجار رۆژنامەنووس لە رێگەی هاوڕێ، یا خود کەسانی دیکەوە دەستی رادەگات بە وێنەی تۆمەتبار، یاخود وێنەی قوربانییەکان و لەو رێگایانەوە تەنانەت زانیاری گرنگ دەربارەی بوارە شاراوەکانی ژیانی ئەو تاوانبارە یاخود قوربانیەکان دەست دەخات، لەم جۆرە حاڵەتانەدا پێویستە رۆژنامەنووس پەلە لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وێنە و زانیارییانە نەکات و هەوڵبدات رەزامەندی کەسوکاری تاوانبار یاخود قوربانییەکە وەربگرێت، ئەمەش لەلایەك بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی بەدەستی هێناوە و لەلایەکی دیکەش بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیەی دەستیکەوتووە، چونکە کەسوکاری قوربانییان دەتوانن

---

[1] لە ساڵی ٢٠١٢ و لە کاتی رووماڵکردنی هەواڵێکی تایبەت بە لاقەکردن، حاڵەتێکی لەم چەشنە روویداو و لەلایەن یەکێك لە میدیاکانەوە ناو و ناونیشانی کەسێك بڵاوکرایەوە، گوایە ئەو کەسەیە کە تاوانەکەی ئەنجامداوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە لە راستیدا ئەو کەسە بە دوور و نزیك پەیوەندی بەو هەواڵەوە نەبووە، سەرەنجام خودی ئەو کەناڵە میدیاییە روونکردنەوەی لەسەر هەواڵەکەدا و داوای لێبووردنی کرد. کە هۆکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەش زیاتر بە پاڵنەری (سبق)ی رۆژنامەگەری بوو.

ڕێوشوێنی یاسایی بگرنە بەر دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسێك، یا میدیایەك کە بێ پرسی ئەوان وێنەی قوربانییەکەیان بڵاو دەکاتەوە، بە جۆرێك کە کاریگەری هەبێت لەسەر باری دەروونییان، تەنانەت هەندێك جار دەکرێت بەهۆی هەڵەی ڕۆژنامەوانییەوە ناو و وێنەی قوربانیی بە چەشنێك بڵاوبکرێتەوە کە خەڵکی وابزانن ئەوە وێنەی تاوانبارەکەیە، یاخود تێکەڵی و شێواندن لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە دروست ببێت، هەروەك لە وڵاتی سعودییە حاڵەتێکی لەم چەشنە روویدا و یەکێك لە کەسوکاری قوربانییەکە کە کوژرابوو بە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەی ڕاگەیاندووە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنە و زانیاری قوربانییەکە بەشێوەیەکی نادروست، خێزانەکەمان وەك بکوژ دەرکەوتووە و ناچار بووین لە کاتی پێشوازیکردنمان لە خەڵکی کە بەمەستی سەرەخۆشی سەردانیان دەکردین، ڕوونکردنەوە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە بدەین و بارەکە ڕاست بکەینەوە.

**سێیەم: مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵەکانی تاوانکاری و ڕووداوەکاندا وەك هەواڵی ئاسایی و بەکار نەهێنانیان وەك ئامرازێك بۆ وروژاندن و ڕاکێشانی خوێنەری زیاتر.**

لە بەرەنجامی ئەو کێبڕکێیەی لەنێوان کەناڵە میدیاییەکاندا هەیە، بەمەبەستی ڕاکێشانی زۆرترین جەماوەر بەلای خۆیاندا، ئیتر چ خوێنەران بن، یا بینەران، یاخود بیسەران، ئەوا ئەم جۆرە میدیایانە پەنا دەبەنە بەر ڕەگەزەکانی وروژاندن و تەشویقکردنی هەواڵەکانی تاوانکاری و هەواڵی تایبەت بە ڕووداوەکان، تەنانەت هەندێکیان بە شێوەیەکی خراپ بەکاری دەهێنن بۆ ڕاکێشانی جەماوەر بەلای خۆیاندا، ئەوەش بە پێدانی سەرباس و تایتڵ و ناونیشانی سەرنجڕاکێش بەو جۆرە هەواڵانە، بەتایبەت لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە، هەروەها نووسینی ناونیشانەکانیان بە فۆنتی گەورە و ڕەنگی جیاواز، لە کاتێکدا پێویستە ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە هەواڵانەدا بکات و لە قەبارەی خۆیان زیاتر گەورەیان نەکەن، ئەمەش هانی ژمارەیەك لە پەروەرشیار

و راگەیاندنکاری دا تـا داوایـەك ئاراسـتەی ئـەم جـۆرە رۆژنامـەنووس و کەناڵـە میدیاییانە بکەن بۆ ئەوەی وردەکاری زیاتر بەخەرج بدەن لە کـاتی بڵاوکردنـەوەی ئـەم جـۆرە هەواڵانـە و دڵنیابوونـەوە لـە راسـتی رووداوەکـان و جەختکردنـەوە و تەرکیزکردن لەسەر چارەسەرکردنەکان، وەك لە گرنگیدان بە زیـاتر خسـتنە رووی وردەکاریی هەواڵەکە نهێنییەکانی بەمەبەستی راکێشانی جەماوەری زیـاتر بـەلای خۆیاندا.

**چوارەم: رەچاوکردنی لایەنی مرۆیی و هەست و شعوری کەسوکاری قوربانییان.**

پێویستە لەسەر هەواڵساز تا لایەنە مرۆییەکانی تایبەت بە هەواڵی تاوانکـاریی و رووداوەکان بە هەند وەربگرێت، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کەسـوکاری قوربانییەکانەوە، بە چەشنێك کـە وێنـە کاریگـەر و تێکچـوونە جەسـتەییەکانی قوربـانیی بـڵاو نەکاتـەوە، ئەمـە سـەرەڕای رەچـاوکردنی هەسـت و شـعوری جەماوەرەکانیان لە کاتی بڵاوکردنـەوەی دیمـەنی خـوێن و برینـداریی و جەسـتەی شێوێنراوی قوربانییەکان، کە کاریگەری دەروونی گەورە دروست دەکات.

هەندێکجار تاوانێك، یاخود رووداوێك دوور لـە چـاوی کەسـوکاری قوربانییەکـە روودەدات و کەسـوکارەکەی ئاگـاداری وردەکارییەکـەی نـین، هـەروەها نـازانن دیمەکانی کاتی رووداوەکە یا تاوانەکە چۆن بووە، لەم کاتـەدا ئـەو جـۆرە کەناڵانـە هەڵدەستن بـە بڵاوکردنـەوەی دیمەنـەکانی کـاتی تاوانەکـە، یـاخود رووداوەکـە و کاریگەری راستەوخۆ لەسـەر دڵ و دەروونـی کەسـوکاری قوربانییـەکان دروسـت دەکەن، بۆ نموونە رۆژنامەیەکی سعودییە لـە یـەکێك لـە ژمارەکانیـدا هـەواڵی خۆکوشـتنی لاوێکـی بڵاوکردبـووەوە، کـە لـە تەنیشـت هەواڵەکـەدا وێنـەی خۆهەڵواسین و خۆکوشتنی لاوەکەیشی بڵاوکردبووەوە، کە پەتەکەی لەملدا بـوو و گیـانی لەدەسـت دابـوو، ئـەوەی سـەیر بـوو رۆژنامەکـە لـەژێر وێنەکـەدا دەستەواژەگەلێکی نووسیبوو زیاتر جەختکردنەوە بوو لە پاراستنی مافە مـاددیی

و مەعنەوییەکانی وێنەکە و پێداگری بوو لەسەر (سبق)ی وێنە و هەواڵەکە، لەبری ڕەچاوکردنی هەست و سۆزی کەسوکاری قوربانییەکە...

یاخود ڕۆژنامەیەکی دیکە هەواڵی سووتانی دوو لاوی بڵاوکردبووەوە کە لە بەرەنجامی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوەوە گیانیان لەدەست دابوو، ڕۆژنامەکە لە لاپەڕەی یەکەمیدا هەستابوو بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی یەکێك لە قوربانییەکان کە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر جەستەی سووتابوو و تێکچووبوو.

لەلایەکی دیکەوە، پێویستە ڕۆژنامەنووس کاتی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ وەرگرتنی وتە و لێدوانی کەسوکاری قوربانییەکان و وێنەگرتنیان و زۆر پێداگری نەکاتەوە لەسەریان و بەزۆر لێدوانیان لێ وەربگرێت، یاخود وێنەیان بگرێت، هەربۆیە دەبینین پێداگری و سووربوونی هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان لەم کاتانەدا دووچاری ئەوەیان دەکاتەوە، کە لەلایەن کەسوکاری قوربانییەکانەوە هێرش و پەلاماریان بکرێتە سەر و ئازار بدرێن کاتێك ویستوویانە وێنەیان بگرن، چونکە لەو کاتانەدا کەسوکاری قوربانییەکان لە هەلومەرجێکی دەروونیی دژوار و سەختدان. لەبەر ئەوە دەبێت ڕۆژنامەنووس لەم جۆرە حاڵەتانەدا بە وریاییەوە مامەڵە بکات و کاتی گونجاو دەستنیشان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری لێدوان وەرگرتن، یاخود وێنەگرتن و خۆی و کەسانی دیکەش دووچاری گرفت و کێشە نەکات.

**پێنجەم: زیادەڕەوی نەکردن لە ناوهێنانی قوربانییەکان، بەتایبەت ئەو ڕووداو و تاوانانەی کە ڕەهەندێکی شەخسی و خێزانی کۆمەڵایەتی تایبەتییان هەیە.**

هەندێکجار ڕۆژنامەکان لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری و ڕووداوەکاندا، سەردەکێشن بۆ بڵاوکردنەوەی ناوی قوربانییەکان و زانیاری ورد لە بارەی خۆیان و کەسوکار و خێزان و بنەماڵەکانیانەوە، بەڵام باشتر وایە ئەم کارە نەکەن، بەتایبەت لەو هەواڵانەی پەیوەستن بە هەواڵی تاوانکاری و ڕووداوگەلێك

که ڕەهەندی شەخسی و خێزانی کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەیە، وەك ڕووداوەکانی خۆکوشتن و تاوانەکانی ئابڕوو و شەرەف و لاقەکردن.

ڕۆژنامەی (ئیلاف)ی ئەلیکترۆنی لە یەکێك لە هەواڵەکانیدا، هەواڵی زیندانیکردنی تاوانبارێکی بڵاوکردبووە بە تۆمەتی کوشتنی ئافرەتێك کە چۆن پێشتر پلان و بەرنامەی داڕشتووە بۆ کوشتنەکەی و پاشان ڕۆژنامەکە هاتۆتە سەر ناوی قوربانییەکە و ناوی سیانییەکەی بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ پیشەکەی، کە کاری بێژەری کردووە لە یەکێك لە تەلەفزیۆنەکانی میسردا و دواتر لە هەواڵەکەدا باسی لەوە کردووە، کە چۆن ئەم تاوانبارە لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە کە ئەو ئافرەتە بێژەرە لەگەڵیدا سازیکردووە، کەوتۆتە ناو داوی خۆشەویستی ئافرەتەکە و چۆن پەیوەندی لەگەڵ دروستکردووە و دواتر دەستیان تێکەڵکردووە لەگەڵ یەکتر و زۆر وردەکاریی تری لەسەر هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە، لەکاتێکدا ئەرکی ڕۆژنامەکە نییە هەستێ بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیارییانە، کە زیاتر ڕەهەندێکی شەخسی و خێزانی و کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەیە، بێگومان لەم جۆرە حاڵەتانەشدا ڕۆژنامەکە خۆی دووچاری گرفت و کێشەی یاسایی دەکاتەوە دەربارەی سەلماندنی ڕاستی ئەو زانیارییانەی بڵاوی کردۆتەوە لەسەر قوربانییەکە لەبەردەم دادگاکادا، دیار ئەمەش کێشە و گرفتی زۆر بۆ خودی ڕۆژنامەکە دروست دەکات و دوور نییە دواجار دووچاری سزای یاسایی بکاتەوە.

## شەشەم: زیادەڕەوینەکردن لە ناوهێنانی هێزەکانی پۆلیس و هێزەئەمنییەکان و فەرمانبەرانی حکومیدا.

هەندێك لە ڕۆژنامەکان لە کاتی ڕوومالکردنی هەواڵەکانی تاوانکاریی و هەواڵی ڕووداوەکاندا، زیادەڕەوی دەکەن لە ناوهێنانی پیاوانی ئاسایش و پۆلیس و فەرمانبەرە ڕەسمییەکاندا تا دەگاتە باسکردن لە پلە سەربازییەکانیان و وەزیفە ڕەسمییەکانیان، ئەمەش بێگومان لە ڕووی هەواڵییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و لە لایەکی دیکەشەوە دەگونجێت ئەو بەرپرس و کارمەندە ئەمنی و پۆلیس و

فەرمانبەرانەی ناویان هاتووە، دووچاری مەترسی ببنەوە، لەبەر ئەوە باشتر وایە کە ناو و ناونیشانی ئەم جۆرە فەرمانبەرانە بە نهێنی بمێننەوە و ئاشکرا نەکرێن، بەتایبەت بەلای خەڵکییەوە بەشێوەیەکی گشتی و تەنها لە کاتی پێویست و لە حاڵەتێکدا کە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بیخوازێت، ئەو کات دەکرێت لەم بارەیەوە زانیاری بدرکێنرێت لە سنوورێکی دیاریکراودا. هەندێك رۆژنامەنووس بۆ خۆبردنە پێشەوە لە بەرپرسێکی پۆلیس، یا هێزە ئەمنییەکان ئەم جۆرە کارانە دەکات، کە ئەمەش لەلایەك لەو رووەی باسمان کرد هەڵەیە و لەلایەکی دیکەش خراپ کەڵکوەرگرتنی رۆژنامەنووسە لە پیشەکەی.

**حەوتەم: دڵنیابوونەوە لە راستی ئەو ناوانەی لە هەواڵەکاندا دێن لەگەڵ رەچاوکردنی وردەکاری لە نووسینی ناوەکاندا.**

گەر هات و رۆژنامەیەك بڕیاری دا بە بڵاوکردنەوەی هەندێك ناو، ئەوەش لە سۆنگەی بەرژەوەندی گشتی و پەیوەستبوونی هەواڵەکە پێوەی، ئەوا پێویست دەکات وردبینی تەواو بکات لە راستی ناوەکان و شێوازی نووسینیان بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوی هاوشێوەی دیکەدا تێکەڵ نەبێت، لە هەندێك جێگەدا واباشترە لەگەڵ نووسینی ناوە سیانییەکەدا رەگەزنامەی کەسەکەش بنووسرێت، یا بەرواری لەدایکبوونی، یاخود ئەو کار و پیشەیەی ئەنجامی دەدات، هەروەها پێویستە هەموو ناوهێنانێك لە شوێنی خۆیدا بێت لە سکێچی هەواڵەکەدا و لە کاتی دارشتنەوە و ئامادەکردنی بۆ بڵاوکردنەوە، هەروەك پێویست دەکات زۆر بەباشی پێداچوونەوەی تەواو بکرێت بە ناوەکان و زانیارییەکان پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە... لە نموونەی ئەم جۆرە هەڵانە... هەڵەیەك بوو کە رۆژنامەیەکی ئەمریکی تێی کەوت کاتێك کە هەستابوو بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێك دەربارەی راوەدوونانی دزێك (ئیشی جانتا دزین بووە) لەلایەن کەسێکەوە و دواتر دەستگیرکردنی دزەکە لە یەکێك لە شەقامەکاندا لەلایەن ئەو کەسەوە، بەلام رۆژنامەکە بە هەڵە ناوی ئەو کەسەی بڵاوکردبووە کە دزەکەی دەستگیر کردبوو،

واتە بەپێچەوانەوە ناوەکانی بڵاوکردبووەوە لە شوێنی ناوی پیاوەکە ناوی دزەکەی بڵاوکردبووەوە و لە شوێنی ناوی دزەکەش ناوی پیاوەکەی بڵاوکردبووەوە، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە ناچار بکرێت بە قەرەبووکردنەوەی پیاوەکە لەپای ئەو هەڵەیەی کە کردبووی...

**هەشتەم: باسنەکردنی هەندێك زانیاری، یا وەسف کە دەکرێت لەم ڕێگەیەوە گومان لەسەر کەسێکی تر دروست بکات.**

هەندێکجار میدیاکان خۆیان بە دوور دەگرن لە بڵاوکردنەوەی ناوی تۆمەتباران، یا گومان لێکراوان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەواڵەکانی تاوانکاری یا ڕووداوەکاندا، بەڵام دەکەونە ناو هەڵەیەکی دیکەوە ئیتر بەمەبەست بێت، یاخو بێ مەبەست، وەك باسکردن لە هەندێك سیفەت و خووڕەوشتی کەسەکە، کە دەکرێت لەم ڕێگەیەوە گومان لەسەر کەسانی تر دروست بکات و خەڵکی یا خوێنەران وابزانن ئەو کەسانە کارەکەیان کردووە وەك ناوهێنانی ڕەگەزی کەسەکە یا ئەو لایەنەی کاری بۆ دەکات، یاخود شوێنی نیشتەجێبوونی، یا هەندێك لە سیفەتە کەسییەکانی وەك (زۆر سەفەرکردنی)، یا (پەیوەندی خراپی هەبووە لەگەڵ قوربانییەکەدا)، یاخود (پێشتر لەسەر کێشەی هاوشێوە زیندانیکراوە)، یان (پێش چەند مانگێك لە کارەکەی لابراوە)، هەندێکجار لەگەڵ باسکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە سیفەتانە لە هەواڵەکەدا ئاماژە بە پیتی یەکەمی خۆی یا باوکی یا ناوی خێزانەکەی دەکرێت، بێگومان ئەم جۆرە زانیارییانەش وا دەکەن تا کەسەکە لای ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی ناوچەکە، یاخود شارەکە، یا گەڕەکەکەی ناسراوبێت. بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی سعودی هەواڵێکی بڵاوکردبووەوە دەربارەی هاوڵاتییەکی شاری مەدینە، کە خۆی کوشت بوو، بەهۆی ئەوەی دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری مایەسیریی، پیاوەتی لەدەست دابوو، ڕۆژنامەکە لە هەواڵەکەیدا هەرچەند ڕاستەوخۆ ناوی قوربانییەکەی نەهێنابوو، بەڵام باسی لەوە کردبوو کە ئەم پیاوە تەمەنی ٤٢ ساڵانە و خاوەنی پێنج منداڵە و لە کەرتی

حکومی کار دەکات و دوو جاری دیکە لەسەر یەك داخلّی نەخۆشخانە کراوە و لە دوایین رۆژەکانی تەمەنیدا گەیشتۆتە ئاستی شێتبوون و دوو جار هەولّی خۆکوشتنی داوە، کە جارێکیان خۆی خستۆتە ناو تانکییەکی ئاو و جارێکی دیکەش لە رێگەی بەکارهێنانی کارەباوە، بەم جۆرەش چیرۆکی ئەم خۆکوشتنە لای خەلّکی ناسراو بوو، سەرباری هەموو ئەوانەی باسکران، رۆژنامەکە ناونیشانی هەوالّەکەی بە فۆنتی گەورە نووسیبوو...

**نۆیەم: دلّنیابوون لە راستیی زانیارییەکان پێش بلاّوکردنەوەیان و پشتڕاستکردنەوەیان لەلایەن دامودەزگا رەسمییەکانەوە.**

پێویستە رۆژنامەنووس کار لەسەر وەرگرتنی زانیارییەکانی تایبەت بە تاوانەکە، یاخود رووداوەکە بکات لە سەرچاوە رەسمییەکانەوە، وەك لایەنە ئەمنییەکان یا دادگا و نەخۆشخانەکانەوە، هەروەك دەکرێت هەندێك زانیاری و وردەکاری لە رێگەی کەسوکاری تاوانبارەکە یا قوربانییەکەوە یا لە هاوڕێکانییەوە، یا لەو لایەنانەی ئەم جۆرە کەسانە کاریان تێداکردووە، یا لە شایەتحالّەکانی کاتی رووداني تاوانەکە، یا رووداوەکەوە وەربگیرێت، بەلاّم دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەلّە لەگەلّ ئەم زانیارییانەدا بکرێت و باشتر وایە ئەم جۆرە زانیارییانە کە لەم رێگایانەوە وەردەگیرێن، بخرێنە بەردەست لایەنە رەسمییەکان بەمەبەستی ساغکردنەوەیان، تەنانەت با ئەم کارەش ببێتە هۆی دواخستنی بلاّوکردنەوەی هەوالّەکە و لەدەستدانی (سبق)ی رۆژنامەنووسی بۆ رۆژنامەکە و رۆژنامەنووسەکە. هەروەها باشتر وایە رۆژنامەنووس و رۆژنامە و میدیاکان پەیوەندی توندتۆلّ لەگەلّ دامودەزگا رەسمییەکان دروست بکەن، بەمەبەستی دەستخستنی ئەم جۆرە زانیارییانە، بۆ ئەوەی کەمترین هەلّە و ناڕاستی لە بلاّوکردنەوەی ئەم زانیارییانەدا رووبدات.

## بنەماکانی تایبەت
## بە رووماڵکردنی هەواڵەکانی تاوانکاری

**یەکەم: زیادەڕەوی نەکردن لە بڵاوکردنەوەی وردەکارییەکان و ڕێگە و شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە.**

زۆرێك لە میدیاکان بەتایبەت رۆژنامەکان بەمەبەستی زیاتر راکێشانی سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیاندا، پەنا دەبەنە بەر بڵاوکردنەوەی وردەکاری زیاتر لەسەر تاوانەکە و شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە و ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە بەکارهێنراون لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا، بێگومان ئەم جۆرە مامەڵەکردنەش نیشانەیە لەسەر لاوازیی هەستی بەرپرسیارێتی ئەو کەسانەی لەو جۆرە کەناڵانەدا کار دەکەن و حساب نەکردنیانە بۆ ئاستی ئەو زەرەر و زیانەی لە بەرەنجامی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیارییە مەترسیدارانەوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵگا دەکەوێتەوە و بێ ئاگابوونە لەوەی کە لای خۆیانەوە بوونەتە هۆکارێك لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی تاوانکاری لە کۆمەڵگادا، ئەوەش لە ڕێگەی فێرکردنی تاکەکان بە شێوەی ئەنجامدانی تاوان و ناساندنی ئەو کەرەستانە پێیان، کە تاوانی پێ ئەنجامدەدرێت.

بۆ نموونە رۆژنامەی (البلاد)ی سعودی لە یەکێك لە ژمارەکانیدا وردەکاریی ئەنجامدانی تاوانێکی ساختەکردنی مۆری رەسمی فەرمانگەیەکی لەسەر زاری یەکێك لە پیاوانی ئاسایشەوە بەم شێوەیە بڵاوکردبووەوە: تاوانبارەکە هەستاوە بە بەکارهێنانی شێوازێکی زۆر داهێنانکارانە لە ئەنجامدانی تاوانەکەیدا، ئەوەش بە بەکارهێنانی پارچە شووشەیەکە کە لەژێر پارچە شووشەکەدا گڵۆپێکی داناوە دواتر مۆرەکەی لەسەر شووشەکە داناوە تا لە ڕێگەی تیشکی گڵۆپەکەوە وێنەی مۆرەکە بەڕوونی دەربکەوێت و دواتر هەستاوە بە کێشانی وێنەی مۆرەکە لەسەر وەرقەیەکی پلاستێکی تەنك، کە لەسەر شووشەکە دانابوو، بە بەکارهێنانی

پێنووس و مەرەکەبێکی دیاریکراو تا دواتر بیخاتە سەر ئەو بەڵگەنامەیەی کە ویستوویەتی ساختەی بکات!

بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە نموونانە، بێگومان دەستی کەسانی تاوانبار زیاتر دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەی باشتر و گونجاوتر وەربگرن بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوانەکانیان، لەکاتێکدا بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وردەکارییانە هیچ ئەرزشێکی ئەوتۆی نییە لەسەر خودی هەواڵەکە، کە بریتییە لە گرتنی تاوانبارێك کە کاری ساختەکاریی ئەنجامداوە لە بەڵگەنامەیەکی رەسمیدا، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە زیادەڕەویی و بڵاوکردنەوەی زانیارییانە تەنانەت با لەسەر زمانی بەرپرسێکی ئاسایش، یا پۆلیسیشەوە بێت، زیانی زۆرتر دەبێت لە قازانجەکەی.

لێرەوە دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین، کە چ بەرژەوەندییەك لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیاری و وردەکارییە مەترسیدارانەوە هەیە؟ ئایا کەڵك و سوودی هێنانی ئەم جۆرە زانیاری و وردەکارییانە بۆ خوێنەر چییە و چی لێ دەست دەکەوێت؟ لەڕاستیدا بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وردەکارییە مەترسیدارانە بە تەنها بەرپرسیارێتییەکەی ناکەوێتە سەرشانی رۆژنامەنووس، بەڵکو بەشێکیشی دەکەوێتە سەر شانی ئەو بەرپرس و کارمەندەی ئاسایش، یاخود پۆلیس، کە ئەم جۆرە زانیبیارانە دەدات بە رۆژنامەنووس و رۆژنامەنووسەکەش بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیدا بڵاویان دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەم جۆرە وردەکارییانە لەلایەن هێزە ئەمنی و پۆلیسییەکانەوە دزە دەکات، ئەوا لە سەرەتادا پێویستە لۆمە و سەرزەنشتی ئەو جۆرە کەسانە بکەین کە لە دەزگا ئەمنی و پۆلیسییەکاندا کار دەکەن و زانیاری لەم چەشنە دەدەن بە رۆژنامەنووس و پێویستە لەسەریان زیادەڕەوی نەکەن لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە شوێنی روودانی تاوانەکە دەستیان کەوتووە، یاخود دواتر لە دانپێدانانی تاوانبارەکانەوە دەستیان دەکەوێت دەربارەی شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە و سەرلەبەری وردەکارییەکانی. بە پلەی دووەمیش پێویستە رۆژنامەنووس وشیارییەکی ئەوتۆی هەبێت کە بزانێت بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیارییانە

خزمەتێکی ئەوتۆ ناکات بە کۆمەڵگا و باشتر وایە کە زیاتر لە ئاستی پێویست و زانیاری لەسەر تاوانەکە بڵاو نەکاتەوە.

لە هەرێمی کوردستانیش لە چەند هەواڵێکی تایبەت بە کوشتندا رۆژنامە و کەناڵە میدیاییەکان گەیشتنە ئەو ئاستە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری کە تاوانبارەکە دوای کوشتنی قوربانییەکەی چۆن هەستاوە بە شاردنەوەی تەرمی کوژراوەکە و چۆن پارچە پارچەی کردووە، دواتر چۆن هەستاوە بە گواستنەوەی و فڕێدانی لە چەند شوێنی جیاجیا، یاخود سووتانی پاشماوەی تەرمی قوربانییەکە، بێگومان ئەم جۆرە زانیارییانە هیچ پێویست بە بڵاوکردنەوە ناکات و پێویستە دەزگا ئەمنییەکانیش رێگە نەدەن زانیاری لەم چەشنە لەلایەن ئەوانەوە بڵاو ببێتەوە[(١)].

**دووەم: باسنەکردن لە پلانی هێزە ئەمنییەکان یا ئەو هەڵانەی کە تاوانباران لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانیاندا تێی دەکەون.**

هەندێك باس و خواس هەیە کە باشتر وایە لەیاد بکرێت و لەپێش چاو نەگیرێن لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە تاوانکاری، لەو جۆرە باس و خواسانەش ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندییان بە وردەکاری پلانی هێزە ئەمنییەکانەوە هەیە، کاتێك دەیانەوێت کەسانی تاوانباری پێ قۆڵبەست بکەن، یاخود ئەو شێواز و رێگایانەی کە بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی بیانخەنە ناو داوەکانی

---

(١) پاش ساڵێك لەو رووداوە، یەکێك لە رۆژنامەکانی کوردستان هەواڵێکی تری لەسەر ئەو کەسە بڵاوکردبووەوە، کە لە زینداندا هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، بەم جۆرە باسی لە کەسەکە کردبوو: "ئەو کوڕەی ساڵی پار خوشکەکەی خۆی کوشت و **پاشان تەرمەکەی بە پارچەپارچەکراوی برد و بە سووتاوی لە ناوچەی قەرەداخ فڕێی دا** لەنێو زینداندا هەوڵی خۆکوشتنی دا..."، لێرەدا دەبینین کە ئەسڵەن ناوەرۆکی هەواڵەکە باسکردن نییە لە وردەکاری تاوانەکە، بەڵکو باسکردنە لە هەوڵی خۆکوشتنی کەسی تاوانبار لە زینداندا، ئیتر چ پێویست بە هێنانی ئەو زانیارییانە دەکات لەسەر شێوازی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنەکە لەلایەن تاوانبارەکەوە.

خۆیانەوە، بەمەبەستی دەستگیرکردنیان، هەروەها ئەو ڕێگە و شێوازانەی کە تاوانباران دەیگرنە بەر بۆ شاردنەوەی ئاسەوارەکانی تاوانەکەیان لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکەیان یا ئەو ڕێگایانەی بەکاریدەهێنن بۆ چەواشەکردنی هێزە ئەمنییەکان.

ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت) لە یەکێك لە ژمارەکانیدا کەوتە نێو هەڵەیەکی لەم چەشنەوە، کاتێك لێدوانی بەرپرسێکی هێزەکانی پۆلیسی دوبەی بڵاوکردبووەوە، دەربارەی دەستگیرکردنی باندێکی دزیکردن کە هەڵیان کوتابووە سەر یەکێك لە بانکەکانی دوبەی و بەرپرسەکە زانیارییەکانی بەم جۆرە هێنابوو، کە ڕۆژنامەکە بڵاوی کردبووەوە: "یەکێك لە ئەندامانی باندەکە کارمەندی ئەو بانکە بووە کە هەڵیان کوتاوەتە سەری، ئەمەش دوای ئەوەی کارمەندی بانکەکە زانیاری ورد دەدات بە باندەکە لەسەر نەخشەی دەروازە و ڕێگە ناوخۆییەکانی بانکەکە، دواتر کارمەندەکە لەسەر کاتی ئەنجامدانی پەلامارەکە لەگەڵ باندەکە ڕێك دەکەوێت، کە ئەو کاتە بووە بانکەکە زۆرترین پارەی تێدابووە، پاشان باندەکە لە ڕێگەی پشتەوەی بانکەکە کە ڕێگەی دەربازبوون بووە و بە چاوساغی کارمەندەکە خۆیان دەگەیەننە ناو بانکەکە و میلی دەمانچە بە ڕووی فەرمانبەرانی بانکەکەدا ڕادەکێشن و دواجار ئەو کارمەندەی کە ژێر بەژێر لەگەڵ باندەکەدا بووە، بڕە پارەکەیان دەداتێ و پاشان باندەکە هەڵدێن بەو ئۆتۆمبێلەی کە لە دەرەوەی بانکەکە چاوەڕێی کردوون، بەم جۆرەش شوێنی تاوانەکەیان بەجێدەهێڵن، دواتر پاش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی بانکەکە و لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە، ئەو کارمەندەی دەستی تێکەڵ کردبوو لەگەڵ باندەکە، هەوڵی دابوو هێزەکانی پۆلیس چەواشە بکات و زانیارییەکانیان لێ بشێوێنێت، ئەوەش بە پێدانی وەسف و شێوەی هەڵەی نادروستی تاوانبارەکان کە لەگەڵ ئەو وەسف و شێوازانەی دیکە یەکی نەدەگرتەوە، کە فەرمانبەرەکانی دیکە دابویان بە هێزە ئەمنییەکان، بەڵام دوای

پێــداگری و لێکۆڵینــەوەی ورد و خســتنەڕووی بەڵگــەی ســەلمێنەر، ســەرەنجام فەرمانبەرەکە دانی بە تاوانەکەیدا نا...".

بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیارییانەش دەچنە چوارچێوەی ئـەو زانیارییانـەی کـە بڵاوکردنەوەیان هیچ پێویست ناکات و لە هەمانکاتیشدا پێویست نییە هێزەکانی پـۆلیس بیـدەن بــە ڕۆژنامەنووســان، تــەنها باســکردن لــە خــودی هــەواڵی دەستگیرکردنەکە واتای پێویستی خۆی دەدات بەدەستەوە.

**سێیەم: خۆگرتنەوە لە پێدانی هیچ جۆرە وەسفێك بە تاوانباران، یاخود بە بەرز ڕاگرتنیان.**

پێویستە ڕۆژنامەنووس خۆی بــەدوور بگرێـت لــە پێــدانی هـیچ جــۆرە وەســف و پیاهەڵدانێك بە کەسی تاوانبار، کە دەشێت بە جۆرێك لە جۆرەکـان ببێتــە هــۆی بەرزکردنەوەی پێگەی تاوانبارەکە و ستایشکردنی، یا بەڵگـەی زیرەکـی و توانـا و ســەلیقەیی بێــت لەســـەر ئەنجامــدانی تاوانەکــەی و شــێوازەکانی هـــەڵاتن و خۆشاردنەوەی، هەروەها ئاماژە نەدان بە هیچ جۆرە وەسف، یـاخود ناوبانگێـك کـە بەلای خەڵکییــەوە واتــای کارامــەیی و لێهـاتوویی ئەفسـانەیی کەسـی تاوانیـار بسەلمێنێت.

لــەنێو ئــەو ڕێنمــوونی و ئاراستەســازییانەی کــە ڕۆژنامەیــەکی بــەریتانی بــە ڕۆژنامەنووســەکانی خــۆی دابــوو، جەختکردنــەوە بــوو لەســەر ئــەم لایەنــە و دووپاتکردنەوەی ئەوەبووە کە: "دەبێت ڕۆژنامەنووسان باش لــەوە تێگەیشــتبن کــە نابێت ئێمە پێگەی تاوانباران بەرز ڕابگرین، چونکە شتێکی ڕاست نییە کەسـانی تاوانبــار وەك پاڵــەوان، یــاخود شــەهید نیشــان بــدەین. تاوانبــاران دوژمــنی کۆمەڵگان، لەبەر ئەوە ڕاست نییە کە لە هەواڵەکانماندا بــەم جــۆرە دەســتەواژانە وەســفیان (پاشــای دزان)، (شــێری چــەتەکان)، ( ڕۆبــن هــودی فلانــە شــار)، (مامۆستای تاوان)، (پیاوێکی جەربەزەیە)، (لــەنێو دووچــاودا لــوت دەفــڕێنێ)،

چونکە ئەم جۆرە دەستەواژانە هەست و خەیاڵی لاوان و مێردمنـداڵان دەبـزوێنیّ و پاڵیان پێوە دەنێت بۆ هەنگاونان لەسەر ڕێچکەی ئەو جۆرە تاوانبارانە.

هەروەها هەڵەیە کە ڕۆژنامەنووس هەسـت و سـۆزی جـەماوەر بـەلای هەنـدێك تاوانباردا رابکێشێت، وەك ئـەوەی کـە فلاّنـە دز تـەنها دزی لـە دەوڵەمەنـدەکان دەکات و دواتر بەشێك لـەو پارەیـەی دزیویـەتی دەیـدات بـە کەسـانی هـەژار و کەمدەست، یان بگوترێـت فلاّنـە کـەس بەمەبەسـتی پاککردنـەوەی کۆمـەڵگا، هەڵدەستێت بە کوشتنی ئافرەتانی بەدڕەوشت.

## چوارەم: دەرنەکردنی حوکمی پێشوەخت لەسەر تۆمەتباران پێش تۆمەتبارکردنیان لەلایەن دادگاوە و حوکمدان بەسەریاندا.

پێویستە ڕۆژنامەنووس زۆر وریابێت لە بلاّوکردنـەوەی هەواڵـەکانی تایبـەت بـە تاوان و تاوانباران و خۆی نەخاتـە شـوێنی دادوەر و دادگـا و حـوکمی پێشـوەخت بدات بەسەر کەسەکاندا و سیفەتی جۆراوجۆریان بداتە پاڵ وەك: "تاوانبار، بکوژ، خوێنڕێژ"، پێش ئەوەی راستییەکان بۆ دادگا دەربکەوێت، (چونکە هەریـەك لـەو دەستەواژانە لە رووی یاساییەوە ئاسەوار و کاریگەری یاسایی خۆی هەیە و دادگـا بە هەند وەری دەگرێت)، بلاّوکردنـەوەی ئـەو جـۆرە سـیفەت و تانوتانـە دەچـێتە چوارچێوەی ناوزڕاندن و قسە بۆ هەڵبەستن و جنێو پێدانەوە، لە حاڵـەتی بێتـاوان دەرچوونی کەسی تۆمەتبار ئەوا ئەو کەسـە دەتوانێـت ڕۆژنامـەنووس ڕووبـەڕووی دادگا بکاتەوە.

لەلایەن خۆیانەوە ڕۆژنامەکانی کوەیـت هەڵەیـەکی لـەم چەشـنەیان ئەنجامـدا، ئەوەبوو لە کاتی ڕوومالّکردنی ڕووداوی کوشتنی پیاوێکی بەرەگـەز کەنـەدی لـە کوەیـت کـە دوای چـەند ڕۆژێـك لـە ڕووداوەکـانی ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ کوژرابوو، پاش ئەوەی هێزە ئەمنییەکان کەسێکیان (کەسێکی ریشدار) دەسـتگیر کرد، خێزانی کەسە کوژراوەکە کە بە رەگەز فلیپینی بوو، شایەتی دابوو کـە ئـەو کەسە تەقەی لە هاوسەرەکەی کردووە کاتێك ئـەمان پێکـەوەبوون لـە شـەقامدا،

دواتر رۆژنامەکان کەوتنە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو پیاوە تۆمەتبارە و بڵاوکردنەوەی وێنەکەی گوایە بکوژی پیاوە بەڕەگەز کەنەدییەکەیە، تەنانەت بەمەشەوە نەوەستان و گەیشتنە ئەو ئاستەی بڵێن بکوژ کەسێکی ئیسلامییە و کار گەیشتە ئەو ئاستەی رووداوی کوشتنەکە ببەستنەوە بە رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە، بەم شێوەیەش بارودۆخەکە بەردەوام بوو، تا دواتر راستییەکان دەرکەوت و خێزانی پیاوە کوژراوەکە دانی بەوەدا نا کە خۆی پلانی بۆ کوشتنی هاوسەرەکەی داناوە بەمەبەستی دەستراگەیشتن بە سەروەرت و سامانەکەیدا و بۆ ئەم کارەش پشتی بە دوو کەسی هاوڕەگەزی خۆی (فلیپینی) بەستبوو. دواتر دەرکەوت ئەوەی کە وێنەکەی بڵاوکرابووەوە وەك بکوژ هیچ پەیوەندییەکی بە رووداوی کوشتنەکەوە نەبووبوو و بێ تاوان دەرچوو!!

**پێنجەم: بە وریایی مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانی مێردمنداڵان و نەوجەوانان.**

ئەو تاوانانەی کە لەلایەن مێردمنداڵان و نەوجەوانانەوە ئەنجامدەدرێن، یەکێکن لەو تاوانانەی کە زۆر هەستیارن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەبێت بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، تەنانەت یاسای سزادان و یاسای بنەماکانی دادوەری سزایی عێراقیش تایبەتمەندی جیاوازی پێداوە لە رووی رەوتی دادگایکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەریان، لەبەر ئەوە پێویستە رۆژنامەنووس زۆر وریابێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرووپە لە تاوانباران و ئاستی ئەو بەرژەوەندییانە بە باشی هەڵسەنگێنێت کە لە بەرەنجامی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەبارەیانەوە دەکەوێتەوە، چونکە ئەم توێژە لە قۆناغێکی هەستیاری تەمەنی پێگەیشتندان و پێویستە رەچاوی لایەنی پەروەردەییان بکرێت، لەو پێودانگەی ئەمانە هێشتا لە سەرەتای تەمەنیاندان و دەکرێت بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانەی ئەنجامیان داوە، دواتر کاریگەری دروست بکات لەسەر داهاتوویان و ئەگەری بەردەوامبوونیان لەسەر تاوان و بەلاڕێداچوون گەر هات و ئاشکرا بن و کەرامەت و ناوبانگیان بزرێت و لە کۆمەڵگادا ریسوا بن، لەبەر ئەوە زۆرێك لەوانەی بە

گرنگییەوە لەم بابەتە دەڕوانن، پێیانوایە کە باشتر وایە ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاو نەکرێنەوە، یاخود لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەیدا ناویان نەبرێت، یاخود وێنەیان بڵاو نەکرێتەوە، یا زانیارییەك بڵاو نەکرێتەوە کە بە هۆیەوە لەناو کۆمەڵگادا بناسرێنەوە، هەموو ئەمانەش بە پاساوی ئەوەی هێشتا ئەم جۆرە کەسانە لە سەرەتای تەمەنیاندان و بە هیوای چاکبوون و راستبوونەوەیان، چونکە گەر هات و بەباشی راستبوونەوە و بار هاتن، ئەوا باش وایە خەڵکی بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو کارە قێزەونانە نەبێت، کە ئەم جۆرە کەسانە کردوویانە، هەروەها دەبێت بڵێین ئەم جۆرە کەسانە هێشتا بە تەواوی پێنەگەیشتوون و سەرەنجامی کارە خراپەکانی خۆیان نازانن و ناکرێت بخرێنە بەردەم وردبینی کۆمەڵگا تا حوکم بەسەریاندا بدات و داهاتوویان رەش بکات[1].

## شەشەم: ناونەهێنانی ئەنجامدەرانی تاوان، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە پێویست بکات و بیخوازێت.

هەندێك لە رۆژنامە و کەناڵە میدیاییەکانی دیکە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە تاواندا، هەڵدەستن بە ناوهێنانی ئەنجامدەری تاوانەکەش، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو جۆرە ناوهێنانە لە زۆرێك لە هەواڵەکانی تاوانکارییدا بەها و کەڵك و سوودی ئەوتۆی نییە، جگە لەوەش هەندێکجار وا روودەدات ئەوەی تۆمەتەکانی بەسەردا ساغکراوەتەوە، دوای چەند ساڵێك دەردەکەوێت کە لە بنەڕەتدا بێتاوان بوون و پەیوەندی بە تاوانەکەوە نەبووە، لەبەر ئەوە باشتر وایە کە

---

[1] بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، ماددەی (٢٣٦)بڕگەی پێنجەم، هەموو جۆرە ناوهێنان و بڵاوکردنەوەیەکی وێنەی تۆمەتبارانی (نەوجەوان و مێردمنداڵ)ی بە تاوان داناوە، تەنانەت بەپێی یاسا بنەماکانی دادوەریی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ تەواوی رێوشوێنەکانی دادگاییکردنی نەوجەوان و مێردمندالآنی بردۆتە قۆناغی نهێنییەوە و نابێت بەشێوەی ئاشکرا ئەو جۆرە دادگاییکردنانە بەڕێوە ببرێت.

رۆژنامەنووس پەنا نەبات بۆ بلاوکردنەوەی نـاوی ئەنجامـدەری تـاوان مەگـەر لـە حاڵەتێکدا نەبێت کە پێویست بەو ناوهێنانە بکات.

**حەوتەم: ناو نەهێنانی دادوەر و شایەتەکان و کارمەندانی بواری دادوەریی.**

ناوی دادوەر، یاخود شایەت (ئیتر شـایەتی سـەلماندن- إثبـات- بـن یـا شـایەتی بەرگریکردن –دفاع-)، یا لێکۆڵەرانی دادوەری، باشتر وایە لە ناوەرۆکی هەواڵـدا باس نەکرێن و ئاماژەیان پێ نەدرێت، ئەمـەش لـەپێناو پارێزگـاری لێکردنیـان، بەتایبەت لە مەسەلە هەستیار و مەترسـیدارەکاندا، کـە دەکرێـت ئاشـکرابوونی ناوەکانیان ژیانیان بخاتە مەترسییەوە و دووچاری تۆڵە لێ سـەندنەوە بـبن لەلایـەن یەکێك لەلایەنەکانی سکاڵاکەوە. لەلایەن خۆیەوە رۆژنامەی (النخبـة)ی سـعودی لە یەکێك لە ژمارەکانیدا هەڵەیەکی لەم چەشنەی ئەنجام دا، کاتێك هەستا بـە : "بلاوکردنـەوەی بەشـێك لـە کۆنووسـی لێکۆڵینـەوە لـە دۆسـییەی کوشـتنی سەرنووسەری یەکێك لە گۆڤارە کوەیتییەکان، لەنێو ئەو کۆنووسەدا ناوی سـیانی پێنج لە شـایەتەکان هـاتبوو، کـە شـایەتییان لەسـەر رووداوی تەقەکردنەکـە و کوشتنەکە دابوو، لەگەڵ دیاریکردنی رەگەزنامە و ئیشوکارەکانیان، ئـەوەش بـوو بە مایەی ناسینەوەی شایەتەکان و دواتر دروستبوونی مەترسی لەسـەر ژیانیـان و بوو بەهۆی ئەوەی کە لەلایەن کەسوکاری بکوژەکانەوە تۆڵەیان لێ بکرێتەوە...".

لێرەدا پێویستە دووپاتی ئەو هەڵە گەورەیەش بکەینەوە، کە لایەنە ئەمنییـەکان تێی کەوتوون لـە دزەپێکردنـی ئـەو کۆنووسـە بـۆ دەسـت رۆژنامەکـە و پاشـان بلاوکردنەوەی، کە ئەمەش هەڵسوکەوتێکە مایەی قبوڵکردن نییـە، کـە دواجـار کاریگەری لەسەر رەوتی لێکۆڵینەوەکە دروستکرد.

لەلایەن خۆیەوە یاسای سزادانی عێراقی دوورتر لە بابەتی ناوهێنـانی دادوەر، یـا شایەتەکان رۆیشتووە و بەتایبەت لە قۆناغی لێکۆڵینـەوەدا و لـە مـاددە (٢٣٥) بە وردی باسی لەم جۆرە حاڵەتە کـردووە و سـنوور قەدەغەکردنەکـەی زۆر فـراوان کردووە و ئاماژەی بەوە داوە، کە بلاوکردنـەوەی هـەواڵ، یـا نووسـین لەسـەر ئـەو دادوەرەی کە داوایەکی لەبەردەستدایە بۆ یەکلاییکردنەوە، ئەوا بەتاوان دادەنرێت،

ئیتر بڵاوکردنەوەی هەواڵ، یاخود بابەتەکە کاریگەری هەبوویێت لەسەر دۆسیەکە یا نا، تەنانەت گەر گومانی ئەوەش بکرێت کە کاریگەری دەبێت...

هەروەها گەر بڵاوکردنەوەکەی هەواڵەکە، یاخود بابەتەکە کاریگەری هەبێت لەسەر جێگری داواکاری گشتی و ئەوانەی هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوەی کارێکی دیاریکراو، وەك پشکنەری وەزارەتی ناوخۆ، یاخود (محقق عدلی) و شایەت، ئەوا بەپێی یاساکە سزا دەدرێن. کەواتە پێویستە رۆژنامەنووس زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە هەواڵانەدا بکات و بەقەدەر پێویست زانیاری بابەت لەبارەیانەوە بڵاو بکاتەوە.

## هەشتەم: رەچاوکردنی وردەکاریی و وریایی لە کاتی هەڵبژاردن و دانانی وێنە لەگەڵ هەواڵەکانی تاوانکاریدا.

هەندێکجار هەواڵەکانی تایبەت بە تاوان پێویست بە بڵاوکردنەوەی وێنەش دەکات، لەم جۆرە حاڵەتانەدا پێویستە رۆژنامەنووس وریا بێت لە هەڵبژاردنی وێنە و دیمەنەکانی تاوانەکەدا و دڵنیابێت لەوەی کە لەلایەك وێنەکە تایبەتە بە هەواڵەکە و لەلایەکی دیکەش دیمەنی کاریگەر و جەرگبڕی ئەوتۆی تێدا نەبێت کە دەست نەدات بۆ بڵاوکردنەوە[1]. هەندێکجار میدیاکان لە دانانی وێنەی تایبەت بە هەواڵەکانی تاوانکاریی دەکەونە هەڵەوە، ئەوەش لە بەرەنجامی پەلەکردن بەمەبەستی (سبق)، یاخود بە نەشارەزایی یا لێکچوونی ناوەکان، ئەمەش وادەکات هەندێکجار لەبری وێنەی کەسێك، وێنەی کەسێکی دیکە بڵاو دەکەنەوە و لە ئەنجامدا ئەو کەسەی وێنەکەی بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە، کەسایەتی

---

[1] هەندێکجار ماڵپەڕە کوردییەکان بەمەبەستی راکێشانی جەماوەری زیاتر بۆخۆیان، پەنا دەبەنە بەر بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە دیمەنی جەرگبڕ و کاریگەری رووداو، یاخود تاوانە ئەنجامدراوەکان لە خۆی دەگرێت و لە تەنیشتی سەرناوی گرتەکەشدا دەستەواژەی (+١٨) دەنووسن، بەڵام نووسینی ئەم دەستەواژەیە هیچ لە ئاسەوارەکانی ئەو جۆرەگرتانە کەم ناکاتەوە، یاخود نابێتە هۆی رێگریی لەوەی کە کەسانی خوار تەمەن هەژدە ساڵ سەیری نەکەن.

و ناوبانگی لەکەدار دەبێت و پێویست دەکات میدیاکە داوای پـۆزش و لێبـووردن بکات، گەر بێت و کەسەکە نەیدات بە دادگا و داوای قەرەبووی لێ نەکات.
جارێك رۆژنامەیەکی بەریتانی لە ژمارەیەکیدا و لە لاپەڕەی یەکەمیـدا هـەواڵی ئەنجامدانی تـاوانی سـەربڕینی کەسـێکی بڵاوکردبـووەوە، کـە تاوانبارەکـە پـاش تاوانەکەی هەستابوو بە پارچە پارچەکردنی جەستەی قوربانییەکەش، رۆژنامەکـە لـە تەنیشـت هەواڵەکەیـدا وێنـەی سیاسـەتمەدارێکی یەمـەنی بـە ناوبـانگی بڵاوکردبووەوە، گوایە ئەوە وێنەی تاوانبارەکەیە، ئەوەبوو لە بەرەنجامی ئەم هەڵەیە کە بەسەر رۆژنامەکەدا تێپەڕیبوو، رەوەندی یەمەنی لە وڵاتی بـەریتانیا نیگـەران و توڕەبوون سەرەڕای ئەوەی کە قوربانییەکە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە وێنەکەوە نـەبوو، لـەو بەرەنجامەشـەوە کەوتنـە گرتنەبـەری رێوشـوێنی یاسـایی لـە دژی رۆژنامەکە بـە تـاوانی لەکـەدارکردنی ناوبـانگی ئـەو سیاسـەتمەدارە و رەوەنـدی یەمەنی لەو وڵاتە.
لەلایەکی دیکەوە، رۆژنامەی (المدینة)ی سعودی بـەهۆی بەهەڵـە بڵاوکردنـەوەی وێنەی دوو کـافی نێتـەوە، داوای لێبـووردنی لـێ کـردن، کاتێـك هەسـتابوو بـە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو دوو کافی نێتە لە لێکۆڵینەوەیەکی رۆژنامەکەیـدا، کـە سەبارەت بە داخستنی (٣ )کافی نێتی دیکە ئەنجامی دابوو، بـەهۆی تێوەگلانیـان لە برەودان، بە بابەتی بەدڕەوشتی و خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

**نۆیەم: دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەسـتەواژە و وشـەگەلێك کـە شـیاوی بڵاوکردنەوە نەبێت لە کاتی داڕشتنی هەواڵدا.**

پێویستە رۆژنامەنووس لە کاتی داڕشتن و نووسینی هەواڵدا وشـە و دەسـتەواژەی شیاو و دروست بەکاربهێنێت و زۆر ورد بێـت لـە هەڵبـژاردنی ئـەو دەسـتەواژە و وشانە، ئەوە بخاتە پێش چاوی خـۆی کـە وشـە و دەسـتەواژەکانی دەچـێتە هـەموو ماڵێکەوە، لەبەر ئەوە دەبێت رەچـاوی زەوق و سـەلیقەی گشـتی بکـات و وشـە و دەستەواژەگەلێك بەکار نەهێنێت کە ستایشـی تـاوان بکـات، یـاخود کاریگـەری

ترسێنەر و تۆقێنەری هەبێت لە رووی دەروونییەوە و هەوڵ بدات بە ئاماژە ناوەرۆکی هەواڵەکە دابڕێژێت و نەچێتە ناو وردەکاریی ئەو جۆرە وشە و دەستەواژانەوە، لەم بارەیەوە پسپۆڕێکی بواری هەواڵسازیی بە قوتابییەکانی دەڵێت: "هەمیشە هەواڵ بەو شێوەیە بنووسن و دابڕێژن و بڵاو بکەنەوە وەك ئەوەی بۆ دایك و باوك و خوشك و برا و منداڵەکانی خۆتان بێت".

هەندێك لە میدیا رۆدەچنە ناو دارشتنی چیرۆکە هەواڵی تاوانکاریی بە شێوەیەکی ورووژاندن و تەشویقکردن و زیادەڕەویکردن تیایدا، بەتایبەت لە وردەکارییەکانی تاوانەکە، ئەوەش بە پشتبەستن بە دۆسیێی ئەرشیفی هێزەکانی پۆلیس و جەختکردنەوە لەسەر وردەکارییە هەستیارەکانی تاوانەکە و بەکارهێنانی ناو و نانیشان و دەستەواژەی سەرنجڕاکێش و ورووژێنەر و دابینکردنی رووبەرێکی فراوان لە رۆژنامەکە بۆ گێڕانەوەی ئەو جۆرە تاوانانە، کە بێگومان ئەمەش لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری سلبیی خۆی دەبێت لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا[1]. لە یەکێك لە رووداوەکانی کوشتن لە هەرێمی کوردستان، میدیاکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ هەواڵەکانیان دارشتبوو کە دەستیان بردبوو بۆ زۆر وردەکاریی، بەتایبەت شێوازی کوشتنی قوربانییەکان، کە بریتی بوو لە (سەربڕین بە چەقۆ) و خستنەڕووی وردەکاری و شێوازی سەربڕینەکان و تەنانەت بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو ژوورەی کە تاوانەکەی تیا ئەنجام درابوو، بێگومان ئەمەش لە رووی دەروونییەوە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر کۆمەڵگا

---

[1] د. أمين بن أحمد المغامسي، المصدر السابق، ص٢٥٩-٢٩٢.

## بنەماکانی تایبەت بە رووماڵکردنی
## هەواڵی تایبەت بە رووداوەکان

**یەکەم: جەختکردنەوە لەسەر لایەنی پەندوەرگرتن و ئامۆژگاری لە رووداوەکە و ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی روودانی رووداوەکە.**

هەندێك لە میدیاکان، بەتایبەت رۆژنامەکان، زیاتر فراوان دەبنەوە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی رووداوەکان، لەکاتێکدا ئەسڵ وایە کە زیاتر تەرکیز بکەنە سەر لایەنی پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن لەو جۆرە رووداوانە و رۆنەچوون لە کۆمەڵە وردەکاری و زانیارییەکدا کە خزمەتی ئەم بوارە ناکات، شانبەشانی پێدانی گرنگی تایبەتی بەو کاروبار و لایەنانەی کە دەکرێت کەڵك و سوود بە خوێنەر یا بیسەر و بینەران بگەیەنن، بەتایبەت ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بەو هۆکارانەوە هەیە کە بوونەتە مایەی کەوتنەوەی رووداوەکە، لە کاتێکدا گەر رۆژنامەنووس توانی لەم بارەیەوە زانیاری پشتڕاستکراوە و دڵنیا وەربگرێت، وەك ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە هۆکاری روودانی رووداوێکی هاتوچۆوە هەبێت، بۆ نموونە رووداوەکە بەهۆی تیژڕەوی، یاخود خەوتن لە کاتی شۆفێریدا، یا خراپی و کۆنبوونی تایەی ئۆتۆمبێل، یا پەککەوتنی ئیستۆپی ئۆتۆمبێلەکە، یا هەر گرفت و کێشەیەکی دیکەوە، کە بووبێتە هۆی کەوتنەوەی رووداوی هاتوچۆکە، چونکە باسکردن لەم جۆرە هۆکارانە وا دەکات ئەوانەی هەواڵەکە دەخوێننەوە، یا دەیبیستن، یا دەیبینن، لەم بارەیەوە بە خۆیاندا بچنەوە و ببێتە خاڵێکی راچەنین بۆیان... یاخود گەر زانیارییەکان پەیوەندی بە هۆکاری کەوتنەوەی رووداوێکی ئاگرکەوتنەوەوە هەبێت، بۆ نموونە گەر هۆکارەکە پەیوەندی بە شۆرتی کارەباوە هەبێت، یاخود دزەکردنی غاز، یاخود یاریکردنی منداڵان بە ئاگر، یان یارییە ئاگرینەکان... یاخود گەر هات و زانیارییەکان پەیوەندی بە رووداوێکی خنکانەوە هەبێت بەهۆی مەلەکردنەوە لە گۆماوێکدا، کە بە هۆی بارانەوە دروست بووبێت، یا قەراغ دەریا و مەلەکردن لە ئاوێکی قوڵدا، یاخود

بەجێهێشتنی منداڵ لە تەنیشی حەوزی مەلەکردندا، کە دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە هۆکارانە وا دەکات خوێنەر زیاتر بەئاگابێتەوە و ئەو جۆرە هەڵانە دووپات نەکاتەوە... بە کورتی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە زانیارییانە ئامۆژگاری و پەندێك دەبێت بۆ خەڵکی کاتێك رووداوێك روودەدات و رۆژنامەنووس دوای دڵنیابوون لە هۆکاری رووداوەکە دێت لەنێو هەواڵەکەیدا جێگەی دەکاتەوە بەمەبەستی وشیارکردنەوەی خەڵکی لەو جۆرە هۆکارانە.

**دووەم: رەچاوکردنی تایبەتمەندی هەستیاری رووداوەکانی خۆکوشتن و رۆ نەچوون لە باسکردنی وردەکاری و بە هەندوەرنەگرتنی هۆکارەکانی.**

هەندێك رووداو هەن کە خاوەنی سروشتێکی تایبەتن و پێویستە زۆر بە وریایی و ئاگابوونەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، لە نموونەی ئەم جۆرە هەواڵانە رووداوەکانی خۆکوشتن و ئەو هەواڵانەوەی پەیوەندییان پێوەی هەیە، لەم جۆرە هەواڵانەدا نابێت زۆر رۆبچینە ناو وردەکاری و رێگەکانی ئەنجامدانی کارەکە لەلایەن خۆکوژەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی، ئەوەش لەبەر مەترسی دووبارەکردنەوە یا تاقیکردنەوەی ئەو جۆرە هۆکارانە لەلایەن کەسانێکی دیکە، کە ئەو جۆرە ئامادەگییەیان هەیە بۆ خۆکوشتن و تا ئەو کاتە بەلایانەوە زانراو نەبووە، بۆ نموونە باسکردن لە رووداوی خۆکوشتنی ژنێك بەهۆی خواردنی دەرمانی لەناوبردنی جرج و مشەکەوە، یا خۆکوشتن لەرێگەی خواردنی حەب و دەرمانەوە بە دیاریکردنی جۆر و بڕی دەرمانەکە.

لە یەکێك لە ماڵپەڕە کوردییەکان ئاماژە بە خۆکوشتنی کەسایەتییەکی ناودار کراوە و بەم جۆرە باسی کردووە:... بە گوللەیەك لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، پێش خۆکوشتنەکەش جارێکی دیکە هەوڵی دابوو لە رێگەی بەکارهێنانی تەزووی کارەباوە خۆی بکوژێت، بۆ ئەوەی نەزانرێت کە خۆی کوشتووە و وادابنرێت کە کارەبا گرتوویەتی... لە درێژەی هەواڵەکەیدا ماڵپەڕەکە نووسیویەتی:... بەردەوام هەستی کردووە کە نەخۆشە و ترسی لەوە هەبووە کە

**تووشی نەخۆشی شێرەپەنجە بوویێت، پێدەچێت ئەوەش وایکردبێت کە خۆی بکوژێت؟!**

**لێرەدا هەواڵساز تەنها بەوەوە نەوەستاوە کە ئەو زانیارییانەی بڵاوکردۆتەوە، بەڵکو هەنگاوی ناوە بۆ شرۆڤەکردن و شیکاری و بەم هۆیەشەوە کۆمەڵە ئەنجامێکی گریمانەیی داوە بە خوێنەر کە زۆر مەترسیدارە، لە کاتێکدا دەکرا وەك هەواڵێکی ئاسایی هەواڵەکە دابڕێژرایەتەوە بێ ئەوە بچنە ناو ئەو وردەکارییە، کە هیچ سوودێك بە خودی هەواڵەکە ناگەیەنێت.**

**لەلایەکی دیکەوە، ئاماژە نەدان بە شێواز و هۆکارەکانی خۆکوشتن، پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزارییەکی خۆڕاییە دەربارەی ئەو هۆکار و شێوازانەی کە کەسانێك لە ڕێگەیانەوە کۆتایی بە ژیانیان دێنن، یان دەیانەوێت لە ڕێگەیانەوە کۆتایی بە ژیانیان بهێنن، لە کاتێکدا ئاماژە نەدان بە شێواز و هۆکاری خۆکوشتنەکە هیچ کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی هەواڵەکە ناکات.**

**بۆ نموونە گەر سەرنجی ئەم هەواڵە بدەین:**

**پیاوێکی تەمەن چل ساڵە لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی پاش ئەوەی دەبەیەك بەنزین دەکات بەسەر خۆیدا، ئاگر لە جەستەی بەردەدا و دواتر لەلایەن هاوڵاتییانەوە هەوڵی کواژندنەوەی ئاگرەکەی جەستەی دەدرێت، بەڵام پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە و بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە، گیانی لەدەست دا...**

**گەر ئێمە لێرەدا دەستەواژەی (پاش ئەوەی دەبەیەك بەنزین دەکات بەسەر خۆیدا) لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە لابدەین، ئەوا بێگومان هەواڵەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هیچ کەموکورتییەکی تیا دروست نابێت و واتای تەواوی خۆی دەدات بەدەستەوە، کەواتە دەکرێت نەچینە ناو ئەو وردەکارییەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لاسایی نەکەنەوە و چاولێکەری بکەن.**

**مەسەلەیەکی تری هاوپێوەند هەیە بە بابەتی خۆکوشتنەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەستیاریی زۆری ئەم جۆرە هەواڵانە، کە وادەکات ڕۆژنامەنووس زۆر وردەکاریی بە خەرج بدات لە دانان و نووسینی هەموو ئەو زانیارییانەی کە**

پەیوەندییان پێوەی هەیە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا، چونکە هەندێك ڕووداو کە وا دەردەکەوێت لە ڕواڵەتدا خۆکووشتن بێت، بەڵام بە یەکێك لە دژوارترین و سەختترین بابەتەکان لە ڕووی چارەسەری ڕۆژنامەوانییەوە دادەنرێت، بۆ نموونە گەر هات و هێزەکانی پۆلیس باسیان لەوە کرد کەسێك بە کوژراویی دۆزراوەتەوە و ئاسەواری فیشەك دیار بووە بە بەشی لای ڕاستی سەریەوە و دەمانچەیەکیش بەدەستی ڕاستییەوە بووە، یاخود لە تەنیشت دەستی ڕاستیدا دانراوە... یاخود کەسێك لە شەودا خۆی هەڵداوەتە خوارەوە لە باڵەخانەیەکەوە و بەو هۆیەشەوە گیانی لەدەست داوە... لەم جۆرە هەواڵانە نابێت ڕۆژنامەنووس هیچ جۆرە بەرەنجامێك هەڵبهێنجێنێت و ڕووداوەکە بە خۆکوشتن بداتە قەڵەم، لە کاتێکدا دەکرێت ڕووداوەکە خۆکوشتن نەبێت، بەڵکو لەلایەن کەسێکی دیکەوە ئەنجامدرابێت، یاکەوتنە خوارەوەکە کەسێك پاڵی پێوە نابێت، یا فڕێی دابێتە خوارەوە، لەبەر ئەوە باشترین ڕێگەچارە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئەوەیە، کە ڕۆژنامەنووس تەنها زانیارییە دڵنیا و یەکلاییکراوەکان بڵاو بکاتەوە و خۆی بە دوور بگرێت لە لێکدانەوە و دانانی گریمانە لە حاڵەتی نەبوونی بەڵگەی یەکلاییکەرەوە لەلایەن پزیشکی دادوەری، یا لێکۆڵینەوەی پۆلیس و دادگاوە.

هەروەها پێویستە ڕۆژنامەنووس دەست نەبات بۆ هەندێك دەستەواژە و وەك پاساو و بیانوو بیهێنێتەوە بۆ ئەو کەسەی خۆی کوشتووە، یا ئاماژە بدات بە گریمانەیەك بۆ ڕووداوی خۆکوشتنەکە، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوەی لەبەردەستدا بێت و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ساغکرابێتەوە، بۆ نموونە: "قوربانییەکە بە بارێکی دژواری داراییدا تێپەڕیبوو"، "پەیوەندی لەگەڵ خێزان و بنەماڵەکەیدا لەو ماوانەی دواییدا زۆر خراپ بووە"، "ناکۆکی توندی هەبوو لەگەڵ بەرپرسی فەرمانگەکەیدا"، "دەیویست هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانیدا بکات، بەڵام ئەو ڕەتیکردبووەوە"، "بەدەست گرفت و کێشەی دەروونییەوە دەیناڵاند"، "ترسی هەبوو لەوەی دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووبێت"...

**سێیەم: بەوریایی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو رووداوانەی کە پەیوەندییان بە تاکەکان و سەروەت و سامانە تایبەتییەکانیانەوە هەیە.**

پێویستە رۆژنامەنووس زۆر بەوریایی مامەڵە لەگەڵ نووسینی ئەو زانیارییانە بکات لەگەڵ هەواڵەکەدا هەیە و پەیوەندییان بە هەندێك جۆر لە رووداوەوە هەیە و تایبەتە بە خودی کەسەکان، یا سەروەت و سامانەکانیان، یا شوێنی کارکردن و بازرگانیکردنیان، یا کۆمپانیا و کارگەکانیان، لەم جۆرە حاڵەتانەدا باشتر وایە رۆژنامەنووس پرس بکات و رەزامەندی خاوەنی ئەو زانیارییانە وەربگرێت، ئەو کات بڵاوی بکاتەوە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە رووداوەکەوە هەیە، یا قەبارەی رووداوەکە، یا ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە رووداوەکەوە هەیە.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانی لە وڵاتی سعودییە تەحەفوزی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە دەربڕی، کە پەیوەندییان بە رووداوە تایبەتەکانی ماڵانەوە هەبوو، چونکە ئەو بابەتانە پەیوەندییان بە خودی خاوەن ماڵەکانەوە هەیە و پێویستە ئەوان رەزامەند بن لەسەر بڵاوکردنەوەیان، نەك هێزەکانی بەرگریی شارستانی ئازاد بن لەوەی هەموو زانیارییەك لەو بارەیەوە بدرکێنن، بەڵام دەربارەی ئەو رووداوانەی کە لە شوێنێکی گشتیدا روودەدەن و راستەوخۆ هێزەکانی بەرگریی شارستانی دەچنە سەر رووداوەکە، ئەوا هیچ جۆرە رێگرییەك، یاخود قەدەغەکردنێك لەم بارەیەوە لەئارادا نییە و رۆژنامەنووسان دەتوانن راستەوخۆ لە هێزەکانی بەرگریی شارستانی زانیارییەکان وەربگرن و بڵاوی بکەنەوە[1].

---

[1] د. أمين بن أحمد المغامسي، المصدر السابق، ص٢٩٢ ـ ٢٩٨ .

## گرفتی ئیتیکی
## کاری رۆژنامەنووسی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاواندا

ئەمڕۆ کاری رۆژنامەنووسی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لەسەر هەردوو ئاستی پیشەیی و دەستەبەربوونی کەناڵەکانی راگەیاندن بەجۆرێك هەژموونی راگەیاندن تەواوی دەزگاکان و گۆشە و کەناری ئەم زەمینەی گرتۆتەوە و لە نزیکەوە و لە هەرشوێنە و بەپێی ئالییەتی بەردەست رووماڵی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی و بوارەکانی دیکەی ژیان دەکات.

دیارە لەگەڵ گەورەبوونی رۆڵی راگەیاندن و بەرفراوانبوونی رووبەری کاری رۆژنامەنووسی و پێکداچوونی کار و چالاکییەکان و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، واپێویست دەکات ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئاستێکی باش رێك بخرێت، بەجۆرێك کە سنووری ماف و ئازادییەکانی بەرامبەر پێشێل نەکات و لە هەمان کاتیشدا پەیامی خۆی بگەیەنێت، لەم نێوەشدا لەزۆربەی زۆری وڵاتاندا یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسان هەیە، ئەمە سەرەڕای هەبوونی رێکخراوی تایبەت بە رۆژنامەنووسان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

ئەمڕۆش لەگەڵ گەشەکردنی زۆری پەیوەندی نێوان رێکخراوەکانی تایبەت بە رۆژنامەنووسان، لەهەمان کاتیشدا دیسپلین و بنەمای پێویست هاتۆتە ئاراوە لەپێناو پابەندبوونی رۆژنامەنووسان بە ئەرکەکانی نێو پیشەکەیان، لەڕاستیشدا ئامانج لە رۆژنامە و ئازادییەکەی، بریتییە لە خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵگا و تاکەکانی و گەرەنتی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری دروست، ئەمەش لەو رێگایانەی کاری تێدا دەکەن، هەروەها توانای دروستکردنی رایەکی دروست دەربارەی بابەتە جۆراجۆرەکان، کە ئەمانەش کۆمەڵە کارێکن کە گرانە بێتە دی، بێ پابەندبوون بە ئادابی پیشەی رۆژنامەنووسی و دیسپلینەکانی.

دەکرێت بڵێین گرنگ ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی رۆژنامەگەری ئازاد و پاك بین، چونکە بێ بوونی گەرەنتی پاکی لە رۆژنامەنووسیدا، ئەوا لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ

سـەپاندنی ئیرهـابی فیکـری بەسـەر کۆمـەڵگادا و پێشـێلکردنی سـەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت کە کێبڕکێـی نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەوڵـدان بـۆ کۆکردنـەوەی زۆرتـرین جـەماوەر لـە دەوری خۆی بۆ رووپۆشکردنی تێچوونی دارایی بـەڕێوەبردنی ئـەو کەناڵـە، چـەند گرفتێك دروست دەکات، کە وا دەکات هەندێك لـەو دەزگایانـە سـنووری خۆیـان ببەزێنن و بنەماکانی کاری رۆژنامەنووسی پێشێل بکەن، لێرەدا دەکرێـت ئامـاژە بدەینە ئەو ئیتیکانـەی وا دەکـات رۆژنامـەنووس لـە گرفتـە جۆربەجۆرانـە دوور دەخاتەوە، کە هەندێکجار بەرۆکی رۆژنامەنووس دەگرێت لەمیانەی کارەکەیدا...

**یەکـەم: زانیـاری پشتڕاسـت نـەکراو، موراعـات نـەکردنی وردەکـاری لـە بڵاوکردنەوەدا، پابەند نەبوون بە مافی وەڵامدانەوە و راستکردنەوە.**

نابێـت وێنـای رۆژنامەگـەری ئـازاد بکـەین، بـێ بـوونی ئـازادیی دەستخسـتنی زانیارییەکان، کاتێك دەڵێین دەبێـت رۆژنامـەنووس زانیـاری پشتڕاسـت نـەکراوە و وردەکاریی تێدانەکراو بڵاو نەکاتەوە، واتـای ئەوەیـە دەبێـت گـرەنتی گەیشـتن بـە زانیارییەکان بۆ رۆژنامەنووس بکەین لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی خۆیەوە، چونکە وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەی راست و باوەڕپێکراوی خۆیەوە، کە پەیوەنـدی بـە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە، جەماوەر بەرچاو روون دەکـات لـە کـار و چـالاکی و ئیجابیات و سلبیاتی دەسەڵات، بەجۆرێك کە نەکەوێتەوە هەڵەوە لە بەرامبەریدا.

بێگومان پارێزگاریکردنی رۆژنامەنووس لە سەرچـاوەی زانیارییـەکانی، کـارێکی گرنگە، بەڵام گرنگتر لەوە ئەوەیە کـە متمانـە بـە سەرچـاوەکەی بکـات، چـونکە زۆرجار زانیاری چەواشە و نادروسـت دزە دەکـات بـۆ نێـو کـاری رۆژنامـەنووس و بەوەش کاریگەری سلبـی لەسەر رەهەندی پیشەیی ئـەو رۆژنامەنووسـە دروسـت دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا نابێت رۆژنامەنووس بە هیچ بڕوبیانوویەك و بـە رێگـەی نادروست و نەشیاو بگات بە زانیاری تـا بـڵاوی بکاتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی نابێـت هەوڵی دزینی زانیاری بـدات، یـان بەشـێوەی نادروسـت بیبـات و بـڕوات کـۆپی بکات، بێ ئەوەی بزانێت ئایا رێگەی پێ دەدرێت ئەو کارە بکات، یان نا، هەروەها

نابێت زانیارییەك بڵاوبكاتەوە كە بڵاوكردنەوەی زیانی گەورەتر بێت لە داپۆشینی ئەو زانیارییە و بڵاو نەكردنەوەی، بێگومان لە هەرێمی كوردستان بە دەرچوون و خستنە واری جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای مافی دەستكەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستان - عێراق، ڕەنگە بەشێكی بەرچاوی ئەم گرفتانە چارەسەر بكات .

**دووەم: بڵاوكردنەوەی هەواڵی نادیار، یان بڵاوكردنەوەی كەموكورت، یاخود زیادەڕۆیی تیاكراو.**

بڵاوكردنەوەی هەواڵی نادیار و تەمومژاوی، یاخود هەندێك ڕووداوی كەموكورت، یاخود نادروست، لە هەرە سەرپێچییەكانی ئادابی گشتی پیشەی ڕۆژنامەنووسییە، هەواڵی نادیار ئەو هەواڵە نییە كە پشت بە زانیاری ڕوون و ئاشكرا نابەستێ و سەرچاوەكەی نادیارە، بەڵكو ئەو هەواڵەیە كە خودی هەواڵەكە خۆی نادیار و نەزانراوە، بە واتایەكی تر نازانرێت باس لە چی دەكات، هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان بەمەبەست دەیانەوێت هەواڵێك بە نادیاریی بخەنە ڕوو. ئەمەش بۆ گەیشتن بە دوو ئامانج، یەكەمیان: دەربازبوون لە سزای یاسایی كاتێك ئەو هەواڵە جنێو، یاخود قەزف، یان پێشێلی مافی تایبەتی تاكەكانی كردووە، دووەمیان: بریتییە لە نەهێشتنی مافی وەڵامدانەوە و ڕاستكردنەوە، كاتێكیش ئەو واقیعەی هەواڵەكە باسی دەكات بە شێوەیەكی تەواو نادیار بوو، ئەوا میدیا پابەند نابێت بە مافی وەڵامدانەوە، واتە ناچار ناكرێت بەپێی یاسا تا وەڵامی ئەو واقیعە تەمومژاوییەوە بڵاوبكاتەوە.

**سێیەم: ڕێز نەگرتنی ژیانی تایبەتی هاوڵاتییان.**

هەموو كەسێك مافی ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتی هەیە و نابێت ڕۆژنامە دەست وەربداتە كاروباری تایبەتی ژیانی كەسەكان، تەنانەت با كەسایەتی گشتیش بن، تا ئەوكاتەی ژیانی تایبەتی ئەو كەسەی كە باس دەكرێت، كاریگەری نابێت بەجۆرێك لە جۆرەكان لەسەر ئەنجامدانی كاروبارەكانی ئەو كەسە، كە ڕەهەندێكی گشتی هەبێت و لەمسی كۆمەڵگا بكات، بۆ نموونە كاتێك

هەواڵێکی تایبەت دەربارەی یاریزانێکی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڵاودەکرێتەوە، کـە هەمیشە لە یانە شەوانەکاندایە، ئەوا ئەمە بە پێشێلکردنی مـافی تایبـەتی ئـەو یاریزانە حساب ناکرێت، چونکە پاراسـتنی توانسـتی لاشـەیی و لێهـاتوویی ئـەو یاریزانە، کارێکە پەیوەستە بە هەموو ئەوانەی گرنگی بە یاریی تـۆپی پـێ دەدەن بە گشتی و جەماوەری ئەو یاریزانە بەتایبەت، چونکە ئەم هەڵسوکەوتەشـی کـەم تا زۆر کاریگەری دەنـوێنێ لەسـەر کۆمـەڵگاکەشـی لەگـەڵ ئـەوەی کاریگـەری لەسەر توانای خۆیشی دروست دەکات.

**چوارەم: ڕێزنەگرتنی ئایین و بیروباوەڕەکان، یان بانگەوازکردن بۆ جیاکاریی لەسەر بنەمای ئایین، یان ڕەگەز، یاخود ڕەنگ، یان وورووژاندنی ناکۆکییـە تایـەفی و ڕەگەزییەکان.**

بەشێوەیەکی گشـتی، ڕۆژنامـە و ڕۆژنامەنووسـان نابێـت شـتێك بنووسـن، یـان هەواڵێك بـڵاو بکەنـەوە کـە هانـدەر بێـت بـۆ ڕق لێبوونـەوە و تۆڵەسـەندنەوە و بەهێزکردنی نەزعەی ڕەگەزپەرستی و تایەفی، یاخود زاڵکردنی تایەفەیەك بەسـەر تایەفەیەکی تردا، یاخود ڕەواجدان بە بیروڕایەکی دژ بە مافەکانی مرۆڤ، هـەروەك نابێت ڕۆژنامەنووسان ئەو زانیارییانە قبوڵ بکەن کە دەبێتە مایەی بڵاوبوونـەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە.

**پێنجەم: بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووت و بەکارهێنانی گوزارشی نەشیاو.**

نابێت میدیا بە گشتی و ڕۆژنامە بە تایبەتی متمانە بکاتە سەر وێنـەی ڕووت و نەشیاو بۆ زیادکردنی ژمارەی فرۆشی ڕۆژنامەکەی و دابەشکردنی، هەروەك نابێـت وشەی سوك و نەگونجاو بەکاربهێنێت، ئەم قەدەغەکردنە ئەو ڕۆژنامانە ناگرێتـەوە کە تایبەتمەندن بە ڕۆژنامەی بواری سێکس، ئەمە سەرەڕای ئـەوەی بازرگـانیکردن بە سێکس و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کـارێکی نەشـیاوە (دیـارە ئـەم حاڵەتـە لـە کۆمـەڵگایەکەوە بۆ کۆمـەڵگایەکی تر دەگۆڕێت)، بـەڵام بیرۆکـەی قەدەغـەکردنی ڕۆژنامە لە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووت پەیوەندی بە بابـەتی پیشـەیی ڕۆژنامــەوە هەیە، ناکرێت ڕۆژنامەیەکی سیاسی لەنێو لاپەڕەکانیـدا وێنـەی ڕووت و نەشـیاو

**دابەزێنێت، یاخود هەندێك گوزارشتی وورووژێنەر بڵاوبكاتەوە، چونكە ئەو كەسەی دەیەوێت رۆژنامەیەك بكرێت، دەبێت بزانێت بەشێوەیەكی گشتی ناوەرۆكی رۆژنامەكە چی تێدایە.**

**شەشەم: رەچاو نەكردنی ئەدەبیاتی بڵاوكردنەوەی هەواڵی تاوان بەشێوەیەكی گشتی.**

**بڵاوكردنەوەی هەواڵی تاوان دادەنرێت بە یەكێك لە مادە گرنگەكانی رۆژنامەنووسی و میدیاكان بە زۆری بەدوایدا رادەكەن، چونكە بڵاوكردنەوەی هەواڵی تاوان لەگەڵ هەموو ئەو شتە نهێنی و چاوەڕواننەكراوانەی لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، یارمەتی زیاتر فرۆشی رۆژنامەكە یا زیادكردنی وەرگری میدیاكەش دەدات، تەنانەت هەندێك لە رۆژنامەكان رۆژانە بن، یان هەفتانە، رووبەرێكی زۆری رۆژنامەكەیان تەرخاندەكەن بۆ بڵاوكردنەوەی هەواڵی تاوان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك میدیای تریش تایبەت كراون بە بڵاوكردنەوەی هەواڵی رۆژنامەنووسی.**

**شایانی باسە زۆرێك لە (پەیماننامەی شەرەف) [1]ی رۆژنامەنووسی لەسەر ئاستی جیهاندا گرنگییان داوە بە مەسەلەی بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوان**

---

١- [1]جوان نیشان نەدان و هاننەدانی تاوان و زیادەڕەویی و دەست شل نەكردن بۆ بڵاوكردنەوەی هەواڵەكانی تاوانكاری و پێدانی قەبارە و رووبەری زیاد لە پێویست پێیان.

٢- وێنە نەگرتن و نیشاننەدانی هەندێك حاڵەتی دەگمەن و ریزپەڕ (شاذ)ی ناو كۆمەڵگا و خستنەڕووی وەك دیاردەی كۆمەڵایەتی.

٣- تەبەنیكردنی رێوشوێنەكانی بەرەنگاربوونەوەی بەلارێداچوون و تاوانكاری.

٤- زەلیل نەكردن و گاڵتە نەكردن بە كەسی تاوانبار، یان ناوەكە، یا رەگەز و نەژادەكەی، یا قەناعەتە ئاینییەكانی، یاخود دەستەوسانی جەستەیی تاوانبار.

٥- بڵاونەكردنەوەی ناوەڕۆكی ئەو جۆرە هەواڵانەی كە زیاتر سروشتێكی دڕندانە و وەحشیگەری زاڵە بەسەریاندا، یا توندوتیژی جەستەیی، یا سزادانی سێكسی لە خۆی دەگرێت.

٦- زەرورەتی مامەڵەكردن بەوپەڕی هەستیارییەوە لەگەڵ ئەو تاوانانەی كە دەكرێت كاریگەرییان هەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی.

**بەشێوەیەکی گشتی، بۆ نموونە لە وڵاتی سوید پێویستە میدیاکان دوور بکەونەوە لە وەسفی وردەکاریی تاوانەکان، یاخود وێنەی گومان لێکراو بڵاونەکەنەوە، لە وڵاتی نەرویجیش نابێت ناوی تۆمەتبار یان شایەتی تایبەت لە دۆسییە سێکسییەکاندا بڵاوبکرێتەوە، هەروەك نابێت ئیدانە پێشووەکانی تۆمەتبار بڵاوبکرێتەوە، لە وڵاتانی تریش هەریەك بەجۆرێك ئەم مەسەلەیەیان رێکخستووە[1].**

---

٧- زەروورەتی گرنگیدان بە قوربانییانی تاوانکارییەکان، یان رووداوەکان و ناو نەهێنانی خۆیان یا خزم و کەسە نزیکەکانیان، یاخود رەگەز و نەژادیان، بەتایبەت گەر هات و ئەو جۆرە زانیارییانە هیچ پەیوەست نەبوون و زەروور نەبوون بۆ خودی هەواڵەکە. (هەندێك جار کوڕی بەرپرسێك یا خزمی بەرپرسێك تاوانێك، یاخود کارێکی نابەجێی کردووە، دەبینین کە هەندێك لە رۆژنامەنووسان دەستبەجێ باس لەو پەیوەندییە دەکەن کە لەنێوان ئەو کەسەی تاوانەکەی کردووە، لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا دەکەن، وەك ئەوەی کە خودی ئەو بەرپرسە تاوانەکەی ئەنجامدابێت، لە کاتێکدا لەوە دەچێت ئەو بەرپرسە دوور و نزیك ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبووبێت).

٨- زەرورەتی پێنەدانی هیچ جۆرە بەرامبەرێکی ماددیی بە کەسانی تاوانبار بۆ ئەوەی دیدار و گفتوگۆیان لەگەڵ ساز بکەن، یا بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو خانووەی کە بەکارهاتووە بۆ کاری خۆکوژی، یاخود بڕی ئەو ژەمانەی کەسێك بەکاری هێناوە بۆ خۆکوشتن یا جۆری ماددەکە.

بڵاو نەکردنەوەی ناونیشانی تۆمەتبار، یا گومانلێکراو، کە هەستابن بە ئەنجامدانی تاوانێك یا باسکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی، یا ئاینی، یا بیروبۆچوونی سیاسییان، مەگەر ئەو کارە بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت و وا بخوازێت ئەو زانیارییانە بڵاو بکرێنەوە. (زۆرجار ئەوەمان دیتوە یا بیستووە کاتێك کەسێکی سەر بەلایەنێکی سیاسی یا ئاینی تاوانێکی ئەنجامداوە، هەندێك رۆژنامەنووس لە روانگەی بیروبۆچوونی سیاسی، یاخود ئاینی کەسەکەوە مامەڵەیان لەگەڵ هەواڵەکەدا کردووە، کە لەڕاستیدا ئەم کەسە وەك تاکێك ئەو کارەی ئەنجامداوە و تەنها خۆیشی بەرپرسیارێتی کارەکەی هەڵدەگرێت).

ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە دەبێت رۆژنامەنووس مامەڵەی بابەتییانە لەگەڵ خودی هەواڵەکەدا بکات و لە دەرەوەی ئەو بابەتە دەست بۆ هیچ شتێکی دیکەی تایبەت بە کەسەکە نەبات.

[1] المحامی نجاد البرعی، جرائم الصحافة والنشر، المجموعة المتحدة للنشر، قاهرة، ٢٠٠٤، ص٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣.

## رووماڵکردنی هەواڵی دادگاکان

پێدەچێت ڕێوشوێنە دادوەرییەکان یەکێك بوویێت لەو ڕێوشوێنە کۆنانەی کە خەڵکی لە هەر شتێکی تر زیاتر ویستبێتی ئاگادار ببێت و بزانێت لەنێو کۆمەڵگاکەیدا چی دەگوزەرێت، بەتایبەت دەربارەی ئەو مەسەلانەی دەچنە بەردەم قەزا و دادوەر حوکمی تێدا دەردەکات، جگە لەمەش مافی هەموو هاوڵاتییەکە تا بە چاوی خۆی بیبینێت، یان بە گوێی خۆی بیبیستێت کە چۆن یاسا لە وڵاتەکەیدا جێبەجێ دەکرێت و دڵنیا ببێت لە سەلامەتیی جێبەجێکردنی ئەو بوارە زیندوو و گرنگەی ژیانی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەوەی متمانەش پەیدا بکات بەوانەی کە دادوەری دەکەن و دڵنیا بێت لە دەستپاکییان...[1].

لەلایەن خۆشییەوە، لۆرد رینج لە کتێبێکیدا بەناوی (ڕێگا بەرەو دادپەروەری) دەڵێت: ڕۆژنامە پاسەوانی دادپەروەرییە و گەر بێت و هەستێ بە ئەرکەکانی بەشێوەیەکی ورد و ڕێکوپێك، ئەوا بێگومان پاڵپشتی لە بنەمایەکی گرنگ دەکات کە دەستەبەری دادگایەکی عادیلانە بۆ هەموو کەسێك دەکات تا بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوە بڕوات و خەڵکی بزانێت لەنێو هۆڵەکانی دادگادا چی دەگوزەرێت، لەبەر ئەوەشی کە دادگا لە پشتی دەرگا داخراوەکانەوە بەڕێوە ناچێت، ئەوا مافی هەموو کەسێکە ئەوە بڵاو بکاتەوە کە بیستوویەتی و بینیویەتی لە هۆڵی دادگادا و لە هەر ڕۆژنامەیەکدا، کە بییەوێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرە بەهێزەی کە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن هەیەتی، دادوەریش زیاتر سوور دەبێت لەسەر گرتنەبەری شێوازی یاسایی پاك و ڕێوشوێنی یاسایی کاتێك بزانێت هەر جۆرە لادان و ستەم و نادادپەروەرییەك گەر بیکات لەنێو هۆڵی دادگا، ئەوا خەڵکی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان دەیخوێننەوە، لەبەر

---

[1] الدكتور عبداللطيف حمزة، المصدر السابق، ص٣٣٧.

ئەوە گرنگی زۆر دەدات بەوەی کە بڕیاری دروست و یاسایی دەربکات، تا بتوانێت قەناعەت بهێنێن بە رای گشتی... [١].

بڵاوکردنەوەی هەواڵ و راپۆرتەهەواڵ لەسەر دادگاکان، کارێکی گرنگ و ئەرزشمەندە، ئەمەش نەك تەنها لەبەرئەوەی دادگاکان سەرچاوەی گرنگن بۆ دەستخستنی هەواڵەکانی تاوان و مەسەلەکانی هاوپێوەند بە گرنگی و تێڕوانینی جەماوەر و گرنگی خۆی هەیە، بەڵکو بە بەڵگەی ئەوەی کە یاسا بنەمای کۆمەڵگەی مۆدێرنە و و پێویستە کەسانی لاواز و زەرەرمەند تیایدا پارێزگاریی بکرێن و مافەکانیان بسەنرێتەوە، هەر هاولاتییەکیش کاتێك رێی دەکەوێتە نێو دادگاکان، گەرەکە دادگاییەکی عادیلانە بکرێت و بەبێ ئەم مافەش مافی مرۆڤ ئیتر ئەرزش و گرنگی نامێنێت و هیچ گەرەنتییەکی نییە، لەم نێوەندەشدا پێویستە ریپۆرتەر و هەواڵسازی دەزگاکانی راگەیاندن لە گواستنەوەی هەواڵەکانیاندا لایەنگری لە لایەك نەکەن لە بەرامبەر لایەنەکەی تردا و هەر ئەم بنەمایەش زاڵە بەسەر کاروبارەکانی دادگاکاندا [٢].

بێگومان هەواڵی تایبەت بە تاوان و ئەو رێوشوێنانەی کە دادگاکان دەیگرنە بەر لە بینینی داوا یاساییەکاندا، یەکێکە لە هەرە سەرەکیترین بابەتەکان، کە رۆژنامەنووسان گرنگی زۆری پێ دەدەن بەمەبەستی زیادکردنی ژمارەی وەرگری میدیاکانیان یان خوێنەرەکانیان ، لەبەر ئەوەش رۆژنامەنووس لەپێناو دەستخستنی (سبق)ی رۆژنامەنووسی و هەندێك جاریش بێ ئەوەی دڵنیابێت لە راستی هەواڵەکە، یاخود رەوایەتی بڵاو کردنەوە، بەخێرایی بڵاوی دەکاتەوە...

مەبدەئی گشتی دادگاییکردن هەروەك لە دەستووری عێراقیدا هاتووە، بریتییە لە (ئاشکرایی) و بڵاوکردنەوەی، ئەوەشی لە دادگاکان دەگوزەرێت بەشێکە لەو ئاشکرایەتییە، کە ماف دەدات بە هەموو کەس تا بە ئاشکرا دادگایی بکرێت و

---

[١] مامۆستا سامان فەوزی عومەر، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] ریچارد کیبل، راهنمایی روزنامەنگاری، ترجمە: مریم تاج فر، انتشارات همشهری، چاپ اول، ١٣٧٩. ص٣٣١،٣٣٢.

ئەم مافەی بۆ دەستەبەر بکرێت و بەجۆرێك خەڵکی بتوانن ئاگاداری ئەوە بن کە چی لەنێو هۆڵی دادگا دەگوزەرێت، ئیتر ئایا لە رێگەی ئامادەبوونی فیعلی ئەوکەسانەوە بێت، کە لە هۆڵەکەدا ئامادەبوون، یاخود لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنی بیستراو، یان بینراو، یان خوێنراو، ئاگاداری بن، کە دیارە ئەمەش لە رێگە رۆژنامەنووسەوە دەستدەکەوێت کاتێك لەنێو هۆڵی دادگاوە ریپۆرتاژ، یاخود هەواڵ ئامادە دەکات... [1]،. لێرەدا ناوەرۆکی ئەم بابەتە لە چەند خاڵێکدا روونده‌کەینەوە:

## یەکەم: کاریگەریی نواندن لەسەر رەوتی دادگاییکردن

کاریگەریی نواندن لەسەر رەوتی دادپەروەری، یەکێکە لە گرفتە هاچەرخەکانی دادپەروەری، ئەمەش لەسەر بنەمای گەشەکردن و پێشکەوتنی رۆژنامەگەری بەرفراوانبوونی سنووری کارکردنی، تا وای لێهاتووە بگاتە هەموو گۆشە و کەنارێکی نێو کۆمەڵگا کە دادگا و دەسەڵاتی قەزاییش لەم کاریگەرییە بێبەش نییە و بەجۆرێك لە جۆرەکانی رۆڵ و کاریگەری راگەیاندن رۆژنامەگەری لەسەر بەدەردەکەوێت، ئیتر ئایا بە ئیجابی بێت، یان بە سلبی، ئەوەشی لێرەدا دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، رۆڵە نێگەتیڤەکەی بڵاوکردنەوەیە لەسەر رەوتی دادپەروەری...

یاسادانەری عێراقی لە مادەی (٢٣٥)ی یاسای سزادانی عێراقیدا ئاماژەی بە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵ و بابەتانە کردووە کە دەکرێت بە جۆرێك لە جۆرەکان و لە یەکێك لە کەناڵەکانی بڵاوبکرێتەوە و کاریگەری دروست بکات لەسەر رەوتی دادگاییکردنی کەیسێك، کاتێك لەبەردەم دادوەردا کاری لەسەر دەکرێت، دەتوانین ئەو کاریگەرییانەش بۆ سێ بوارەدا دابەش بکەین، کە ماددەکە باسیکردوون:

---

[1] د. سامان فوزی عمر، المصدر السبق، ص٦٢،٦٣.

**یەکــەم:** بلاْوکردنەوەیــەك کــە کاریگــەری بکاتــە ســەر ئــەو دادوەرانــەی کــە یەکلاییکردنەوەی داوایەکیان پێ سپێردراوە و لەبەردەستیاندایە، ئــیتر لەبــەردەم هەر لایەنێکی داوەریدا بێت (دادگای لێکۆڵینــەوە، یــا دادگــای (موضــوع)، یــا دادگای تێهەڵچوونەوە).

**دووەم:** بلاْوکردنەوەیــەك کــە ببێتــە هــۆی کاریگەریکردنــە ســەر دادوەران، یــان کارمەندان و ئەوانەی تەکلیفکراون بە لێکۆڵینەوە، یاخود کاریگەریکردنــە ســەر پسپۆڕان یان ئەوانەی حوکم دەدرێن (تۆمەتبار)، یاخود شــایەتەکان کــە داوایــان لێ دەکرێت لە داوایەکدا شایەتی بدەن، یان لە لێکۆڵینەوەیەکدا.

**سێیەم:** یان بلاْوکردنەوەیەك کە ببێتە هۆی رێگرتن لە کەسێك تا زانیاری ئاشکرا بکات بۆ کەسانی تایبەتمەند.

هەروەك تێبینی دەکرێت یاسادانەری عێراقی لە هێنانی ئەو سێ خاڵــەی ســەرەوە، (مەبەستی تاوانکاری) نەکردووە بە مەرج لە دروســتکردنی ئــەو کاریگەرییــەدا، بەڵکو دەڵێت "گەر بێت و کاریگەری بنوێنێ"، واتە دەکرێت کەســەکە کــە ئــەو بابەتەکەی بلاْوکردۆتەوە ، تەنانــەت ئەگــەر مەبەســتی تاوانکاریشــی نــەبووبێت، بەڵام یاسای سزادانی عێراقی هــەر بــەتاوانی دانــاوە. بــەڵام گــەر بلاْوکردنەوەکــە مەبەســتدار بــوو، واتــە کەســەکە کاتێــك هەســتابوو بەئەنجامــدانی ئــەو کــارە، مەبەستی بوو کە کاریگەری باسکراو رووبدات، یان ئەوانــەی بــڵاوی کردبوونــەوە درۆ و ناڕاست بوون، ئەوا لەم کاتــەدا یاســادانەر ســزاکەی تونــدتر کــردووە، کــە دەتوانین بە (ظرف مشدد)ی دابنێین و سزاکەی زیاتر لەوەی پێشوو... [1].

---

[1] لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، لە ماددەی نۆیەم بڕگەی یەکەم لە خاڵی (٦) ئاماژەی بەوە داوە، کە هەر بابەتێك زیان بە رێکاری لێکۆڵینەوە و دادوەری بگەیەنێت، ئەوا سزای رۆژنامەنووس و سەرنووسەرەکەی دەدرێت بە غەرامەکردن کە بڕەکەی لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) زیاتر نەبێت. لێرەدا دەبینین کە یاسا دانەر مەسەلەی زیانگەیاندن بە رەوتی دادوەرییەکەی لەنێو دەقەکەدا هێناوە، واتە گەر بێت و زیانی نەگەیاند بە دادوەرییەکەی، نەچێتە ژێر باری ئەم سزایەوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەشمان

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم مادەیەوە ئەوەیە، کە یاسادانەری عێراقی زۆر دوور رۆیشتووە لەم بوارەدا و هیچ بوارێکی نەهێشتۆتەوە لەبەردەم رۆژنامەنووسدا، چونکە ماددەکە دەڵێت نەك تەنها بڵاوکردنەوەی نووسینێکی تایبەت بەو بوارە، بەڵکو تەنانەت گەر بێت و نووسینەکەش بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری بنوێنێ لەسەر رەوتی دادگاییکردن، ئەوا لێرەشدا رۆژنامەنووس هەر بەرپرس دەبێت.

**حاڵەتی یەکەم:**

**کاریگەری دروستکردن لەسەر دادوەران لە داویەکدا کە لەپێش دەستیاندایە (تایبەت).**

بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە بابەتێك (هەواڵ، یا ریپۆرتاژ، یا هەر نووسینێکی دیکە) لەسەر ئەو دادوەرەی کە داوایەکی لەبەردەستدایە بۆ یەکلاییکردنەوەی، ئەوا بە تاوان دادەنرێت، ئیتر کاریگەری ئەو قسەکردنە بە هەر جۆرێك بێت، تەنانەت گەر گومانی ئەوەش بکرێت کە کاریگەری دەبێت، لێرەدا یاسا ئەوەی بە مەرج وەر نەگرتووە، کە ئایا ئەو دادوەرە بەپێی ئەو قسەیەی بڵاوکراوەتەوە، کاری کردووە، یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەگەری کاریگەری نواندنی هەبێت لەسەر ئەو دادوەرە، هەروەها یاسا ئەوەشی بە مەرج وەر نەگرتووە کە قسەکردنەکە لەسەر ئەو دادوەرە پەیوەندی هەبێت بە ناوەرۆکی داواکەوە، یان بە شەخسی دادوەرەکەوە،

---

هەر لە هەمان دەقدا یاسادانەر بەدەرکردن (استثناء)یەکی هێناوە و دەڵێت: مەگەر دادگا رێگەی بڵاوکردنەوەی دابێت. واتە قەدەغەکردنەکە لێرەدا رەها نییە و زیاتر پەیوەستە بە رەهەندی زیانگەیاندنەکەوە، هەروەها دەکرێت هەڵوەستە لەسەر ئەوەش بکەین کە یاسادانەری کوردستان وەك یاسادانەری عێراقی لە هێنانی خاڵی شەشەمی ماددەی نۆی ئاماژەپێکراو (مەبەستی تاوانکار- القصد الجنائی) نەکردووە بە مەرج لە بابەتەکەدا، واتە دەکرێت بابەتێك بێ مەبەست بڵاوکرابێتەوە، بەڵام زیانەکەی گەیاندبێت، ئەوا هەمان سزای بەسەردا جێبەجێ دەبێت. هەموو ئەوەی کە هەردوو یاسادانەر بۆی رۆیشتوون، بریتییە لە پارێزبەندی و مکۆمکردنی دەروازە بە رووی کەیسەکانی ناو دادگا، بەتایبەت لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکردندا کە هێشتا کەیسەکە ساغ نەبووەتەوە.

یاخود ڕەوشتێك لە ڕەوشتەكانی، مادام ئەو كارە كاریگەری هەبووبێت لەسەر ئەو داوایەی خراوەتە بەردەستی... [1]. دەكرێت بڵاوكردنەوەی گێڕانەوەی چیرۆكی ڕووداوەكە كە ڕوویداوە بە شێوەیەكی ناڕاست و چەواشەكار بۆ گەڕان بەدوای نهێنییەكانیدا كاریگەری هەبێت لەسەر ئەو دادوەرە، كە ئەمەش هەندێك جار (ڕایەك) دەربارەی ئەو دۆسییەیە لای دادوەرەكە دروست دەكات پێش ئەوەی بەتەواوی گەیشتبێتە قۆناغی كۆتایی... [2]، جگە لە وەش هەندێك جار تاوانەكە بەوەش دروست دەبێت كاتێك كەسەكە لە كاتی تێڕوانینی داواكە لەلایەن دادوەرەوە ستایش و پشتگیری خۆی بنووسێت بۆ ئەو دادوەرە و بڵاوی بكاتەوە، كە دەگونجێت ئەم كارە وا بكات دادوەرەكە بەو ئاراستەیەدا داواكە بەرێت، كە كەسە ستایشكارەكە پێی خۆشە و دەیخوازێت [3]. دەكرێت حیكمەتی یاسادانەر ئەوە بێت، كە:

١- پارێزگاریكردنی دادوەر لە كاریگەری ئەو جۆرە كارانە، یەكێكە لە جۆرەكانی پارێزگاریكردن لە پیاوانی بواری قەزا، چونكە دادوەریش وەك هەر كەسێكی ئاسایی لەنێو كۆمەڵگادا دەژی و ناكرێت دابڕاو بێت لەو كۆمەڵگایە، لەبەر ئەوەش كە یاسادانەر هاتووە ئەو جۆرە پارێزگارییەی بۆ دیاریكردووە.

٢- لە هەمان كاتدا، دەبێت دادوەر دەورە بدرێت بە دیواربەندێكی پارێزەر تا دووری بخاتەوە لە لایەنگری و ئارەزووخوازیی خۆی، كە ئەمەش وا دەكات تا دادوەر هەڵبژاردەی و دادوەریی سەركەوتووانە بكات.

٣- دادوەریش وەك هەر كەسێكی ئاسایی دەكەونە ژێر كاریگەری دەوروبەر و ئەوەی بڵاو دەبێتەوە، هەندێكیان بە ئاسانی ئەو كاریگەرییەیان لەسەر دروست

---

[1] المحامي نجاد البرعي، المصدر السابق، ص٦٩.

[2] الدكتور رمسيس بهنام، قانون العقوبات، جرائم قسم الخاص، النشر (منشأء المعارف) مطبعة سعيد الدكر، الطبعة الاولى ١٩٩٩، ص٧١٧.

[3] الدكتور عبدالحميد الشواربي، الجرائم التعبيرية جرائم الصحافة والنشر. الناشر منشأة المعارف، جلال حزي وشركاه، الاسكندرية، طباعة: شركة الجلال للطباعة، سنة ٢٠٠٤، ص٢١٦...

دەبێت، هەندێکی تریشیان زۆر بە ئەستەم کاریگەرییان لەسەر دروست ببێت، لەبەر ئەوەش یاسا بە تاوانی داناوە شتێك بڵاوبکرێتەوە کە کاریگەری لەسەر دادوەر دروست بکات[1].

**حاڵەتی دووەم:**

کاریگەری دروستکردن لەسەر دادوەر و کارمەند و پسپۆڕ و ئەوانەی حوکم دەدرێن (تۆمەتبار) و شایەتەکان (گشتی)، جگە لە دادوەران، مەبەست لە فەرمانبەرانی بواری قەزایی ئەوانەن، کە تەنها کاری دادوەر ناکەن، بەڵام شانی دەگرن و هاوکاری دەکەن، ئەمانەش هەریەك لە جێگری داواکاری گشتی، هەروەها ئەوانەی هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوەی کارێکی دیاریکراو، وەك پشکنەری وەزارەتی ناوخۆ، یاخود (محقق عدلي)و هتد... سەرەڕای بەتاوان سەیرکردنی هەر کاروبارێك کە کاریگەری بنوێنێت لەسەر دادوەر و فەرمانبەرانی تایبەت بە دادگاکان کە ئاماژەمان پێدا، لەهەمان کاتدا یاسادانەر بڵاوکردنەوەی هەرجۆرە قسەکردنێکی بە تاوان داناوە کە کاریگەری دروست بکات لەسەر تۆمەتبار، یان شایەت، هەرجۆرە قسەکردنێك لەسەر تۆمەتبار بە چاك یان خراپ، دەکرێت کاریگەری ئەوتۆی هەبێت لەسەر شایەت لەو دۆسییەیەدا، بەهەردوو حاڵەتەکەشەوە کاریگەری ئیجابی بێت یان سلبی، قسەکردن لەسەر تۆمەتبار بە کۆسپ و لەمپەر دروستکردن دێتە ژماردن لەبەردەم ئەو دادوەرییەدا، لە هەمانکاتدا قسەکردن لەسەر تۆمەتبار مەرج نییە پێك بێت لە جنێو، یان قەزف (تۆمەت لێدانی شەرەف)، بەڵکو هێندە بەسە کە کاریگەری خۆی بخاتەوە لەسەر ڕەوتی دادوەرییەکە[2]... دەکرێت وێنەی ئەم جۆرەکارانە لە بڵاوکردنەوەی شایەتیدانی درۆ لەسەر زمانی هەندێك کەسی بەکرێگیراوەوە ببینین، تا گومان

---

[1] المحامي نجاد البرعي، المصدر السابق، ص٧٢.

[2] المحامي نجاد البرعي، المصدر السابق، ص٦٩.

دروست بكات لەسەر ئەوانەی لە پێگەی شـایەتیدان دان[1]. لەلایـەكی دیكـەوە، قسەكردن لەسەر تۆمەتبار بەجۆرێك كە كاریگەری بنوێنێت لەسـەر بەڵگـەكانی ئیسپاتكردن و مافی بەرگریكردنی پێشێل بكات، وا دەكات پاش هێنانە بـەردەمی دادگا ئەو تۆمەتبارە زۆر تێك بچێت و ئیحراج ببێـت، یـاخود قسـەكردنەكە بـەو ئاراستەیەدا بێت كە رق لێبوونەوە و بێزاری و ورووژاندنی عاتیفەی خەڵكی دژ بە تۆمەتبارەكە بێت، وا دەكات تا كاریگـەری هـەبێت لەسـەر رەوتـی دادپـەروەری، هەروەك بەپێچەوانەشەوە بەرگریی نواندن لە تۆمەتبار و سەرخستنی و بـێ تـاوان دەركردنـی بـە هـەمان شـێوە، كاریگـەری دەبێـت لەسـەر شـایەتەكان و رەوتـی دادپەروەری...

لـە هـەمان كاتـدا قسـەكردنیش لەسـەر شـایەتەكانی داواكـە و بڵاوكردنـەوەی دەگونجێت وا بكات ئەو شایەتە قسەكانی خۆی بگۆڕێت كاتێك هێنرایـە بـەردەوام دادگا، هەروەك كاریگەریش دەبێت لەسەر دادوەر لەسـەر ئاسـتی وەرگـرتنی ئـەو شـایەتیدانە و پێدەچـێت گومـانی بـۆ دروسـت ببێـت لەسـەری بەهەنـد وەری نەگرێت... [2].

## حاڵەتی سێیەم:

## رێگرتن لە كەسێك تا زانیاری بدات بەلایەنی تایبەتمەند.

ئەوانەی دەیانەوێت زانیاری لەسەر تاوانێك بدەن بە لایەنێكی تایبەتمەنـد، مـەرج نییە لە ریزی شایەتیدەراندا بن، بەڵكو زۆرجار دەبینیت هەنـدێك كـەس زانیـاری لەسەر رووداوێك بەدەستەوە دەدات، كە دەكرێت رێگەی دووررودرێـژی لێكۆڵینـەوە كورت بكاتەوە و تاوانباران زووتر ئاشكرا بن، وەك ئـەوەی زانیـاری بـدات لەسـەر گرووپێكی تاوانكار كە تاوانێكیان ئەنجامدابێت، ئـەمیش لـەو بارەیـەوە زانیـاری

---

[1] الدكتور رمسيس بهنام، المصدراسابق، ص٧١٧.

[2] الدكتور عبدالحميد الشواربی، المصدر السابق، ص٢١٦، ٢١٧.

دروست و پێویستی لابێت[1]، ئەوەی کە یاسا بە تاوانی داناوە لەسەر بڵاوکردنەوە، ئەوەیە کە کەسێك شتێك بڵاوبکاتەوە هەڕەشەی تێدابێت بۆ ئەوکەسەی زانیارییەکەی لایە و کاریگەری لەسەر دروست بکات و نەتوانێت زانیاری بدات بەلایەنی بەرپرس...

لە کۆتاییدا و بە خوێندنەوەی ناوەرۆکی مادەی (٢٣٥)، دوو سەرنج دەخەینە بەردەست:

**یەکەم:** یاسادانەری عێراقی سنوورەکانی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە بەرامبەر رۆژنامەنووسدا ئێجگار بەرتەسك کردۆتەوە، بەجۆرێك تەنانەت کاتێك رۆژنامەنوسێك باسێکی بڵاوکردۆتەوە و هیچ مەبەستێکی (قصد الجنائی) نەبووە تا کاریگەری لەسەر رەوتی دادوەرییەکە بنوێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر سزای بۆ داناوە، لە کاتێکدا کە یاسادانەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی بە (ظرف مشدد) داناوە گەر بێت و مەبەست لێی کاریگەری نواندن بێت لەسەر رەوتی دادگاییکردنەکە، واتە (قصد الجنائی) هەبێت!، تەنانەت با ئەو کاریگەرییەش دروست نەبووبێت لەسەر دادوەرەکە، لە هەمان کاتدا یاسادانەر نەك هێندە، بەڵکو دوورتر لەوەش رۆیشتووە و باس لەوە دەکات کە گەربێت و بەجۆرێك لە جۆرەکان بابەتەکە کاریگەریشی هەبێت (ناڕاستەوخۆ) لەم کاتەشدا هەر رۆژنامەنووسەکە رووبەڕووی لێپرسراوێتی تاوانکاری دەبێتەوە لەو بڵاوکردنەوەیە. جگە لە مانەش یاسادانەر ئەوەشی بە مەرج وەرنەگرتووە، کە بابەتە بڵاوکراوەکە پەیوەندی هەبێت بە ناوەرۆکی دۆسییە پێش دەستخراوەکەوە، یان نا، هەر رۆژنامەنووس دەخاتە پێگەی بەرپرسیارێتییەوە.

**دووەم:** یاسادانەری عێراقی پێدەچێت کتومت لە مادەی (١٨٧)ی یاسای سزادانی میسرییەوە وەری گرتبێت، بەڵام دیارە لە وڵاتی میسر و بەو مێژووەی لە رۆژنامەگەریدا هەیەتی و بەو رۆڵ و کاریگەرییەی کە رۆژنامەگەری هەیەتی لەو

[1] الدکتور رمسیس بهنام، المصدر السابق، ص٧١٧.

ولاّته، دەکرێت هەبوونی وەها ماددەیەکی یاسایی کارێکی ئاسایی و وەلاّمـدەرەوەی واقیعەکە بێت، چونکە دیارە لەو ولاّتەدا رۆژنامەگەری لەم بوارەدا رۆڵی بەرچـاوی هەبووە، هەربۆیە دەبینین لە یاسای ئەو ولاّتەدا، ئەم مەسـەلەیەی رێکخسـتووە و لەم بوارەشدا بە دەیان کتێب و توێژینەوە لەم بارەیەوە بلاّوکراونەتـەوە، بـەلاّم ئـەو رۆڵ و کاریگەرییەی کە رۆژنامەگەری هەیبووە لە میسردا، لە عێراقی سـەردەمی رژێمی بەعسدا نەیبووە و لە هەمان کاتدا لـە کتێبـەکانی شـیکردنەوەی یاسـای سـزادانی عێراقـی ئەسـڵەن باسـکردن لـەم ماددەیـە و شـرۆڤەکردنی هـەر پشتگوێخراوە، کە دیارە ئەوەش واتای ئەوەیە کە هەلومـەرجی رۆژنامەگـەری لـە عێراقدا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەم جۆرە کاریگەرییەی هەبێت تا بـەو یاسـایە رێـك بخرێـت، واتـە کەشـە ئازادییەکـەی رۆژنامەگـەری بـەو جـۆرە نـەبووە تـا رۆژنامەگەری ئەو کاریگەرییانە دروست بکات، بەلاّم ئیتر ئەم یاسایە بۆ بەو جۆرە و بەشێوەیەکی تەواو لە یاسای سزادانی میسری وەرگیراوە و هاتووە؟ ئـەوەی خـۆی لەخۆیدا مەسەلەیەکی جێگە مشتومڕە![1]

### دووەم: رووماڵکردنی هەواڵەکانی دادگا

مـادەی (٢٣٦)ی یاسـای سـزادانی عێراقـی لـە چـەند خاڵێکـدا ئامـاژە بـە بلاّوکردنەوەی هەندێك قۆناغ و وردەکاریی نێو رەوتی دادگاکان کردووە، کە نابێـت لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوەی بلاّو بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوا ئەو لایەنـەی بلاّو دەکاتەوە و سەرپێچی کردووە، دووچاری سزای یاسـایی دەبێتـەوە، لێـرەدا بـە

---

[1] لەم چەند ساڵەی رابردوودا و لە بەرەنجامی گەشەکردنی کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان و کردنەوەی چەندین کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی بینراو و بیستراو و دەرچوونی دەیان رۆژنامە و گۆڤاری ئەهلی و سەربەخۆ، بوو بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە مەسەلانە بکەونە بەردەستی دادگاکان و چەندین کەیس لەم بارەیەوە دروست ببێت، بێگومان بە تێپەڕبوونی کات و زیاتر گەشەکردنی رەوشەکە و ئەو فەزا دیموکراسییەی لە هەرێمدا هەیە، خەریکی کەیسەکانی تایبەت بە رۆژنامەنووسان رێژەیەکی بەرچاو لەو کەیسانە پێکبهێنێت کە ئێستا لە دادگاکاندا کار لەسەر یەکلاییکردنەوەیان دەکرێت.

کورتی لەسەر هەریەك لـەو سـنووربەندییانەی دادگـا دەوەسـتینەوە، کـە دیـاری کردوون:

**یەکەم:** بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە:

١- دادگاییکردنێك کە یاسا بڕیاری دابێت بە نهێنی بەڕێوەبچێت.

٢- دادگا رێگریی کردووە لە بڵاوکردنەوەی لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە.

٣- لێکۆڵینەوە لە تاوانێك (جینایة)، یان کەتنێك (جنحة).

٤- بەڵگەنامەیەك لە بەڵگەنامەکانی لێکۆڵینەوە گـەر دەسـەڵاتی لێکۆڵینـەوە، بڵاوکردنەوەی قەغەکردبێت، با بەشێکی کەمیشی بێت.

لێرەدا دەقەکە سەرجەم ئەو پرۆسەی دادگاییانەی قەغەکردووە لە بڵاکردنەوە، کە بە یاسا ئەو قەدەغەکردنە بڕیاری لەسەر دراوە، وەك دادگـاییکردنی نەوجـەوانان و ناکامەکان (الاحداث والقاصرين)، کـە ئەمـە دەبێتـە مایـەی پاراسـتنی ژیـانی تایبەتی ئەو منداڵە و ژیانی خێزانەکەی، چونکە دوورکەوتنەوە لە ئاشـکراکردنی دادگـایی (الاحـداث والقاصـرين) دڵنیـایی و ئـارامی لـەناخی ئـەو منداڵـەدا دەچەسـپێنێت، هەربۆیـە نهـێنی دادگـاییکردنی ئـەم جـۆرە کەیسـانە ئەسـڵە و هەرجۆرە سەرپێچیکردنێك لەم بوارەدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێوشوێنە کۆتـایی دێت، کە ئەنجامدراوە...[1].

**دووەم:** بڵاوکردنـــەوەی هـــەرجۆرە هـــەواڵێکی تایبـــەت بـــە لێکۆڵینـــەوە و رێوشوێنەکانی تایبەت بە داوا یاساییەکانی رەچەڵەك و هاوسـەرایەتی و تـەڵاق و جیابوونەوە و زینا قەدەغە کردووە، حیکمەتیش لەم قەدەغەکردنە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوەی کە ئەم جۆرە داوایانە سروشتێکی خێزانییان هەیە، بڵاوکردنەوەی هـەرجۆرە لێکۆڵینەوەیەکی قەزایی، یان هەر ئیجرائاتێکی دادگا لەبارەیـەوە، خسـتنەڕووی

---

[1] الدكتور احمد حامد البدرى محمد، الضمانات الدستورية فى مرحلة المحاكمة الجنائية، الناشرمنشأ المعارف، الأسكندرية، ص٧٩.

تایبەتمەندێتی تاکەکانە بۆ بەردەستی جەماوەر، کـە هـیچ جـۆرە بەرژەوەندییـەکی گشتی بەدی ناکرێت لە بڵاوکردنەوەی ئـەم جـۆرە لێکۆڵینـەوە و ئیجرائاتانـە بـۆ خەڵکی...[1].

**سێیەم:** بڵاوکردنەوەی موداوەلاتی نهێنی دادگـا کـە مەبەسـت پێـی گفتوگـۆ و راگۆڕینەوەیەی نێوان دادوەرانە، کە پـێش ئاشـکراکردنی ئـەو حوکمـەی چـاوەڕێ دەکرێت، لەسەر ئەو کەیسەی بەردەسـتیاندا دەری بکـەن، ئـەنجامی دەدەن ، ئـەم موداوەلاتە لەنێوان دادوەرەکاندا بە شێوەی نهێنی بـەڕێوە دەڕوات و هـەروەها ئـەو گفتوگۆیانە بەنهێنی دەمێننـەوە و نابێـت لەلایـەن هـیچ یـەك لـەو دادوەرانـەوە لەدواییدا ئاشکرا بکرێت...[2].

یـاخود مـوداوەلاتی دادگاکـان بـەو قۆناغـە دەوترێـت کـە پـاش تـەواوبوونی قۆناغـەکانی دادگـاییکردن و گـوێگرتن لـە سـکاڵاکار و سـکاڵا لەسـەرکراو، گوێگرتن لە شایەتەکانی هەردوولا و تاوتوێکردنی ئەو بەڵگە و دۆکیۆمێنتانـەی تایبەتن بە داواکەوە، دێت، بـەکورتی پـاش تـەواوبوونی سـەرجەم مورافـەعات و دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکـە لەسـەر دۆسـییەیەکی دیـاریکراو، لـەو کاتـەدا دانیشتنێکی تایبەت لەنێوان دادوەرەکاندا ئەنجام دەدرێت بۆ گفتوگـۆی دەرکردنـی حوکمێکی دادپەروەرانە لەسەر دۆسییەکە.

**چوارەم:** رووماڵکردنی ئەو ئەو ئیجرائات و رێوشوێنانەی کـە گیراونەتـە بـەر لـە دادگا، بەڵام بە شێوەیەك کە ئەمانەتی تێدا نەبێت و مەبەستی خراپی لە پشـتەوە بێت، هۆکاری بە تاوان دانانی ئەم کارە لەلایەن یاسادانەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی

[1] الدكتور محمد عبداللطيف عبدالعال، المصدر السابق، ص٣٤.
[2] احمد امين، شرح قانون العقوبات، قسم الخاص، مكتبة النهضة، بغداد، ص١٣٣.

**که دەستکاریکردنی، یان تێکـدان لـە ئیجرائاتـەکانی دادگـا روویـداوە لـەکاتی بڵاوکردنەوەکەدا...**

**پێنجەم: بڵاوکردنەوەی نـاو و وێنـەی تـاوان لێکـراوی دەسـتدرێژیی سێکسـی و ئابڕوو، لەگەڵ ناو و وێنەی تۆمەتباری منـداڵ، کـە بـەجیا یاسـادانەری عێراقـی تایبەتمەندی پێدوان، ئەم رێوشوێنەی کە یاسای سـزادانی عێراقـی دەقـی لەسـەر کردووە، پەیوەندی نییە بەخودی دۆسـییەی دادگاییکردنەکـەوە، بـەڵکو تەنانـەت رێگەشی نەداوە لەم جۆرە کەیسانەدا ناو وێنەش بڵاوبکرێتەوە، واتە نـەك رێگـەی نەداوە باس لە ناوەرۆکی داواکە بکرێت، بەڵکو دوورتر لەوەش رێگەی نـەداوە نـاو وێنەی لایەنەکانی ئەو جۆرە داوایانە بڵاوبکرێتەوە، ئەمـەش بـەو بەڵگەیـەی کـە دادگاییکردنی (الاحداث) بە یاسا و بـە شـێوەیەکی رەهـا نابێـت بـە ئاشـکرایی بەڕێوەبچێت، هەر ئاشکرابوونێك لەم جۆرە دادگاییکردنەدا بە بەتاڵبوونەوەی ئـەو دادگاییکردنە کۆتایی دێت و تەنانەت دانیشتنی خوێندنەوەی حـوکمی کۆتـاییش تیایـدا هـەر بـە نهـێنی بـەڕێوە دەڕوات، کـە ئەمـەش جیـاوازە لـە سـەرجەم دادگاییکردنەکانی تر، پێدەچێت لێرەدا یاسادانەر ویسـتبێتی لەبـەر هەسـتیاریی مەسەلەکە هێزی ئەو نهێنیکردنەی دادگـای ئەحداسـی دابێـت بـە کەیسـەکانی لاقەکردن و دەستدرێژیی سەر ئـابڕوو، واتـە لێـرەدا هـەمان هێـزی نهێنیبـوونی بەوانیش دابێت، ئەمەش لەو کۆکردنەوەیە بەدیار دەکەوێت کە لـە یـەك بڕگـەدا هێناونی و هێزی قەدەغەکردنەکەی پێدوان...**

**شەشەم: بڵاوکردنەوەی ئەوەی لە داوای مەدەنی، یان جینائییەکاندا دەگوزەرێـت و دادگا بڕیاری دابێت کە لە بارێکی نهێنیدا پرۆسەی دادگاییکردنەکەی بە نهـێنی بەڕێوە بڕوات، یان ئەو ئیجرائاتانەی کە لە بواری لێکۆڵینەوە و ئـەو رێوشـوێنانە دەگیرێنـە بـەر و پەیوەسـتن بـە تاوانـەکانی قـەزف و جنێـو و ئاشـکراکردنی نهێنییەکان.**

لێرەدا دەتوانین ئەم خاڵە دابەش بکەین بۆ دوو وێنە:

**وێنەی یەکەم**

بڵاوکردنەوەی ئەوەی لە داوا مەدەنی و جینائییەکاندا دەگوزەرێت، کە دادگا بڕیاری داوە بە نهێنی گوێی لێ بگرێت لە دانیشتنێکی نهێنییدا، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە رێگە گرتنەکە تەنها ئەو کاتە دەگرێتەوە کە بڕیار دراوە بە بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگا بەشێوەیەکی نهێنی، وەك وتەی تۆمەتباران، یان شایەتی شاهیدەکان، یاخود مورافەعاتەکانی نێو دانیشتنەکە، بەڵام دەربارەی ئەو ئیجرائاتانەی تر کە دادگا پێش دەرکردنی بڕیاری بە نهێنیکردنی دانیشتنەکە ئەنجامی داون و بە ئاشکرا بەڕێوەچوون، هەروەها ئەو ئیجرائاتانەی کە پاش کۆتاییهاتنی بەڕێوەچوونە نهێنییەکە دەگیرێنە بەر، ئەوا بڵاوکردنەوەیان ئاساییە، واتە هەندێکجار دادگا بڕیار دەدات یەکێك لە قۆناغەکانی دادگاییکردنەکە بە نهێنی بەڕێوە بڕوات، ئەوا لێرەدا قەدەغەکردنەکە تەنها ئەو قۆناغە دەگرێتەوە و ئیتر قۆناغەکانی تر کە بە ئاشکرا بەڕێوەچووە، ناچێتە ژێر رکێفی ئەم قەدەغەکردنەوە و دەکرێت رووماڵ بکرێت لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە.

**وێنەی دووەم:**

بڵاوکردنەوەی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە داواکانی تایبەت بە تاوانەکانی قەزف و جنێو و ئاشکراکردنی نهێنییەکانەوە...

# چەند ڕێنماییەکی پێویست
# لە گواستنەوەی هەواڵی نێو دادگاکان

ئەو کاتەی ڕۆژنامەنووسێك دەیەوێت هـەواڵێکی نێـو دادگاکـان بگوازێتـەوە کـە پرۆسەیەکی دادگاییکردن تێیدا بەڕێوەدەچێت، دەکرێت سوود لەم چەند ڕێنماییەی خوارەوە وەربگرێت، کە دەبێتە مایەی کەمتر دروسـتبوونی تەنگوچـەڵەمە بـۆی و دوور دەکەوێتەوە لەوەی شتێك بڵاو بکاتەوە، کە زیان بە ڕەوتـی دادگاییکردنەکـە بگەیـەنێت، یـاخود زیـان بـە لایـەنێکی نێـو دۆسـییەکە بگەیـەنێت، لـەو ڕێنماییانەش:

١- ئەو کەسانەی کە ڕاپۆرتی نێو دادگاکان ئامادە دەکـەن، پێویسـتە پێکهاتـەی دادگاکـان بـزانن لـەڕووی تایبەتمەنـدیی بابەتییـەوە وەك دادگـا سـزاییەکان و شارستانیەکان و باری کەسێتی و کارگێڕیەکان و..) هـەروەها لـەڕووی سیسـتمی پەیکەربەندیشەوە وەك دادگای بەرایی و تێهەڵچوونەوە و تەمییز تایبەت بە دادگا شارستانیەکان و دادگای لێکۆڵینەوە و کەتن و تاوانـەکان و تـەمییز تایبـەت بـە دادگا سزاییەکان.

٢- پێویستە پەیامنێران برەو بە پەیوەندییەکانیان بدەن لەگەڵ پـارێزەر و دادوەر و فەرمانبەرە جیاوازەکانی ناودادگا و هەنگاو و قۆناغەکانی هەردوو دادگـاییکردنی تاوانەکان و مەدەنیش بزانن، چونکە دادگاییکردنی مەدەنی بەشێوەیەکی فراوان و بێ ئەندازە ئاڵۆزە.

٣- پەیامنێری تایبەت بە دادگا پێویستە ئەوە بزانێت کە چۆن دەتـوانێ مۆڵـەتی ڕێپێدانی تۆمارکردنی دادگاکـان بەدەسـت بهێنێـت و پـەرە بـە پەیوەندییـەکانی بدات لەگەڵ فەرمانبـەرە سـەرەکییەکانی وەك: دادنووسـی دادگاکـان، نووسـەری

دادگاییەکان، کە هەموو تۆمارەکانی دادگا دەپارێزن و دەتوانن دەستنیشانی بەڵگەنامە گرنگ و سەرەکییەکان بکەن[1].

٤- یاداشتکردنی رۆژنامەنووس بۆ سەرجەم ئەو زانیارییانەی لەنێو دادگاکەدا باس دەکرێت وەك خۆی، بەتایبەت ئەوانەی جێگای گرنگین بۆ هەواڵەکە، وەك: تۆمەتەکان، داواکان، ناو و تەمەن و ناونیشان، مێژووی رووداوەکە، یان تاوانەکە، حوکمە دەرچووەکان، لەگەڵ ئەوەی کە باشتر وایە ناونیشان و ناوی تۆمەتبارەکان بە پیتی روون ئاشکرا بنووسێت.

٥- چاودێریی وردی سەرجەم وردەکاریی و رێوشوێنەکانی دادگا بکات کە دەیگرێتەبەر و پاشان یاداشتکردنی گرنگەکان و دوورکەوتنەوە لەوەی رۆبچێت لە هەندێ شتی نائەرزشمەند و لاوەکیدا...

٦- هەر گفتوگۆ و وتەیەکی نێو دادگاییکردنەکە کە گواستنەوەی سوودمەندە و دەبێتە دۆکیۆمێنتێك لە هەواڵەکەدا، باشتر وایە بەجوانی و وردی یاداشتی بکات.

٧- لە مەسەلەکانی دادوەری و بەرگریکردن و رەوتی شکڵی دادگاییکردنەکەدا، کە لەلایەن دادوەر و دەستەی دادوەرییەوە بەڕێوەدەچێت، پێویستە رۆژنامەنووس بەوردیی تۆماری بکات.

٨- هەر مەسەلەیەك کە رۆژنامەنووس دڵنیا نەبوو لێی، باشتر وایە بچێتە لای دادوەر و زانیاری دروست وەربگرێت و گفتوگۆی لەگەڵ بکات.

٩- دەبێت وردبێت لە بەکارهێنانی دەستەواژە یاساییەکانی وەك (سکاڵا لەسەرکراو، سکاڵاکار، تۆمەتبار، فەرمانی گرتن، یان بانگکردن، تاوانبار،... هتد)، بۆ ئەوەی گرفت بۆ خوێنەر و جەماوەر دروست نەکات، بۆ نموونە تا پێش دەرچوون حوکمی کۆتایی و وەرگرتنی پلەی (بات) کەسێك تاوانێکی ئەنجامداوە،

---

[1] مالکۆلم ئیف . مالیتی، هاورێی رۆژنامەنووسان، وەرگێڕانی: د. سەلاح عەزیز و بەختیاری حاجی عەبدوڵلا، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی رۆژشنبیری بەدلیسی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، ل٨٤.

هەر تۆمەتباره، بەڵام کاتێك حوکمەکە ساغ بووەوه و بوو بە (حکم بات)، ئەوا دەبێت بە تاوانبار.

١٠- راپۆرته هەواڵەکە زۆر ورد بخوێنەرەوه تا دڵنیابیت لەوەی کە ئایا هەڵەی رێنووس، یان هەڵەی تری تێدا نییه، گەر هەبوو ئەوا خێرا راستی بکەرەوه.

١١- پاش تەواوکردنی راپۆرته هەواڵەکە، باشتر وایه تێبینی وردی سەرجەم ئەو شتانه بکرێت که رۆژنامەنووس لای خۆی تۆماری کردوون، کاتێك دڵنیابوو لەوەی که تەواوه، ئەوا با بەخێرایی رەوانەی ئەو میدیایە کە کاری تیا دەکات ، بۆ ئەوەی له شوێن و کاتی گونجاودا بڵاو بکرێتەوه، ئیتر ئەم گەیاندنە لە رێگەی تەلەفۆنەوه بێت، یاخود فاکس، یان ئینتەرنێت.

١٢- گەر پرۆسەی دادگاییکردنەکه تەواو نەبوو لەو رۆژەدا و درێژەی هەبوو، ئەوا بنووسرێت (ئەم دۆسییەیه درێژه دەکێشێت)، گەر دەستەی دادوەران، یان سەرۆکی دادگا رۆژی خوێندنەوەی حوکمەکەی ئاشکرا کرد، لەو کاتەدا تۆماری بکە بۆ ئەوەی لای خوێنەر روون بێت.

١٣- له گواستنەوەی هەواڵ و راپۆرته هەواڵەکاندا، هەوڵ بدە بەشێوەیەکی هاوسەنگ تۆماری بکەیت و بڵاوی بکەیتەوه، نەبیتە لایەنگری لایەك لە بەرامبەر لایەکی دیکەدا[1]. ئەمەش بەزۆری لەو حاڵەتانەدا روودەدات کاتێك که تاوانێکی قێزەون بەرامبەر کەسێکی بێ گوناه کراوه و رۆژنامەنووس لە ناخی خۆیدا پێی وایه که بەڕاستی ئەو کەسەی کارەکەی کردووه، تاوانبارە و شیاوی سزایه، واته لێرەدا نابێت رۆژنامەنووس بەو جۆرە بیر بکاتەوه، بەڵکو دەبێت بێلایەن بێت و چاوەڕێی حوکمی کۆتایی دادگا بکات.

١٤- دەبێت رووماڵکردنی هەواڵی تایبەت بە دادگاکان بەپێی بنەمای (تۆمەتبار بێ تاوانه، تا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوه) بێت،

---

[1] ریچارد کیبل، راهنمایی روزنامەنگاری، ترجمه: مریم تاج فر، انتشارات همشهری چاپ اول، ١٣٧٩ ص٣٣٩، ٣٤٠.

**هەروەها پێداگریی لەسەر سەربەخۆیی دادوەری و پێدانی ئەولەوییەت بەوانە و خۆگرتنەوە لە بڵاوكردنەوەی هەر جۆرە بیروڕا و بۆچوونێك، یا لەسەر نووسینێك كە ئامانجی كاریگەری نواندن بێت لەسەر بڕیاری دادگا پێش دەرچوونی بڕیاری كۆتایی دادگا لەبارەیەوە، هەروەها پابەندبوون بە بڵاوكردنەوەی حوكمی كۆتایی، بەتایبەت گەر هات و ئەو كەناڵە، یا ڕۆژنامەیە، تۆمەتەكانی دژ بەو كەسە كە حوكمی كۆتایی لەسەر دەرچووە، پێشتر بڵاوكردبووەوە.**

**١٥- جوان نیشان نەدانی تاوان یا توندوتیژی، یا هاندان لەسەر ئەو جۆرە كارانە، هەروەها نیشان نەدانی تاوانبار وەك كەسایەتییەكی پاڵەوان، یا پێشكەشكردنی وردەكاریی تاوانەكە.**

**١٦- خۆگرتنەوە لە بڵاوكردنەوەی ناو و وێنەی نەوجەوانی تۆمەتبار، یا ئەوانەی لە تاوانێكی دیاریكراو تێوەگلاون، بەمەبەستی پاراستنی داهاتوویان.**

**١٧- لە حاڵەتی دەرچوونی بێتاوانی كەسێك، پێویستە ڕۆژنامەنووس لەگەڵ باسكردنی ئەم حوكمەدا ئاماژە بە هەواڵەكانی پێشووتر بدات، كە تیایدا ئەو كەسە تۆمەتبار كرابوو بەو تاوانەی كە ئێستا بێتاوانی تیا سەلماوە.**

**١٨ـ دەبێت ئەوپەڕی وریایی بەخەرج بدرێت لە بڵاوكردنەوەی ناو، یا وێنەی كەسانی تۆمەتبار لە مەسەلە ئاساییەكاندا، یاخود ڕێوشوێنی دادوەرییان لە دژ گیراوەتە بەر، مەگەر لەم كارەدا بەرژەوەندی گشتی هەبێت.**

# دیاریکردنی بەرپرسیارێتی
# تاوانکاری لە تاوانی رۆژنامەنووسیدا

لە راستیدا رێکخستنی ئەحکامی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان و دادگاکاندا و لە چوارچێوەی تاوانی رۆژنامەنووسیدا، گرنگی زۆری هەیە، چونکە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری یەکێکە لە کارە قورسەکانی، ئەمەش لەبەر زۆریی ژمارەی ئەوانەی دەچنە نێو پرۆسەی دانان و نووسین و بڵاوکردنەوە و چاپ و دابەشکردن، لەبەر ئەوە بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەو کەسەی بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، هەر بۆیە لەم بوارەدا چەند تیۆرییەك سەری هەڵداوە:

### تیۆری بەرپرسیارێتی هاوکارێتی (التضامنیة):

لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە بەرپرسیارێتی دەستەجەمی، یان (تضامنی) پیادە دەکرێت لە بەرامبەر تاوانی رۆژنامەنووسیدا، ئەمەش تەواوی ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە لە دەزگامیدیاییەکەدا کار دەکەن و پەیوەندیی ئۆرگانیان بە بڵاکردنەوەی هەواڵەکەوە هەیە وەك یەکەیەکی تەواوکار، ئەم تیۆرییە بە سادەترین تیۆری ئەم بوارە دێتە ژماردن و یەکەمین جار لە ماددەی ٢٤ی یاسای ١٧ی ساڵی ١٨١٩ فەرەنسادا هات، بەڵام لە حاڵەتی ئێستادا ئەم تیۆرییە تاڕادەیەك پەسەندە و کاری پێ دەکرێت، چونکە هەرچەند جۆرێك لە ئاسانکاریی دەدات بەدەستەوە دەربارەی لێپرسینەوە و لە هەمان کاتدا ئەوانەشی لەم بوارەدا کاردەکەن زیاتر وشیارانە و بەرپرسیارانە جموجوڵ دەکەن، بەڵام ئەم تیۆرییە جۆرێك لە سانسۆر و پێشێلکاری ئازادیی رۆژنامەنووسی تێدایە[1].

---

[1] دکتر عباس شیخ الاسلامی، جرایم مطبوعات، بررسی تطبیقی سیاست جنایی جمهوری اسلامی ایران و انکلستان، انتشارات جهاد دانشطاهی مشهد، ضاث اول، تابستان ١٣٨٠، ص ١٣٢ .

**تیۆری بەرپرسیارێتی لەسەر بنەمای کەمتەرخەمی (الاهمال):**

بەگوێرەی ئەم تیۆرییە کە ناسراوە بە (سزادان لەسەر بنەمای گوێ پێ نەدان)، بەرپرسیارێتی تاوانکاری تەنها ئەستۆی یەك کەس دەگرێتەوە (نووسەر، خاوەن ئیمتیاز، بەڕێوەبەری بەرپرس، سەرنووسەر یان بەرێوەبەری دەزگا میدیاییەکە یـن بەپرسی ژووری هەواڵ)، ئەمەش وا دەکات سەرجەم ئەوانەی تر کە لە پرۆسەی بڵاوکردنەوەکەدا کاریان کردووە، پارێزراوبن لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری، لە یاسای سویدیدا تەنها بەڕێوەبەری بەرپرس کە لەلایەن خاوەن ئیمتیازەوە دانراوە، بەرپرسیارێتی تاوانکاریی دەکەوێتە ئەستۆی، واتە ئەو ناتوانێت بە بیانووی ئەوەی بابەتە بڵاوکراوەکەی نەخوێندۆتەوە، خۆی دەرباز بکات لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری، ئەم تیۆرەش دوو سوودی هەیە، یەکەم: گەرەنتی ناسینی کەسی بەرپرس دەکات کە بەرپرسیارێتی رەهای دەکەوێتە ئەستۆ. دووەم: مایەی پاراستنی کارمەندانی تری پرۆسەی بڵاوکردنەوەکەیە[1].

**تیۆرییەی بەرپرسیارێتی لەسەر بنەمای ریزبەندی:**

بیرۆکەی ئەم تیۆرییە لەسەر سنووردارکردنی بەرپرسیارێتی لە دیدی یاساوە دامەزراوە، تا بەشێوەیەك رێکیان بخات، بەجۆرێك لێپرسینەوە لەگەڵ کەسێك ناکرێت کە لە پێشییەوە یاسا کەسێکی دیکەی داناوە لە ناو ریزبەندییەکەدا، بۆ نموونە دانەر (نووسەر) بەرپرسیار نابێت کاتێك کە بڵاوکار هەبێت و هەستابێت بە بڵاوکردنەوەی ئەوەی دانەر نووسیویەتی، لەسەر ئەمەش بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە تاوانی بڵاوکردنەوەدا بە ئیستیسنا دادەنرێت لە حوکمە گشتییەکانی یاسای سزادان، کە دەڵێت مرۆڤ بەرپرس نابێت تەنها لەسەر ئەو کارەی نەبێت کە ئیسپات ببێت بە بەڵگەی راستەوخۆوە، کە پێی هەستاوە...[2].

---

(1) دکتر عباس شیخ الاسلامی، المصدر السابق، ص١٣٣.

(2) الدکتور عبدالحمید الشواربی، المصدر السابق، ص٢٢٦، ٢٢٧.

هەندێك لە شارەزایانی بواری یاسایی پێیان وایـە، تیـۆری ریزبەنـدی، زنجیرەیـەك پلەی دیاریکردووە لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاریدا، ئەمانە پێیان وایـە نووسەری بابەتەکە وەك بەرپرسی یەکەم دەدرێتە قەڵەم و لـە ریـزی یەکەمدایـە، بەڕێوەبەر و بڵاوکار لـە ریـزی دووەمدایـە، سـەرجەمی ئەوانـەی تـریش کـە لـە پرۆسەی بڵاوکردنەوەکەدا کاریـانکردووە (تایپیێسـت، هەڵەچـن، پەخشـکار)، لـە ریزەکانی دوای ئەواندان، ئەمـەش نیشاندەری ئەوەیە کـە نووسـەری بابەتەکـە لـە پلەی یەکەمدایە و ئەوانەی تـریش کـە بەشـداری تـاوانی بڵاوکردنەوەکـە بـوون، لەژێر رەحمەتی لێپرسینەوەدان گەر پێویست بکات[1].

هەندێکی تر لە شارەزایانی بواری یاسایی، پێیان وایە بەرپرسیارێتی تاوانکـاریی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتــە ئەسـتۆی سەرنووسـەر، یـاخود نووسـەر و لـە هەمانکاتدا بە حاڵەتێك لـە حاڵەتـەکانی بەرپرسـیارێتی مـاددیی، یـان بابـەتی نایەتە ژماردن، بەڵکو ئەو بەرپرسیارێتییە دروست دەبێت، تەنانەت گـەر بێـت و دانەرەکە بناسێت، یان نا، یاخود ئایا دانەرەکە ئەهلییەتی بەرپرسیارێتی هەبێت، یان نا، یان ئایا سەرنووسەرەکە ئیمزای لەسەر بڵاوبوونـەوەی بابەتەکـە کردبێـت، یان نا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بەرپرسیارێتییە لاناچێت لەسەر بەڕێوەبەری نووسـین گەر بانگەشەی ئەوە بکات کە زانیاری نەبووە لەسەر ئەوەی بڵاوکراوەتەوە، یـاخود لەکاتی بڵاوبوونەوەی بابەتەکەدا لەوێ نەبووە...

بەکورتی دەگەینە ئەو ئاکامەی کە رای شیاو لـە بەرپرسـیارێتی تاوانکـاری لـە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان و دادگاکاندا شتێکی (مفترض) لەسـەر بنـەمای هەڵەی چاوەڕوانکراو دامەزراوە و لە ئەستۆی کەسـەکەدا بەرپرسـیارێتی دروسـت دەکات، تا پابەند بێت و بەرپرسیارێتی ئەو پێشێلکارییانە دەکەوێتە ئەستۆی کـە لــەکاتی ئەنجامــدانی ئەرکەکانیــدا روو دەدات، لــە هەمانکاتــدا مــافی

---

[1] دکتر عباس شیخ الاسلامی، المصدر السابق، ص١٣٢ .

قەرەبووکردنەوەش بۆ زیان لێکەوتوو دەستەبەر کراوە لەو حاڵەتانەی کە ناتوانرێت هۆکاری زیانەکە دیاریی بکرێت...

بەم جۆرە دەگەینە ئەو ئاکامەی کاتێـك بـاس لـە ئیفترازکردنـی بەرپرسـیارێتی تاوانکاری دەکـەین لەسـەر سەرنووسـەر، یـان نووسـەری بـەرپرس، بەرێوەبـەری دەزگاکە یان بەرێوەبەری ژووری هەواڵ بە کارێکی رێپێدراوی دادەنێین، مەبەسـتی یاسادانەر لەوە رەچاوکردنی ئەو حاڵەتەیە کە سەر نووسەر زانیاری هەبووە لەسـەر ئەوەی بڵاودەکرێتەوە لە رۆژنامەکەیدا و ئەو رێگەی داوە بـە بڵاوکردنـەوەی، واتـە ئەوە (قرینة)یەکی یاساییە لەسەر بوونی زانیاری سەرنووسەر لەسەر سەرجەم ئەو شتانەی کە لە رۆژنامەکەی یان دەزگاکەیدا بڵاودەبنەوە کە سەرپەرشـتی دەکـات، هەربۆیە ئەو بەرپرسیارێتییە دروست دەبێت لە بەرەنجامی بـوونی ئـەو زانیارییـە پێشوەختە لای سەرنووسەر کە ئیفترازمان کرووە...[1].

[1] الدكتور عبدالحميد الشواربي، المصدر السابق، ص٢٢٨، ٢٢٩.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

١-الدكتور رمسيس بهنام، قانون العقوبات، جرائم قسم الخاص، النشر (منشأء المعارف) مطبعة سعيد الدكر، الطبعة الاولى، ١٩٩٩.

٢-الدكتور عبدالحميد الشواربي، الجرائم التعبيرية جرائم الصحافة والنشر. الناشر منشأة المعارف، جلال حزي وشركاه، الاسكندرية، طباعة: شركة الجلال للطباعة، سنة ٢٠٠٤.

٣-الاستاذ الدكتور عبدالستار جواد ، فن كتابة الاخبار، دار المجدلاوي للنشر، عمان، الطبعة الاولى، ١٩٩٩.

٤-الدكتوراحمد حامد البدري محمد، الضمانات الدستورية في مرحلة المحاكمة الجنائية، الناشر منشاء المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٢.

٥-المحامي نجاد البرعي، جرائم الصحافة والنشر، المجموعة المتحدة للنشر، القاهرة، ٢٠٠٤.

٦-احمد أمين، شرح قانون العقوبات، قسم الخاص، مكتبة النهضة، بغداد- بيروت، الطبعة الثالثة.

٧-سامان فوزي عمر، مسؤلية الصحفي المدنية عن اخطائه المهنية، دراسة مقارنة، منشورات اتحاد صحفي كردستان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.

٨-شاكر ابراهيم، الاعلام و وسائله ودوره في التنمية الاقتصادية والاجتماعية، مؤسسة آدم للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ١٩٧٥.

٩-طلعت همام، مائة سؤال عن الصحافة، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، الطبعة الثانية، ١٩٨٨.

١٠-خالد بن عبدالعزيز النذير، المسؤلية الجنائية عن جرائم الصحافة في انظمة دول مجلس التعاون الخليجي، رسالة ماجستير قدم الى جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، الرياض، سنة ٢٠٠٦.

١١-الدكتور محمد عبداللطيف عبدالعال، جرائم النشر المضرة بالمصلحة العامة، دارالنهضة العربية، القاهرة، مطبعة النسر الذهبي، ١٩٩٩.
١٢- الدكتور عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، الطبعة الثانية، دار الفكر العربي.
١٣-الدكتور صلاح عزيز، مرشد الصحفيين، من منشورات منظمة ASK، الطبعة الاولي، ٢٠٠٢.
١٤- مقدم د. عبدالمحسن بدوي محمد أحمد، استراتيجيات ونظريات معالجة قضايا الجريمة والأنحراف في الوسائل الأعلام الجماهيري، سنة ٢٠٠٥. جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية/ مركز الدراسات والبحوث، الندوة العلمية للاعلام والأمن.

**دووەم: سەرچاوە فارسییەکان**

١-دکتر عباس شيخ الاسلامی، جرايم مطبوعات، بررسی تطبيقی سياست جنايی جمهوری اسلامی ايران و انکلستان، انتشارات جهاد دانشگاهی مشهد، چاپ اول، تابستان ١٣٨٠.
٢-ريچارد کيبل، راهنمايی روزنامەنگاری، ترجمە: مريم تاج فر، انتشارات همشهری، چاپ اول، ١٣٧٩.

**سێیەم: سەرچاوە کوردییەکان**

١-مالکۆلم ئیف.ماڵیتی، هاوڕێی ڕۆژنامەنووسان، وەرگێڕانی: د. سەلاح عەزیز و بەختیاری حاجی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆژشنبیری بەدلیسی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.
٢-جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٦، سلێمانی.
٣-ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیر، ٢٠٠٦.

**چوارەم: یاساکان**

**١-قانون العقوبات العراقي، رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩و تعديلاتة، الطبعة المنقحة، ٢٠٠٦.**

**٢-قانون اصول المحاكمات الجزائية، رقم ٢٣ لسنة ١٩٧١، ٢٠٠٤.**

**٣-قانون العمل الصحفي في كوردستان، رقم (٣٥) لسنة ٢٠٠٧.**

**پێنجەم: موحازەرەکان**

**١-محاضرات الاستاذ (سامان فوزي عمر) الذي القاه على طلبة كلية العلوم الانسانية، قسم اعلام، المرحلة الثانية بجامعة السليمانية، سنة ٢٠٠٦-٢٠٠٧حول موضوع (نشر اخبار الجرائم والمحاكم).**

**شەشەم: رۆژنامە و گۆڤارەکان**

**١-الدكتور صالح شاكر وتوت، الخبر الصحفي، مجلة (اهل البيت) التى تصدر عن جامعة اهل البيت في كربلاء، العدد الاول، السنة الاولى، ٢٠٠٤.**

**٢-د. أمين بن أحمد المغامسي، قواعد عامة للنشر الاخبار الجرائم والحوادث في الصحف والمجلات، مجلة العربية للدراسات الأمنية والتدريب، كلية نايف العربية للعلوم الأمنية، مملكة العربية السعودية، العدد ٣٤، مجلد ١٧، شهر تشرين الأول، سنة ٢٠٠٢.**

**٣-محمد ابوزيد صحف الجريمة في المصر... بين الواقع والخيال، جريدة الشرق الاوسط، عدد ٩٨٦١، ٢٧/١١/٢٠٠٥.**

**٤-استاذ الدكتور محي الدين عبدالحليم، المشكلة تكمن في اسلوب نشر خبر الجرائم والاحداث، جريدة (الشرق) القطري، عدد الاربعاء ٢٠/٦/٢٠٠٧.**

**حەوتەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

**-محمد عمر، الصحافة والجريمة تغطية تعوزها المهنية وتفتقد خارطة الطريق.**

http:ammannet.net/look/artcle.tp?idpubication=3&Nrlssue=5&nrsection=1&nrartcle=2797&idlanguage=188

**- بشاير عويض الديحاني، اعلام الجريمة هل يؤدي الي الفضيلة ام الرذيلة؟**

wwhttp//www.alforqan.net/link.asp?ine=309&pg= 6t

-مبارك رضوان ،اخبار الجرائم.. مدرسة لجرائم الغد ام عبرة من جرائم الامس،، ٢٠٠٧/٣/٢، www.yemen-press.com

-دراسة اجرتها وزارة الاعلام الكويتية حول (العلاقة بين تزايد اعمال العنف ونشر الجريمة اعلامياً) -page6htm

84kwww.muslimworldleague.or/paper1785/aerteclesg

-فيروز زياني الاعلام العالمي وتغطية اخبار الجرائم، قناة الجزيرة الفضائية، برنامج (كواليس)٢٠٠٦/٩/٢١ الساعة (5.05 GMT).

www.aljazeera.net/nr/excers/a7d6db8-b6e8-4856-8sdb-117efed54928.htm-95kt

-أخلاقيات نشر الجريمة. د. السيد بخيت: -http://www.jadeedmedia.com/2012-04-25-18-40-36/118-2012-04-20-18-42-43.html

# نمونە لەسەر بلاوکردنەوەی هەواڵی تاوان و دادگاکان



"تەزویرو ئیختیلاس" بەسەر قایمقامیەتی شا

ئا: ئاوێنە

بەبێ ئەوەی هیچ فەرمانێکی یاسایی بۆ پێکهێنانیان دەربکرێت، لیژنەیەکی سێ کەسیی قایمقامی قەزای شارەزوور، زیاتر لە٢١٨ ملیۆن دیناری پارێزگای سلێمانی خەرج دەکەن و دیوانی چاودێریی داراییش ئەوە ئاشکرا دەکات، کە لەم خەرجکردنەدا ئیختیلاس و تەزویرو کاری نایاسایی کراوە.

بەپێی راپۆرتێکی ٢٠ لاپەڕەیی دیوانی چاودێری دارایی (سلێمانی) کە وێنەیەکی دەست ئاوێنە کەوتووە، لەدەورو بەری ساڵی (٢٠٠٩)داو لەکاتێکدا

بەبێ فەرمانی یاسایی، قایمقام و لیژنەیەکی سێ کەسی زیاتر لە٢١٨ ملیۆن دیناری پارێزگای سلێمانی خەرج دەکەن



لەسەر "بەرتیل وەرگرتن" بڕیاری دەستگیرکردنی قا

قائیمقامیش ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە

ئا: ئاوێنە

قائیمقامی قەزای سلێمانی، رزگار حەمەسالح بەتۆمەتی بەرتیل وەرگرتن لەلایەن دادگای سلێمانییەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، بەڵام لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوەو دەڵێت من خۆم رۆژی تر خۆم دەچمە بەردەم دادگا.

دوو ئەفسەری گەورەو فەرمانبەرێکی حکومەتو دەلاڵێکی زەوی فرۆشتن دەستگیرکراون، بڕیارە قائیمقامیش دەستگیر بکرێت

(٣١٨) سێشەممە ٢٠١٢/٣/٢٠ | set.awene@gmail.com

# ئاوێنە چیرۆکی دزینی قاسەکەی بازاڕی عەسری لەزاری تۆمەتبارەکانەوە دەگێڕێتەوە



**خۆیانەوە چۆنیەتی دزینی قاسەکە ئاشکرا دەکەنو ئەوەش دەخەنەڕوو "کاتێک قاسەکەیان بینیوە، هەرگیز لەخەیاڵی ئەوەدا نەبوون بۆیان ببرێت".**

ئێوارەی ١٦ی مانگی دووی ئەمساڵ، دوو کەس لەوانەی قاسەکەیان دزیوە ڕێیان دەکەوێتە نزیک سەرای سلێمانیو لەوێ چاویان بەوە دەکەوێت کە چەند دوکانێکی بازاڕی عەسری شوێنی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانییە، بەوتەی خۆیان کاتێک بەیانی دێن بۆ کار "کرێکاری" کاریان دەست ناکەوێت، بۆیە لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەیاندا لەنزیک مزگەوتی گەورە نانی بەیانی دەخۆن "کاتێک نانمان دەخوارد بانگی بەیانی دا" دوای نانخواردن بەرەو بازاڕی عەسری بەڕێدەکەون، بەڵام وەک خۆیان دەیگێڕنەوە، پێشتر "مەی"ـان خواردۆتەوەو ئاگایان لەخۆیان نەبووەو بەبێ پلانی پێشوەخت ڕۆیشتون بۆ دزینی قاسەکە".

کاتێک دەچنە بەردەم بازاڕی عەسری، ٣ کەسیان بەناوەکانی (ب، ف، بەرامبەر چایخانەی شەعبە، دەرابەکە قفڵی پێوە نەبوو، بۆیە بەئاسانی

> **دوای شکاندنی قاسەکەو بینینی سەفتە دۆلارو ٢٥ هەزار دیناریی، تەواوی ماندوبوونەکەیان لەبیر دەچێتەوە**

کاتێک حاجییەک بەلایاندا تێپەڕ دەبێتو سەلامێکی گەرمیان لێدەکات، بەبێ ویستی خۆیان زەردەخەنە دەکەوێتە سەر لێوەکانیان، بەهێمنی وەڵامی سەلامەکە دەدەنەوە، بەو جۆرە تا نزیک مزگەوتی خانەقا بەهۆی ئۆتۆمبیلەکەوە قاسەکە ڕادەکێشن، هەر لەو ناوەداو لەنزیکی مزگەوتی خانەقا قاسەکە لەگەراجێکی ئوتومبیلدا دادەنێن، (س) کە ئۆتۆمبیلەکەی لێخوڕیوە زانیویەتی کە ئەو ئۆتۆمبیلە بەکەڵکی گواستنەوەی قاسەکە نایە، بۆیە ناچار چۆتەوە بۆ ماڵەوە ئوتومبیلەکەی باوکی کە "دووتەنی"یە هێناویەتیو بەو هۆیەوە قاسەکەیان گواستۆتەوە "کاتێک قاسەکەمان بار کرد، نەماندەزانی چەندەی پارە تیایە، دەمانوت لەوانەیە هەر پارەشی تێدا نەبێت، بۆیە لەناو خۆماندا هەریەکەمان دەمانوت کێ دەیکرێتەوە، یەکێکمان وتی من بە ٢٠ گەڵا لێیدەردەچم، یەکێکی تر وتی ١٠ گەڵام بدەنێ من هیچم ناوێت".

پاشان ئەوان بەرەو گەڕەکی هوانەی ئوتومبیلەی بەپارەی قاسە دزراوەکە کڕیبوی، تێکدەچێت، بۆیە دەیباتە لای فیتەرێک، لەوێش برادەرێکی خۆی دەبینێ کە هاوڕێیەتییەکی پتەویان هەبووە، کاتێک برادەرەکەی پارەیەکی زۆری پێوە دەبینێ دەکەوێتە گومان لێی، پاش چەند جارێک پرسیارکردن، ڕاستی ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، برادەرەکەشی داوای لێدەکات "ئەگەر پارەم نەدەیتێ ئاشکراتان دەکەم"، ئەو وتی "هەرچەندە چەند جارێک پارەمان پێدا، بەڵام دواتر هەر ئەو چوبووە لای پۆلیسو ئاشکرای کردین".

دووان لەوانەی لەدزینی قاسەکەدا دەستێکی باڵایان هەبوو، پاش چەند ڕۆژێک لەدزییەکە، بەمەبەستی ڕۆیشتنیان بۆ ئەوروپا بەرەو قەزای زاخۆ دەڕۆن، بەڵام پێش دەرچونیان، شەوێک لەمیوانخانەیەکی شاری زاخۆ لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە دەستگیر دەکرێن، دوای ئەوەش هەموو ئەوانەی دەستیان لەو دزییەدا هەبووە دەستگیر دەکرێن.

ئەوان کە ژمارەیان ٦ کەسە، لەئێستادا

---

خولەکە لەکەرکوک بوو و بۆ ئەو کەسانەیە کەدەچنە ریزی سەربازییەوە.

مادده هۆشبەرەکان لەکەرکوک بەکوردستانی نوێ ی ڕاگەیاند: هەر لەو ماوەیەدا پشکنین بۆ ٢٠٠ دەرمانخانەی بێ مۆڵەتی ڕەسمییو عروبە دوو تۆمەتباریان دەستگیرکرد بەحەبی ڤالیۆم ەوە.

## وەفدێکی کونسوڵخانەی وڵاتەکەی هاتە سلێمانی

# خوێندکارێک مامۆستا ئەمریکییەکەی دەکوژێت

**گۆران عوسمان قەرەداغیو هێمن کەمال**

دوێنێ ٢٠١٢/٣/١ لەقوتابخانەی میدیای نموونەیی لەگەڕەکی کارێزەوشک لەسلێمانی، خوێندکارێک لەنێو خوێندنگەکەیدا مامۆستایەکی کوشت.

زانا حەمەساڵح قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی ڕایگەیاند: ڕووداوەکە هیچ پەیوەندییەکی بەلایەنی ئاینییەوە نییەو بەپێی لێدوانەکان ئەو خوێندکارەو مامۆستایە کێشەیان هەبووە.

ژمارەیەک خوێندکاری هاوڕێی خوێندکارەکە، ئاماژەیان بەوەکرد کەپێشتر دەمەقاڵە لەنێوان خوێندکارەکەی هاوڕێیانو مامۆستاکەدا دروستبووەو دواتر ئەو ڕووداوە نەخوازراوەی لێکەوتۆتەوە، وتیشیان: دوای ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ دەوام لەخوێندنگەکەدا ڕاگیراوەو تاکاتێکی نادیار ناکرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی کوردستانی نوێ، خوێندکارەکە تەمەنی ١٦ساڵەو لەپۆلی ١١ی بنەڕەتییەو کەسێکی باڵابەرزە، مامۆستاکەش ناوی (جێرمایە سمۆڵ)ەو



کاڵی گواسلنەوەی تەرمی مامۆستاکە بۆ پزیشکی دادوەریی سلێمانی — فۆتۆ: حەمە عومەر

لەڕووداوەکەو دەرکەوتنی ئەنجامەکان. نیهایەت محەمەد لەسەنتەری فریاکەوتنی بۆ کراوەو دەرکەوتووە چوار گوللە بەر سەری کەوتووە، وتیشی: بردنەوەی پارێزگای سلێمانی باسی لەوەکرد بەپێی وتەی خوێندکارانی شایەتحاڵی ڕووداوەکە

١٠ (٣١٨) سێشەممە ٢٠١٢/٣/٢٠

# ژنێک لەگەڵ دۆستەکەیدا مێردەکەی کوشت

تا: سارا قادر

شەوی ٢/١٩ لەیەکێک لەشارۆچکەکانی دەوروبەری سلێمانی، کوڕێک کە دۆستی ژنێک بوو، مێردی ژنەکەی خنکاند. پاش تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێک، سەرەتا ژنەکەو دواتر دۆستەکەی خۆیان رادەستی پۆلیس کرد، ئێستا هەردووکیان لەزینداندان.

کیژانی تەمەن ٣١ ساڵ خاوەنی سێ کوڕو کچێکە، ماوەی ١٤ ساڵە شووی کردووە بەپیاوێـک کە بەپێی وتەکانی خۆی "ژیانی لێکردبووە بەدۆزەخ"، بۆیە ٣ ساڵ بەر لەئێستا کوڕێک دەناسێتو دەبێتە خۆشەویستی. بۆ رزگاربوون لەستەمی مێردەکەی، دۆستەکەی بڕیار دەدات مێردەکەی بۆ بکوژێت.

کیژان وەک ژنێکی شێتو بێ ئارام هەوڵی دەدا لەو ماوە کەمەی رۆژنامەنووسەکەی ئاوێنەی لابوو، میلی کاتژمێر بوەستێنێتو هەموو ژیانی خۆی لەو نێو کاتژمێرەدا باس بکات، تا پاساوی ئەوە بهێنێتەوە کە ستەمو "رەفتاری نامرۆییانەی مێردەکەم، وایکرد بەو دەردە بچێت".

ئەو گەڕایەوە بۆ سەرەتای ژیانی، زۆر بەخێرایی باسی منداڵی خۆی کرد، کە ...

... رۆژاندم".

کیژان لەڕووی دەروونییەوە هێندە ماندووە، کە هەندێ لەقسەکانی دەبڕێتو تێکەڵی دەکرد، بەڵام ئەوەی لەبیری نەدەچووەوە رەفتاری خراپو رەزیلی مێردەکەی بووە، وەک باسی دەکات تەنانەت "لەچلەی هاوینیدا بۆ پەرداخێک ئاو کوتراییم دەهاتیو سەعۆڵی نەدەکری".

ئەم ژنە یەک یەک ناوی رێکخراوەکانی ژنانی دەهێنا، کە پەنای بۆ بردوون، بەڵام هیچیان کێشەکەیان نەگەیاندۆتە چارەسەرو نەیانتوانیوە تەلاقی بۆ وەربگرن. تەنانەت رێکخراوێکی ژنان پێیان وتووە "کێشەکەی تۆ مەگەر بەس خودا چارەسەری بکات".

ئەو دەمە کیژان دەستدەکات بەگریان کە ژنێکی گەنج لەلایەن هاوڕێکەیو داکۆکیکارەکانی خۆیەوە بەوجۆرە مامەڵە بکرێو دەڵێت "پێشتر من کەسی خۆیان بوومو چەندانجار لەپەناگەکەیاندا ماومەتەوە، کەچی وا مامەڵەیان لەگەڵ کردم، لەکاتێکدا ئەوان لەژیانی من ئاگادار بوون کە دووجار ئەوتم کردووە بەخۆمداو دراوسێو منداڵەکانم شقارتەکەیان لەدەست فڕاندوومو خۆم نەسووتاندووە".

ژیانی کیژان بەئازارو ئەشکەنجەو سەر شکاندن بەردەوام دەبێت، تا سێ ...

## خەندان، زانیاریی ورد لەسەر خۆکوشتنی قایمقامی شێخان بڵاودەکاتەوە

07:51:13/01/2013

خەندان- سۆران کەریم

خەندان لە رێگەی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك_ەوە ، زانیاری ورد لەسەر هۆکارو چۆنێتی خۆکوشتنی قایمقامی شێخان ئاشکرا دەکات، کە بەپێی زانیارییەکان، پێش خۆکوشتنی ، حەسۆ نەرمۆ هەوڵیداوە بە کارەبا خۆی بکوژێت، بۆ ئەوەی دواتر نەزانرێت خۆی، خۆی کوشتووە

ئەندامێکی پارێزگای دهۆك، کە لەبەر هەستیاری هەواڵەکە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە خەندان-ی ڕاگەیاند قایمقامی قەزای شێخان کە دوێنێ (شەممە 12ی کانوونی دووەم) بە گوللـەیەك لە ناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆیدا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، پێش خۆکوشتنەکەی هەوڵیداوە بە تەزووی کارەبا خۆی بکوژێت، "بۆ ئەوەی نەزانرێت خۆی، خۆی کوشتووەو دوای خۆکوشتنەکەی وادابنرێت، کە کارەبا گرتوویەتی

بەپێی زانیارییەکان، حەسۆ نەرمۆ حسێن، کە جگە لەوەی قایمقامی شێخان بووە، هاوکات کەسایەتییەکی دیاری نێو ئێزیدییەکان بووەو ئەوەی بنەماڵەی ئاغاکانی ناوچەی دهۆکی ئەو ئاینە بووە

ئەندامەکەی پارێزگای دهۆك، وتیشی :"بەپێی ئەو زانیاریيانەی دەستمان کەوتووە، قایمقامی شێخان لە ماوەی پێشوودا بە بەردەوامی هەستیکردووە کە نەخۆشە، بۆیە ترسی ئەوەی لێنیشتبوو کە توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووبێت، پێدەچێت ئەوەش وایکردبێت، خۆی بکوژێت".

تەئکیدیشیکردەوە، دەبوایە دوێنێی کاتژمێر (3:00)ی پاش نیوەڕۆ، قایمقامی شێخان سەردانی پارێزگاری دهۆکی بکردایە بەمەبەستی دووبارە مۆڵەت وەرگرتن بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتی ئوردن بکات بۆ وەرگرتنی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکەی

# ئەو کوڕەی ساڵی پار خوشکەکەی خۆی کوشت لەگرتوخانە هەوڵی خۆکوشتن دەدات

ئەو کوڕەی ساڵی پار خوشکەکەی خۆی کوشتو پاشان تەرمەکەی بەپارچە پارچەکراوی بردو بەسوتاوی لەناوچەی قەرەداغ فڕێیدا، سەرەتای ئەم هەفتەیە لەگرتوخانەی مەعەسکەر سەلام هەوڵی خۆکوشتنی دا.

ئاوێنە، سلێمانی: سەرچاوەیەک بەئاوێنەی راگەیاند کە "نزار ئەحمەد" لەگرتوخانەی مەعەسکەر سەلام هەوڵیداوە بەگوێزان قورگی خۆی ببڕێت بەمەبەستی خۆکوشتن، بەڵام دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە بەچەند تا قورگیان دوریوەتەوەو ئێستا چاودێریدایە.

نزار ناوەڕاستی ساڵی

## گەنجەکەی بەختیاری بۆچی دایك و باوك و خوشکەکەی خۆی کوشت؟

# کوردستانی نوێ، وردەکاریی ڕووداوەکەو هۆکارەکەی ئاشکرادەکات

کوردستانی نوێ،
گۆران عوسمان قەرەداغی و
بەهرۆز قەرەبدون

ئێوارەی 2011/8/15 گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ کە دانیشتوی گەڕەکی بەختیاری شاری سلێمانییە بەناوی (ن.أ. م) دایک و باوک و خوشکێکی خۆی بە فیشەکی دەمانچە کوشت، کوردستانی نوێ لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە تەواوی وردەکاریی ڕووداوەکە دەگەیەنێتە خوێنەرانی.

هاوڕێیەکی نزیکی (ن) کە لەهەمان کاتدا خزمی نزیکیشی و دانیشتووی هەمان گەڕەکە، بۆ کوردستانی نوێ دواو وتی: بەهۆی ڕۆژێک پێش ئەوەی ئەو کارەساتە ڕووبدات، (ن) دایک و باوکی



لەسەرەتادا (ن) بەپێی ... ئەم (ئەم کورە بەبێ ئاگ... ئاپۆزی خانەوادەکەیانی لەگەڵ ... هێناوە، هەروەک بە ڕووداوی ... دوای ئەوەی باوکی لەڕووداوەکە، باوکی ... دیکەشی داوە).

سەرچاوەکەی ئاشکرای کرد کە لە سەرەتاییەکاندا لە بۆچی دایک و باوک کوشتووە (ن) وت ... دایکم و باوکم سەرزە... بێزاریان کردبووم بۆ

دەروونیکی

## له بەرهەمە چاپکراوەکان نووسەر

- شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق
- فەرهەنگی سیاسی سەبا
- پیلان
- لاپەرەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی
- چەمکە پەروەردەییەکانی بانگەواز (وەرگێڕان)
- دەستووری عێراقی ساڵی٢٠٠٥ (ئامادەکردن)
- یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ . (ئامادەکردن)
- لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی
- شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ی سالی ١٩٩١.
- بیبلۆگرافیای یاسا و بریارەکانی پەرلەمانی کوردستان
- المبادئ القانونية في قرارات و فتاوى محكمة الادارية العليا و مجلس شورى الدولة (٢٠١٣-٢٠١٤ -٢٠١٥)